## کرێکارانی جیهان یەکگرن

# کارڵ مارکس و فریدریك ئەنگلس

# بەياننامەی پارتی کۆمونیست

# (مانیفێست)

جەلال دەباغ کردوویە بە کوردی

چاپی یەکەم، ئەڵمانیا، 1996م

چاپی دووەم، سلیمانی-کوردستان2001

چاپی سێیەم لەسەر تۆری ئینتەرنێت(سایتی کوردستانێت)2003/11/21 بلاوکرایەوە

## ڕوونکردنەوەیەك

بۆ یەکەمین جار، ساڵی1967لەدەرەوەی وڵات، بەیاننامەی پارتی کۆمونیستم کردە کوردی، ئەم وەرگێڕانە لە زمانی عەرەبییەوە بوو، بەڵام لەگەڵ وەرگێڕانەکەی هاوڕێ خالد بەگداش و لەگەڵ چاپی(خانەی پێشکەوتن)ی مۆسکۆدا بەراوردم کرد، سەرەڕای بەراوردکردن لەگەڵ چاپی بولگاری و ڕۆمانی.

بەڵام لەبەر هەندێ گیروگرفت تواناى بەچاپ گەیاندنی نەبوو، ئەو دانەیەش کە بڕیاری وەزارەتی ڕاگەیاندنی بەغدای لەسەر بوو، لەگەڵ کلێشەی بەرگ و وێنەکان، لەناو کەل وپەلەکانی ڕۆژنامەی(ڕێگای گەل)دا لەبەغدا لەلایەن ڕژێمەوە دەستیان بەسەرگیرا.

والەسەر ڕۆشنایی ڕەشنوسەکەی، ئەم بەیاننامەیەمان بەچاپ گەیاندو لەڕاستیدا ئەمە یەکەم وەرگێڕانە بۆ زمانی کوردی نەك وەرگێڕانێکی تر ئەگەرچی زووتریش بەچاپ گەیەندرابێ.

لوند- سوید 1993/12/20

جەلال دەباغ

**بەیاننامەی پارتی کۆمونیست هەزار جار زیاتر چاپکراوەو بە حەفتاو و نۆ زمان بلاّوکراوەتەوە. هاوڕێ لینین لە بارەی ئەم بەیاننامەیەوە دەڵێ: (ئەم نامیلکەیە هێندەی پەڕاوێکی گەورە نرخدارە، ناوەڕۆکی ئەم پەڕاوە تا ئێستاش دەگاتە ناو هەموو پرۆلیتاریای ڕێکخراوی خەباتکارو دەیانجوڵێنێتەوە.)**

**لینین- فریدریك ئەنگلس، دانراوەکان- بەرگی دووهەم، لاپەڕە10**

**برای بەڕێز کاك سەلام عەبدوڵا ئیبراهیم ئەرکی چاپکردنی بەیاننامەکەی گرتە ئەستۆ. شایەنی سوپاسە. ج. د**

21.11.2003

**کارگەرانی جیهان یەکگرن!**

**بەیاننامەی پارتی کۆمونیست                                نووسینی: مارکس و ئەنگلس**

**( لەم پەڕاوەدا، بەچەشنێکی بلیمەتانە بیروڕای نوێ دەربارەی جیهان ڕوون و ئاشکرا پیشاندراوە، ماتیریالیزمی راست و درووست کە بواری ژیانی کۆمەلآیەتیش دەگرێتەوە، دیالەکتیک کە فراوانترین و قوڵترین زانستە لەمەڕ پەرەگرتن، تێبینی خەباتی چینایەتی و دەوری شۆڕشگێڕی و مێژویی و جیهانیی پرۆڵیتاریا کە دامەزرێنەی کۆمەڵی تازەی کۆمونیزمە، روونکراونەتەوە...)**

**ف.ئی. لینین**

**ناواخن**

**پێشەکی چاپی ئەڵمانی ساڵی**1872........................ل5
**پێشەکی چاپی روسی ساڵی** 1882.........................8
**پێشەکی چاپی ئەڵمانی ساڵی**1883........................11
**پێشەکی چاپی ئینگلیزی ساڵی**1888......................13
**پێشەکی چاپی ئەڵمانی ساڵی**1890........................ 21
**پێشەکی چاپی پۆڵۆنی ساڵی**1892........................29
**پێشەکی چاپی ئیتالی ساڵی**1893..........................32
**بەیاننامەی پارتی کۆمونیست**........................36
1- **بۆرژوازییەکان و پرۆلیتاریا** ........................54
2- **پرۆلیتاریا و کۆمونیستەکان** ....................... 66
3- **وێژەی سۆسیالیزم و کۆمونیزم** ........................66
1- **سۆسیالیزمی کۆنە پەرەستی** ..................66
ا- **سۆسیالیزمی دەرەبەگایەتی** .........................60
ب- **سۆسیالیزمی وەردە بۆرژوازی** ........................62
ج- **سۆسیالیزمی ئەڵمانی، یاخود سۆسیالیزمی"راستەقینە"** ...64
2- **سۆسیالیزمی(کۆنسێرواتۆر)یان بۆرژوازی** ............68
3- **سۆسیالیزم و کۆمونیزمی(رەخنەگیری خەیاڵاوی)**......69
**هەڵویستی کۆمونیستەکان لە ڕاستی ئەو حیزبە جۆراجۆرانەی بەرنگار وەستان.**
**(واتە لە ئاستی ئۆپۆزیسێونە جۆراوجۆرەکان-وەرگێڕ)**.........74

## پێشەکی چاپی ئەڵمانی ساڵی 1872

"کۆمەڵەی کۆمونیستەکان" کە کۆمەڵەیەکی نێونەتەوەیی کارگەرانە، بەهۆی باری جارانەوە ناچاربوو، کۆمەڵەیەکی نهێنی بێت. لە کۆنگرەی لەندەندا کە لە تشرینی دووهەم(سەرماوەز)ی ساڵی1847دا بەسترا، فەرماندرایە ئەوانەی لە خوارەوە مۆریان کردووە(یانی مارکس و ئەنگلس-وەرگێڕ)کە بەرنامەیەکی(نەزەری و تەتبیقی)دووروو درێژ بە نیازی بلاْوکردنەوە دابنێن. ئەم(بەیاننامەیە)بەم چەشنە دانرا، بەچەند هەفتەیەك پێش شۆڕشەکەی شوبات(ڕەشەمە)[1] دانەیەکم بۆ لەندەن نارد تا لە چاپ بدرێ، یەکەمجار بە زمانی ئەڵمانی بلاْوکرایەوەو زۆرتر لە دوانزە چاپی جیا جیای لە(ئەڵمانیا و ئینگلتەراو ئەمریکا) لێ دەرچوو. دوای ئەوەی خانم(هێلین ماکفێراین) کردی بە ئینگلیزی وبۆ یەکەمجار لەساڵی1850دا لە لەندەن لە رۆژنامەی(رید رێپوبلیکان)دا بلاْوکرایەوە. ساڵی1871 لە ئەمریکا سێ جار زیاتر وەرگێڕانی جیا جیای بە زمانی ئینگلیزی لێ بلاْوکرایەوە.

بۆیەکەمجاریش لە فەرەنسا پێشی شۆڕشی(حوزەیران)پۆشپەڕی1848وەرگێڕانێکی بە زمانی فەڕەنسی لێ دەرکەوت. لەم دواییەدا رۆژنامەی(سۆسیالیست)لە نیویۆرك بلاْوی کردەوە. وا ئێستاش وەرگێڕانێکی تری لێ ئامادە دەکرێت. پاش دەرکەوتنی چاپە ئەڵمانییەکەی بە ماوەیەکی کەم لە لەندەن بە زمانی پۆڵۆنی لە چاپدرا، ئنجا لە ژنێو لەدەورو

[1] / نیاز لە شۆڕشەکەی شوبات(ڕەشەمە)ی ساڵی-1848-ە کە لە فەرەنسا بەرپاکرا.

بەری1870دا بە زمانی روسی لە چاپدراوەو، هەروەها پاش بلأوکردنەوەی گۆڕدرایە سەر زمانی دانمارکی.
سەرەڕای ئەوەی لەم بیست و پێنج ساڵەی دواییدا، رۆژگار زۆر گۆڕدراوە، بەلأم ئەو بیروباوەڕە گشتییانەی لەم(بەیاننامەیەدا) باسکراون تا ئەمڕۆ سەرانسەری هەموویان راستن. هەرچەندە پێویستە هەندێ بەندی دەستکاری بکرێن. بەیاننامەکە خۆی ئەوەی خستووەتەڕوو کە پەیڕەوکردنی ئەم بیروباوەڕانە هەمیشە لەسەر رۆژگارو باری مێژویی کاتێکی تایبەتی وەستاوە، کەواتە پێویست ناکات بەس بە تەنیا بایەخ بدرێتە ئەو کاروبارە شۆڕشگێڕییانەی لە کۆتایی بەشی دووەمدا باسکراون، ئێمە ئەگەر بێین و ئەمڕۆ سەرلەنوێ ئەم بەشە بنوسینەوە، ئەوا لە زۆر رووەوە لە نووسینەکەی پێشوو جیاوازدەبێ. ئەم بەرنامەیە لەهەندێ(خاڵێدا)کۆن بووە، ئەمەش بەهۆی ئەو پێشکەوتنەوەیە کە لەم(25)ساڵەی دواییدا لە پیشەسازی گەورەدا رووی داوە.
لەپاڵ ئەمەشدا چینی کارگەران لە رووی رێکوپێکی حیزبییەوە پێشکەوتووەو بە پلەی یەکەم، بە هۆی ئەو تاقیکردنەوانەوە کە لە شۆڕشکەی شوبات(ڕەشەمە)وە وەدەستکەوتوون، ئینجا بەتایبەتی تاقیکردنەوەکانی کۆمونەی پاریس کە بۆ یەکەمجار ماوەی دوو مانگ دەسەلأتی سیاسی گەیاندە ناودەستی پرۆلیتاریاوە. کۆمونەی پاریس بەتایبەتی ئەوەی سەلماند کە(ناکرێ چینی کارگەران تەنیا بە دەسەلأتگرتن بەسەر دەزگای دەوڵەتداو بەکارهێنانی بۆ ئامانجە تایبەتییەکانی خۆی بەس بکات)[1]

---

[1]/ تەماشای ئەم نووسراوە بکە: Der Bürgekrieg in Frankreich, Adresse des Genaralrates der Internationalen Arbeiterassoziation چاپی ئەڵمانی-ل19...ئەم بیرورایە لەوێدا لە دوورو درێژی روونکراوەتەوە. بڕوانە(شەڕی ناوخۆی فەرەنسا)دانەری کارڵ مارکس. نامەیەك لە ئەنجومەنی گشتیی کۆمەڵەی نێونەتەوەیی ڕەنجکێشانەوە.

گومانی تێدانییە کە ڕەخنەگرتنەکەی لەو وێژەی سۆسیالیزم بۆ ئەمڕۆ ناتەواوەو، تا ساڵی1847بڕئەکات. هەروەها ئەو سەرنجانەی دەربارەی هەڵویستی کۆمونیستەکان لەمەڕ حیزبە جۆراوجۆرەکانی بەربەرەکانی لەبەشی چوارەمدا باسکراون، هەرچەندە لە رووی بیرو باوەڕەوە تا ئەمڕۆش راست و دروستن، بەلاّم دووروو درێژەی ئەو سەرنجانە بۆ ئەمڕۆ کۆن بووە، چونکە باری سیاسی بەتەواوی گۆڕدراوەو، بەرەو پێشچونی مێژو زۆربەی ئەو حیزبانەی تێیدا باسکراون لەناوبرد؟

وێرای هەموو ئەوەش کە باسمانکرد(بەیاننامەکە)بەڵگەیەکی مێژوییە مافی ئەوەمان نییە دەستکاری بکەین. رەنگە لە چاپی ئایندەدا پێشەکییەکی بۆ بنوسین کە بتوانێ ئەو بۆشاییەی نێوان1847و ئەمڕۆ پڕبکاتەوە. بەلاّم ئەم چاپەی ئێستا بەپەلەبوو، ماوەی ئەوەمان نەبوو پێشەکییەکی وای بۆ بنوسین کە ئەم نیازەمان بێنێتە دی.

کارڵ مارکس، فریدریك ئەنگلس-لەندەن 24ی حوزەیران-پوشپەڕی1872.

**پێشەکی چاپی روسی ساڵی1882**

چاپی یەکەمی(بەیاننامەی پارتی کۆمونیست) بە روسی کە باکۆنین وەریگێڕابوو، لەلایەن چاپخانەی(کولوکول)ەوە لە سەرەتای هەفتادا بڵاوکرایەوە*

ئەو کاتە چاپی روسی ئەم دانراوە لە جیهانی رۆژئاوادا هەر هێندەی دانراوێکی وێژەیی سەیرو عەنتیکە شوێن و بایەخی هەبوو. بەڵام ئەمڕۆ ناتواندرێ شتی وا بگوترێ. ئەو کاتەی(بەیاننامەکە)بۆ یەکەمجار لە بەفرانبار(کانونی یەکەم)ی ساڵی 1847دا بڵاوکرایەوە، مەیدانی بڵاوی جوڵانەوەی پرۆلیتاریا زۆر تەنگەبەربوو. ئەوەش بە تەواوی لەبەشی دوایی(بەیاننامەکە)دا دەردەکەوێت. بەشی(هەڵویستی کۆمونیستەکان لە راستی ئەو حیزبە جۆربەجۆرانەی بەرەنگار وەستاون) لەم یەشەدا نە باسی روسیا کراوە، نە باسی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لەوکاتەدا روسیا دوا هێزێکی ئیحتیاتیی گەورەی هەموو کۆنەپەرەستیی ئەوروپا بوو، هەروەها هێزە زیادەکانی پرۆلیتاریای ئۆروپا بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان کۆچیان ئەکرد، ئەو دوو وڵاتە کەرەسەی خاویان ئەدایە ئەوروپاو هەر لەو کاتەشدا ببوونە بازاڕی فرۆشتنی بەروبووی پیشەسازی ئەوروپا. هەردوو وڵاتەکە ببوونە کۆڵەکەی راگیرکردنی رژێمی ئەو سەردەمەی ئەوروپا.

بەڵام ئێستا ئەوە هەمووی بەتەواوی گۆڕدراوەو وەزعی ئەمڕۆ جۆرێکیترە. کۆچکردنی ئەوروپاییەکان توانای دایە ئەمریکای ژورو کە بەم شێوە گەورەیە کشتوکاڵی خۆی پەرەپێبدات، تاوەکو بەربەرەکانی(مزاحمە)کردنی وای لێهات بنچینەکانی موڵکایەتی گەورەو بچوکی زەوی وزاری لە ئەوروپادا لەقکرد. جگەلەوە ئەم کۆچکردنە توانایەکی وایدا بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە زۆر بەهێزو مەزنی لەو سەرچاوە دەوڵەمەندانەی بۆ پیشەسازی هەیانە کەڵکوەربگرن. بەجۆرێك هیچ گومانی تێدا نەمێنێ کە بە خێرایی مۆنۆپۆڵەکانی پیشەسازیی ئەوروپای رۆژئاواو بە تایبەتی ئەوانی ئینگلتەرا لەناوبەرن. ئەم دوو هۆیە، کارێکی شۆڕشگێرانە ئەکەنە سەر ئەمریکا خۆی، موڵکایەتی بچوك و ناوەنجی وەرزێرەکان کە بنکەی هەموو رژێمی سیاسی ئەمریکایە، بەرەبەرە لە

ئەنجامی بەربەرەکانیی کێڵگە گەورەکاندا لەناودەچێت، هەر لەو کاتەدا، بۆ یەکەمجار لەناوچە پیشەسازییەکاندا پرۆلیتاریا زۆر پەرەدەستێنێت، لەپاڵ ئەوەشدا سەرمایە بەچەشنێکی وا کۆ ئەبێتەوە کە لە چیرۆکی ئەفسانە دەچێت.

با ئێستا بێینە سەر باسی روسیا!

کاتێ بەرپابوونی شۆڕشەکەی1848-1849پاشاکان و هەروەها بۆرژوازەکانی ئەوروپا دەست تێوەردانی روسیایان بە تاقە هۆیەك ئەزانی بۆ رزگاربوون لە پرۆلیتاریا کەدەستی کردبوو بە ڕاپەڕین، ئەوان قەیسەریان بە سەرگەورەی کۆنەپەرستی ئەوروپا دائەنا. بەلاَم ئەمڕۆ قەیسەر لە(گاتشینا)** دیلی شۆڕشەو روسیا چۆتە پێشڕەوی جووڵانەوەی شۆڕشگێڕی ئەوروپاوە.

ئامانجی(بەیاننامەی کۆمونیست)ئەوەبوو لەناوچوونی مسۆگەرو لە چارەنووسراوی موڵکایەتی ئێستای بۆرژوازی بخاتە روو. بەلاَم لە روسیادا ئەبینین لەپاڵ ئەوەدا کە سەرمایەداری زۆر بەخێرایی پەرەی سەندووە، بەشی زۆری زەوی و زار موڵکی هاوبەشی وەرزێرانە. کەواتە مەسەلەکە لەوەدایە کە بزانین-ئایا موڵکایەتی هاوبەشی وەرزێرانی روسیا-کە شێوەیەکی زۆر لێکهەڵوەشاوەیە لە موڵکایەتی زەوی و زاری کۆمونیستی سەرەتاییدا- لەتوانادا هەیە راستەوخۆ بگاتە شێوەیەکی بەرز، واتە لە موڵکایەتی زەوی و زاردا بگاتە شێوەی کۆمونیستی؟ یاخود پێویستە لە سەرەتادا ئەو رێگای هەڵوەشانەوەیە بگرێتەبەر کە تووشی پەرەگرتنی مێژوویی رۆژئاواش هات؟.

تاقە وەلاَمێکی ئەم پرسیارە ئەمڕۆ ئەمەیە: ئەگەر شۆڕشەکەی روسیا ببێتە هۆی بەرپابوونی شۆڕشی پرۆلیتاریا لە رۆژئاواداو، هەردوو شۆڕشەکە هەریەکەیان ئەویتریان تەواوبکەن، ئەوکاتە لەتوانادا دەبێ موڵکایەتی هاوبەشی ئێستای زەوی و زار لە روسیادا ببێتە سەرچاوەی پەرەگرتنی کۆمونیستی.

کارڵ مارکس، فریدریك ئەنگلس

لەندەن21ی کانونی دووەم(ڕێبەندان)1882

*ئەو چاپەی باسکراوە ساڵی1869بڵاوکراوەتەوە. لەو پێشەکیەدا کە ئەنگلس ساڵی1888بۆ چاپە ئینگلیزییەکەی نووسیوە، مێژوی بڵاوکردنەوەی ئەم چاپە روسییەی وەرگێڕانی بەیاننامەکە بە هەڵە باسکراوە...
** گاتشینا-یان گاڵچینۆ-ناوی کۆشکێکە لە نزیک پیێترسبۆرگ-وەرگێڕ.

## پێشەکی چاپی ئەڵمانی ساڵی 1883

بۆ بێ بەختی ناچارم هەرخۆم بەتەنیا پێشەکی ئەم چاپە مۆر بکەم، چونکە مارکس، ئەو پیاوەی کە چینی کارگەرانی ئەوروپا و ئەمریکا لەهەموو کەسێکیتر زۆرتر قەرزاربارین، ئێستا وا لە گۆڕستانی(هایگێت)پشو ئەدات و، سەوزەگیا بۆ یەکەمجار لەسەر مەزارەکەی سەریهەڵداوە. پاش کۆچی دوایی مارکس لەتوانادا نییە سەرلەنوێ(بەیاننامەکە) بنوسرێتەوە یان تەواو بکرێت, لەبەر ئەوە وای بە پێویست دەزانم کە جارێکیتریش ئەمەی خوارەوە بخەمە روو. بیری بنچینەیی(بەیاننامەکە)ئەوەیە کە بەرهەمی ئابوری و ئەو پێکهاتنەی کۆمەڵایەتی کە لێوەی دێتە کایەوە لە هەموو سەدەیەکی مێژودا، مێژوی سیاسی و بیری ئەو سەدەیە پێکدەهێنن. لەبەر ئەوە هەموو مێژو(لەدوای هەڵوەشاندنەوەی موڵکایەتی سەرەتایی هاوبەشی زەوی و زارەوە)مێژوی خەباتی نێوان چینەکان بووە: خەباتی نێوان چینە چەوساوەکان و چینە چەوسێنەرەکان، چینە ژێردەستەکان و چینە دەسەڵاتدارەکان، لەهەموو پلەیەك بەرەو پێشچوونی کۆمەڵایەتیدا.

ئەم خەباتە گەیشتۆتە پلەیەکی چینی چەوساوەی ماندوبووی(پرۆلیتاریا) هەرگیز ناتوانێت لە ئاگری ئەو چینەی ئەیچەوسێنێتەوەو ماندووی دەکات(کە چینی بۆرژوایە) خۆی رزگار بکات، بەبێ ئەوەی هەر لەوکاتەشەدا تاهەتایە هەموو کۆمەڵ لە چەوسانەوەو ماندویەتی و، لە خەباتی چینایەتی رزگار نەکات. ئەم بیرە بنچینەییەی لە(بەیاننامەکەدا) باسکراوە بەتەواوی لەلایەن(مارکس)ەوە دانراوەو بەتەنیا ئەو خۆی خاوەنییەتی.*

من زۆرجار ئەمەم وتووە، بەلام وا پێویست دەکات ئێستاش جارێکیتر لەسەرەتای بەیاننامەکەدا جێگیر بکرێتەوە.

فریدریك ئەنگلس

لەندەن28ی حوزەیران(پوشپەڕ)ی1883

* ئەم بیرە-وەکو خۆم لە پێشەکی چاپی ئینگلیزیدا باسمکردوە-لەو باوەڕەدام کە تێبینی داروین لە زانستی بایولۆژیادا چ تەئسیرێکی هەیە، ئەمیش لە زانستی مێژودا ئەو تەئسیرەی هەیە. ئێمە هەردوکمان بەیەکەوە، چەند ساڵێك پێش1845بەرەبەرە لەو بیرە نزیك بووینەوە، من لە پەڕاوەکەمدا(بارگوزەرانی چینی کارگەران لە ئینگلتەرا) زۆر بەروناکی پیشانمداوە کە تا چ رادەیەك بەو رێڕەوەدا رۆیشتوم. بەڵام کاتێك سەرلەنوێ بەهاری1845لەبرۆکسل بە مارکس گەیشتم، ئەو دانانی ئەم بیرەی تەواو کردبوو، ئەتوانم بڵێم وەك چۆن من لێرەدا باسم کردووە بەو چەشنە بەڕوونی بۆی باسکردم.(سەرنجی ئەنگلس لە چاپی ئەڵمانی ساڵی1890)

## پێشەکی چاپی ئینگلیزی ساڵی 1888

(بەیاننامەکە)بریتی بوو لە پرۆگرامی(کۆمەڵەی کۆمونیستەکان). ئەم کۆمەڵەیە لە سەرەتادا یەکێتی رەنجکێشانی ئەڵمانیا بوو، پاشان بووە رێکخراوی کارگەرانی نێونەتەوەیی و بە ناچاری هەر ئەبوو رێکخراوێکی نهێنی بێت.

لە کۆنگرەی ئەو کۆمەڵەیەدا کە لەمانگی تشرینی دووم(سەرماوز)ی ساڵی1847دا لە لەندەن پێکهات، لە مارکس و ئەنگلس داواکرا بەنیازی بڵاوکردنەوەی پڕۆگرامێکی(نەزەری و تەتبیقی) دوورو درێژ بۆ حیزب ئامادە بکەن.

تەواوی بەیاننامەکە لە ئەڵمانیا لە مانگی دووەم(ڕێبەندان)ی ساڵی1848دا نوسراو چەند هەفتەیەك پێش ئەوەی شۆڕشەکەی24ی شوبات(ڕەشەمە)لە فەرەنسا روو بدات، روو نووسەکەی بەزمانی ئەڵمانی نێردرایە لەندەن. لەشاری پاریس کەمێك پێش راپەڕینەکەی مانگی حوزەیران(پوشپەڕ)ی ساڵی1848وەرگێڕدراوەکەی بە زمانی فەرەنسایی بڵاوکرایەوە. لەساڵی 1850دا یەکەم وەرگێڕاوی بەزمانی ئینگلیزی کە لەلایەن خانم(هێلین ماکفێرلین))ەوە وەرگێڕدرابوو لە رۆژنامەی(رێد ریپۆبلیکان)دا کە(جیۆرج یولیان هارنی) خاوەنی بوو، لە لەندەن بڵاوکرایەوە. هەروەها وەرگێڕاوەی بەزمانی دانمارکی و پۆڵۆنیش بڵاوکرایەوە.

ژێرکەوتنی راپەڕینەکەی پاریس لەساڵی1848دا، ئەو راپەڕینە کە یەکەم جەنگێکی گەورەی نێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوا بوو، سەرلەنوێ بۆ ماوەیەك داخوازییەکانی مەیدانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی چینی کارگەرانی ئەوروپای خستەلاوە. هەر لەو کاتەدا وەك جارانی پێش شۆڕشەکەی ڕەشەمە بەتایبەتی لە نێوان دەستەو تاقمە جیاجیاکانی چینی موڵکدارەکاندا لە پێناوی دەسەڵاتداریدا خەبات دەستی پێکردەوە.

چینی کارگەرانیش ناچاربوو لە پێناوی ئازادی ئیش وکاری سیاسیدا خەبات بکات و هەڵویستی ئەوپەڕی بەرەی چەپی رادیکاڵەکان -کە نوێنەرانی چینی ناوەڕاست بوون- بگرێتەبەر. لەهەر شوێنێکدا نیشانەی ژیان لە جولانەوە سەربەخۆکانی پرۆلیتاریادا دەرکەوتایە بە چەشنێکی سەخت و بێ بەزەیی لەناو دەبران. بەو جۆرە پۆلیسی پرۆسیا کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی کۆمونیستەکانیان لەناو برد، نیشتەجێی کۆمیتەی ناوبراو ئەوکاتە لە(کویلن)بوو.

ئەندامەکانی گیران و پاش هەژدە مانگ بەندی، لە تشرینی یەکەم(خەزەڵوەڕ)ی 1852دا درانە دادگا. ئەم(دادگایی کردنە بە ناوبانگەی کۆمونیستەکان لە کوێلن) لە رۆژی4ی تشرینی یەکەم(خەزەڵوەڕ) تا تشرینی دووەم(سەرماوەز)درێژەی کێشا. حەوت کەس لە گوناهبارکراوەکان لە 2تا6ساڵ بەندی گران حوکم دران.

دەستبەجێ پاش حوکمەکە ئەندامەکانی تر کە نەگیرابوون، بەرەسمی کۆمەڵەکەیان هەڵوەشاندەوە. لەو کاتەدا وا دەرکەوت کە(بەیاننامەکە) لەبیرچۆتەوە.

کاتێك چینی کارگەرانی ئەوروپا ئەوەندە هێزی کۆکردەوە کە بتوانێ بۆ سەر چینەکانی فەرمانڕەوا هێرشی تازەی پێبەرێت، ئەوکاتە کۆمەڵەی نێونەتەوەیی کرێکاران دامەزرێنرا.[1] بەلام ئەم کۆمەڵەیە کە راستەوخۆ مەبەستی ئەوەبوو هەموو پرۆلیتاریای تێکۆشەر لە ئەوروپا و ئەمریکادا مۆڵبدات و لەیەك رێکخراوی یەکگرتوودا کۆیان بکاتەوە. لەسەرەتادا نەیتوانی بیروباوەڕی(بەیاننامەکە)بلاوبکاتەوە. لەسەر کۆمەڵی نێونەتەوەیی پێویست بوو پرۆگرامێکی ئەوەندە بەرین و فراوانی ببێت کە نەقابەکانی ئینگلیزو

---

[1]/ نیاز لەم کۆمەڵەیە ئەنتەرناسیۆنالیزمی یەکەمە -وەرگێڕ.

لایەنگیرانی(پرۆدۆن)لە فەرەنسا و بەلجیکاو ئیتالیاو ئیسپانیاو لاسالییەکانی ئەڵمانیا پێی قایل بن.[1]

مارکس خۆی بە جۆرێك بەیاننامەکەی نووسی تا ئەم حیزبانە قایل بکات، بڕوایەکی تەواویشی بە پەرەسەندنی رۆشنبیری چینی کارگەران هەبوو، هەر ئەبوو هاوکاری و ئاڵوگۆڕکردنی بیروباوەر ئەو پەرەگرتنەی ئەنجام بێت. رووداوەکان و ئەو بەسەرهاتانەی تووشی خەباتی دژی سەرمایەبوون، هەروەها ئەو هەموو ژێرکەوتنانەی زۆر لەسەرکەوتنەکان زیاتر بوون و تووشی هاتن، بوونەهۆی رونکردنەوەی کەم و کورتی و ناتەواوی ئەو چارکردنانەی خەڵکی بە باشترین رێگاو بەدەرمانی هەموو دەردێکیان دەزانین و، رێگەشیان لەرووی تێگەیشتنێکی تەواوی مەرجە راستییەکانی رزگاربوونی چینی کارگەراندا ئاواڵەکردەوە، کاتێك لە ساڵی1874دا کۆمەڵەی نێونەتەوەیی هەڵوەشایەوە ئەوکاتە حاڵی کارگەران بە جۆرێکی زۆر جیاوازبوو لەحاڵی سەردەمی دامەزراندنی کۆمەڵە لەساڵی1864دا.

پرۆدۆنیزم لەفەرەنساداو لاسالیزم لە ئەڵمانیادا بەرەو مەرگ دەچوون، تا نەقابەکانی کۆنسرواتۆری ئینگلیز هەرچەند زۆربەیان ماوەیەکی زۆر لەوەوبەر لەگەڵ نێونەتەوەیی پەیوەندییان پساندبوو، بەرە بەرە رووەو ئەو هەڵویستە دەچون کە ئەوەبوو بەوجۆرە سەرۆکی کۆنگرەکەیان ساڵی رابوردو لە(سوانسی) بە ناوی خۆیانەوە گوتی: (ئیتر لەمەولا سۆسیالیستی کیشوەری نامان ترسێنێت). لەراستیدا بیروباوەڕی(بەیاننامەکە) تا رادەیەکی زۆر لەناو ریزەکانی کارگەرانی هەموو وڵاتاندا بڵاوبووبۆوە. بەم چەشنە سەرلەنوێ(بەیاننامەکە)جێگای

---

[1]/ لاسال خۆی هەموو جارێك پێی ئەوتین کە قوتابیی مارکسە، لەبەرئەوە لە چوارچێوەی(بەیاننامەکە)دا لە ساڵانی1863-1864دا لەوە زیاتر نەئەرۆیشت کە داوای ئەکرد کۆمەڵەی بەرهەمهێنانی هەرەوەزی دروست بکرێت و دەوڵەت پشتیوانی و کۆمەکیان بکات و قەرزیان بداتێ.(ئامۆژگاری ئەنگلس)

پێشەنگی گرتەوە. لەساڵی1850 بەدواوەوە رونووسی ئەڵمانی بەیاننامەکە چەند جارێك لە سویسرا و ئینگلتەراو ئەمریکا چاپکرایەوە. لەساڵی1883دا لە نیویۆرك سەرلەنوێ وەرگێڕدرایە سەر زمانی ئینگلیزی و لە رۆژنامەی(ود هولْ ئاند کلافلنس ویکلی) دا بڵاوکرایەوە. لەم وەرگێڕدراوە ئینگلیزییەوە کرایە فەرەنسی و لە رۆژنامەی(سۆسیالیست) دا بڵاوکرایەوە.

پاش ئەوە لە ئەمریکا بەلایەنی کەمەوە دوو وەرگێڕانی بە زمانی ئینگلیزی لێ بڵاوکرایەوە کە تا رادەیەك شێوێندرابوو، دانەیەکیان سەرلەنوێ لە ئینگلتەرا چاپکرایەوە. یەکەم وەرگێڕانێکی روسی کە لە لایەن(باکۆنین)ەوە وەرگێڕدرابوو، لە دەوروبەری ساڵی1862دا لەلایەن چاپخانەی(کولوکول)ەوە کە هی(هێرتسن)بوو لە ژنێف بڵاوکرایەوە. هەروەها لە ژنێف لە ساڵی 1882دا وەرگێڕاوێکیتری بە روسی بڵاوکرایەوە کە ئافرەتی قارەمان(ڤێرا زاسۆلیچ)[1]وەریگێڕابوو. پاشان چاپێکیتری بە زمانی دانمارکی لە کۆپنهاگن ساڵی1886لە(سۆسیال دیموکراتیك بیبلیۆتێك)دا دەرکەوت. وەرگێڕاوێکی تازەی بەفەرەنسی لە(سۆسیالیست)دا لە پاریس ساڵی1885 لە چاپدرا. لەم وەرگێڕاوە فەرەنسییەوە ساڵی1886لە مەدرید بۆ سەر زمانی ئیسپانی وەرگێڕدرا. پێویست بەوە ناکا چاپە ئەڵمانییەکانی بژمێرین، هەمووی بە گشتی گەیشتە12چاپ. چەند مانگێك لەمەوبەر لە ئەستەمبولْ بەزمانی ئەرمەنیش بۆ چاپکردن ئامادەکرا، بەڵام ئاگادار کرام کە چاپ نەکراوە، چونکە کابرای خاوەن چاپخانە نەیوێرابوو پەڕاوێك ناوی مارکسی لەسەربێ بڵاوبکاتەوە، وەرگێڕیش قایل نەبوو پەڕاوەکە بەناوی خۆیەوە وا بڵاو بکاتەوە کە گوایە دانراوی خۆیەتی. بیستم کە بەرەودوا بۆ چەند زمانێکیتریش وەرگێڕدراوە، بەڵام خۆم نەمدیون.

---

[1]/ ئەنگلس خۆی لەکورتەی وتاری(پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی لە روسیا)راستییەکی باسکردبوو کە خاوەنی ئەو وەرگێرانە(پلیخانۆڤە).

بەم چەشنە ئەبینین مێژوی(بەیاننامەکە) تا رادیەکی زۆر مێژوی جولآنەوەی ئێستای کارگەران ئەخاتە روو. گومانی تێدا نییە ئێستا لە هەموو چاپکراوێکی دیکەی سۆسیالیستی زۆرتر بلآوبۆتەوەو لەهەموویان زۆرتر نێونەتەوەییە، پرۆگرامی گشتی ملیۆنان کارگەرە، هەر لە سیبریاوە تا دەگاتە کالیفۆرنیا. وێرای ئەوەش کاتێك نووسیمان، نەمانتوانی ناوی بنێین(بەیاننامەی سۆسیالیست). لە سالی1847دا لەلایەکەوە ناوی سۆسیالیست، لەلایەنگرانی هەموو جۆرە رژێمێکی خەیالی نرابوو. بەتایبەتی ئۆوینیستەکان لە ئینگلتەراو فۆریێرستەکان لە فەرەنسا کە هەردوو لایان ببوونە دەستەیەکی کەلاکەوتوو، تەنگەبەرو، بەرە بەرە روو لەناوچوون دەرۆیشتن. لەلایەکیتریشەوە شەرلاتانی ناو کۆمەڵ[1] لەهەموو جۆرە شێوەوبابەتێك سۆسیالیستیان پێ دەوترا، ئەوانەی بەهەموو شێوەیەکی چەواشەکردن و کەڵەکبازی بەڵێنیان ئەدا زوڵم و زۆری کۆمەلآیەتی لەناوبەرن، بێئەوەی لەسەرمایەو لە قازانج زیان بدرێ.
لەهەردو حاڵەتدا ئەو کەسانە هەمویان، لەدەرەوەی جولآنەوەی چینی کارگەراندا وەستابوون و لە توێژە(رۆشنبیرەکان) چاوەروانی یارمەتی و پشتوانیان دەکرد. بە پێچەوانەی ئەمانەوە بەشێکیتری چینی کارگەران لەوباوەرەدابوون کە کودەتای سیاسی بەس نیە، ئەم بەشە بۆ پێکهێنانی ئالوگۆرێکی بنەرەتی و تەواوی کۆمەلآیەتی هەوڵیان ئەدا. ئەو کاتە ئەمانە بە کۆمونیستەکان ناویان دەبرا.
کۆمونیستی ئەمانە هێشتا پێنەگەیشتوو، سروشتی بوو. بەلآم لە نوختەی بنەرەتی نزیك ببوونەوە، لە ریزەکانی کارگەراندا ئەوەندە بەهێزبوون بتوانن کۆمونیستی خەیالی پێکبێنن، لە نموونەی کۆمونیستی(کابە)لە فەرەنساو، کۆمونیستی(ڤایتلینگ) لە ئەڵمانیا. بەم چەشنە سۆسیالیزم لەسالی 1847دا جولآنەوەیەك بوو لە جولآنەوەکانی بۆرژواو، کۆمونیزم جولآنەوەیەك بوو لە جولآنەوەکانی چینی کارگەران.

---

[1]/ مەبەست لە چلوچۆکەر یا کەڵەکباز یا جامبازەکانی ناو کۆمەڵە -وەرگێر.

سۆسیالیزم بەلانی کەمەوە لە(ئەوروپا)دا ڕێزو حورمەتی ئەگیرا. بەڵام کۆمونیزم بەتەواوی بەپێچەوانەوە. جا لەبەر ئەوە ئێمە هەر لەسەرەتاوە لەو باوەڕەدابووین کە (رزگاربوونی چینی کارگەران تەنیا لەلایەن چینی کارگەران خۆیەوە دێتەدی) هیچ دوودڵ نەبووین لەهەڵبژاردنی یەکێك لەو دوو ناوە، جگە لەوە هەر لەوکاتەوە تا ئێستا هیچ بەبیرماندا نەهاتووە لەم ناوە دەست بەردەین.

هەرچەندە بەیاننامەکە بەرهەمی ڕەنجی هەردوکمانە، بەڵام بەئەرکی خۆمی دەزانم کە بڵێم بیروباوەڕی بنچینەیی، واتە کاکڵ و ناوەڕۆکی ئەم بەیاننامەیە زادەی بیری مارکسە، ئەو بیرەش ئەمەیە:

شێوەی ئابوری بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕو، ئەو ڕێکوپێکییەی کۆمەڵایەتی کە لێوەی دێتە کایەوە لە هەموو سەدەیەکی مێژوییدا بریتین لەبناغەی دامەزراندنی مێژوی سیاسی و بیریی ئەو سەدەیەو بەهۆی ئەو بناغەیەوە دەتوانرێ سەدەکەش خۆی روون بکرێتەوە. لەبەر ئەوە هەموو مێژوی مرۆڤایەتی(هەر لەدوای هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵی سەرەتایی خێڵەکی و موڵکایەتی هاوبەشی زەوی و زارەوە)مێژوی خەباتی نێوان چینەکان بووە، خەباتی نێوان چینە چەوسێنەرەکان و چەوساوەکان، چینە دەسەڵاتدارەکان و چینە ژێردەستەکان، مێژوی ئەم خەباتانەی چینایەتی چەند پلەیەکی بەرودوا پێکدەهێنن کە ئەمرۆ گەیشتۆتە پلەیەك، چینی چەوساوەو ژێردەستە کە پرۆلیتاریایە ناتوانێ لە ئاگری چینی چەوسێنەرو دەسەڵاتدار کە بۆرژوازیە خۆی رزگاربکات. ئەگەر هەر لەوکاتەشداو تا هەتایە تەواوی کۆمەڵ لەهەموو جۆرە چەوسانەوەو ژێردەستی و لە هەموو جیاوازییەکی چینایەتی و لە خەباتی چینایەتی رزگار نەکات. لەو باوەڕەدام کە تێبینی داروین لەزانستی بایۆلۆژیدا چ تەئسیرێکی هەیە، ئەم بیرەش لە زانستی مێژودا تەئسیرێکی وای هەیە. هەردوکمان پێکەوە چەند ساڵێك پێش ساڵی1845بەرە بەرە لەم بیرە نزیك بووینەوە، من لە پەڕاوی(حاڵەتی چینی کارگەران لە ئینگلتەرا)دا زۆر بە روناکی پیشانمداوە کە تا چ رادەیەك بەو

ڕێڕەوەدا ڕۆیشتوم. بەلأم کاتێك سەرلەنوێ لە بەهاری ساڵی1845لە برۆکسل بە مارکس گەیشتم، ئەو دانانی ئەو بیرەی تەواوکردبوو، ئەتوانم بڵێم چۆن من لێرەدا باسم کردووە بەو چەشنە بە روونی بۆی باسکردم.
لەو پێشەکییەدا کە هەردووکمان پێکەوە ساڵی1872بۆ چاپی ئەڵمانی نوسیومانە وتراوە: سەرەڕای ئەوەی کە لەم بیست و پێنج ساڵەی دواییدا رۆژگار زۆر گۆڕدراوە، بەلأم ئەو بیروباوەڕە گشتییانەی لەم(بەیاننامەیەدا)باسکراون تا ئەمڕۆ سەرانسەر هەموویان راستن، هەرچەندە پێویستە هەندێ بەندی دەستکاری بکرێن.
بەیاننامەکە خۆی ئەوەی خستۆتەروو کە پەیڕەوکردنی ئەم بیروباوەڕانە هەمیشە لەسەر رۆژگارو باری مێژویی کاتێکی تایبەتی وەستاوە، کەواتە پێویست ناکات بەس بایەخ بدرێتە ئەم کاروبارە شۆڕشگێڕییانەی لەکۆتایی بەشی دووەمدا باسکراون، ئێمە ئەگەر بێین و ئەمڕۆ سەر لە نوێ ئەم بەشە بنووسینەوە، ئەوا لە زۆر رووەوە لە نووسینەکەی پێشو جیاواز دەبێ، ئەم بەرنامەیە ئەمڕۆ لەزۆر نوختەیدا کۆن بووە، ئەمەش بەهۆی ئەو پێشکەوتنەوەیە کە لەم بیست و پێنج ساڵەی دواییدا لە پیشەسازی گەورەدا روویداوە.
لە پاڵ ئەمەشدا چینی کارگەران لەرووی رێکوپێکی حیزبییەوە پێشکەوتووە و بە دەرەجەی یەکەم بەهۆی ئەو تاقیکردنەوانەوە کە لە شۆڕشەکەی شوبات (ڕەشەمە)وە دەستکەوتون ئنجا بەتایبەتی تاقیکردنەوەکانی کۆمونەی پاریس کە بۆ یەکەمجار ماوەی دوو مانگ دەسەلأتی سیاسی گەیاندە ناودەستی پرۆلیتاریاوە.
کۆمونەی پاریس بەتایبەتی ئەوەی سەلماند کە(ناکرێ چینی کارگەران تەنیا بەدەسەلأتگردن بەسەر دەزگای دەوڵەتداو بەکارهێنانی بۆ ئامانجە تایبەتییەکانی خۆی بەس بکات).
گومانی تێدا نییە کە رەخنەگرتنەکەی لە وێژەی سۆسیالیزم بۆ ئەمڕۆ ناتەواوەو تا ساڵی1847بڕ ئەکات، هەروەها ئەو سرنجانەی دەربارەی هەڵویستی

کۆمونیستەکان لەمەڕ حزبە جۆربەجۆرەکانی بەرهەڵستکاری لەبەشی چوارەمدا باسکراون، هەرچەند لەرووی بیروباوەڕەوە بە تێکڕایی تا ئەمڕۆش راست و دروستن، بەڵام درێژەی ئەو سرنجانە بۆ ئەمڕۆ کۆن بووە، چونکە باری سیاسی بەتەواوی گۆڕدراوەو، بەرەوپێشچوونی مێژو زۆربەی ئەو حیزبانەی تێیدا باسکراون لەناوبرد.
وێرای هەموو ئەمانەش کەباسمانکردن(بەیاننامەکە) بەڵگەیەکی مێژوییە، مافی ئەوەمان نییە دەستکاری بکەین).
ئەم وەرگێڕانەی ئێستا وا لەبەردەستایە لەلایەن بەڕێز(ساموئیل مۆر)ەوە وەرگێڕدراوە، ناوبراو وەرگێڕی بەشی زۆری پەڕاوی(سەرمایە)شە کە مارکس نووسیویەتی. ئێمە هەردوکمان پێکەوە چاومان بەم وەرگێڕاوەدا گێڕایەوەو من هەندێ ئامۆژگاریی مێژوییم بەمەبەستی روونکردنەوە لێ زیاد کرد.

فریدریك ئەنگلس
لەندەن30ی کانونی دووەم1888

# پێشەکی چاپی ئەڵمانی ساڵی 1890

لەوکاتەوە ئەو پێشەکییەم نووسیوە[1]، دەرکردنی چاپێکی تازەی(مانیفێست) بەزمانی ئەڵمانی بۆتە کارێکی پێویست. لێرەدا ئەوە گرنگە باسی ئەو رووداوانە بکەین کە پەیوەندییان بە(بەیاننامەکە)خۆیەوە هەیە:

لەساڵی1882دا لە ژنێڤ چاپێکی دووەمی بە زمانی روسی دەرچوو کە ڤێرا زاسۆلیچ وەریگێڕابوو، ئێمەش، مارکس و خۆم پێشەکیمان بۆ نووسی بوو. بۆ بێبەختی دەسنووسی ئەم پێشەکییەم لێونبوو کە بە ئەڵمانی نووسرابوو، بۆیە ناچارم سەرلەنوێ لە زمانی روسییەوە بیگۆڕم کە چ سودێکی بۆ دەقەکە نابێ[2] ئەمەش ئەو پێشەکییەیە:

یەکەمین چاپی روسی(بەیاننامەی حزبی شیوعی) کە باکۆنین کردوویە بە روسی لە چاپخانەی(کولوکول) لە ساڵانی یەکەمی هەفتاکاندا دەرکرا.

ئەو کاتە لە دنیای رۆژئاوادا شوێن و بایەخێك بەم چاپەی روسیی(بەیاننامەکە) نەدەدرا، کە زیاتربێ لەو بایەخەی بەبەرهەمێکی وێژەیی دەدرێ، بەڵام ئەمڕۆ ناکرێ ئەو چەشنە باوەڕەی لەسەر بگوترێ.

---

[1]/ مەبەستی ئەنگلس لە پێشەکی چاپی ئەڵمانی ساڵی1883بوو...

[2]/ ئەم دانەیە پاشان دۆزرایەوە، وا لە ئەرشیڤی پەیمانگەی مارکسیزم-لینینیزم، سەر بە کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمونیستی یەکێتیی سۆڤییەت پارێزراوە.

لەکاتی دەرچونی یەکمجاری(بەیاننامەکە)دا لەکانونی یەکەم(دیسەمبەری ساڵی1847دا بواری بەربلاوی بزوتنەوەی پرۆلیتاریا زۆر تەنگەبەربوو، ئەمەش بە تەواوی لەدوابەشی(بەیاننامەکە)دا دەردەکەویٚ کە ئەمەیە:

هەڵویستی کۆمونیستەکان لە راستی ئەو حزبە جۆر بە جۆرانەی بەرەنگار وەستاون)و لە دواییدا نە باسی روسیاو نە باسی ولاٚتە یەکگرتووەکان کراوە. لەو سەردەمەدا روسیا دواهێزی ئیحتیاتیی گەورەبوو بۆ تەواوی کۆنەپەرستی ئەوروپایی، هەروا کۆچکردن بۆ ولاٚتە یەکگرتووەکان دەبووە مایەی هەڵلوشینی هێزی زیادەی پرۆلیتاریای ئەوروپا. ئەم دوو ولاٚتە کەرەستەی خاویان بۆ ئەوروپا دەناردو هەر لەوکاتەشدا بازاڕێکیان خستبووە پێشی بۆ سەرفکردنی بەرهەمە پیشەسازییەکانی. لەبەر ئەوە هەر یەکەیان، بەم یان بەو شێوەیە، ببوونە کۆڵەکەی رژێمی دامەزراوی ئەوروپا.

ئێستە ئەمە هەمووی زۆر گۆڕدراوە! کۆچکردن لە ئەوروپاوەبوو، یاریدەی ئەمریکای باکوری دا کە بەشێوەیەکی زۆر مەزن کشتوکاڵەکەی پەرەپێبدا، تا گەیشتە رادەیەك ئەم کشتوکاڵە لە رێگەی رقەبەرییەوە بنچینەی موڵکایەتی گەورەو بچوکی زەوی وزار لە ئەوروپادا شلۆق بکا. هەر ئەم کۆچکردنەش بوو کە کارێکی وایکرد ولاٚتە یەکگرتووەکان بتوانیٚ بە پلەو کۆششێکی وا سامانی زۆری پیشەسازی بەکاربێنیٚ کە لە ماوەیەکی کورتدا رادەیەك بۆ مۆنۆپۆلی پیشەسازی ئەوروپای خۆرئاواو بە تایبەتی بۆ ئینگلتەرا دابنیٚ. ئەم دوو هۆکارەش بەدەوری خۆیان، کارێکی شۆڕشگێڕانە دەکەنە سەر ئەمریکاش خۆی و، موڵکایەتی بچوك و ناونجی جوتیاران، کە بنکەی تەواوی رژێمی سیاسیی ئەمریکایە، رۆژ لەدوای رۆژ زۆرتر رقەبەریی کێڵگە گەورەکانیان بەسەردا زاڵدەبیٚ، لە کاتێکدا لە ناوچە پیشەسازییەکاندا بۆ یەکەمجار پرۆلیتاریا بە ژمارەیەکی زۆر پەیدادەبیٚ و، سەرمایەش بە چەشنێك کۆدەبێتەوە کە لە چیرۆکی ئەفسانەیی دەکا.

با ئێستا بێینە سەر باسی روسیا! کاتی شۆڕشەکەی1848-1849، پاشاکان و هەروا بۆرژوازییەکانی ئەوروپا، دەستێوەردانی روسیایان بەتاقە رێگەی

رزگاربوون له پرۆلیتاریا دەزانی که بەرەو راستبوونەوە هەنگاوی دەنا، رایاندەگەیاند که قەیسەر سەرگەورەی کۆنەپەرستییە له ئەوروپادا. بەلاّم ئەمڕۆ قەیسەر وا له گاتشینا بەدیلگیراوی شۆڕشەو، روسیاش بۆتە پێشڕەوی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی له ئەوروپادا.
(بەیاننامەی شیوعی) بەو ئامانجەبوو که له ناوچوونی ئایندەو حەتمیی موڵکایەتی بۆرژوازی ئێستا رابگەیەنێ. بەلاّم له روسیادا، شانبەشانی سەرمایەداری که زۆر بەخێرایی پەرەدەستێنێ و، شانبەشانی موڵکایەتی زەوی وزار که هەر له سەرەتاوە دەستیکردە بەخۆداهاتن و پەرەسەندن، دەڕوانین پتر له نیوەی زەوی موڵکی گشتیی جوتیارەکانە. کەوابوو مەسەلەکە لەوەدایە بزانین: ئایا موڵکایەتی گشتی جوتیارە روسەکانە کە شێوەیەکی تەواو لێکهەڵوەشاوی موڵکایەتی گشتی و سەرەتایی زەوی بوو-دەتوانێ راستەوخۆ بگاتە شێوەیەکی بەرزتر، شیوعی بۆ موڵکایەتی زەوی، یان دەبێ لەسەرەتادا رێگەی هەڵوەشاندنەوە، کە پەرەسەندنی مێژویی له رۆژهەلاّتدا تووشی بوو بگرێتەبەر؟ تەنیا وەلاّمێك کەلەم کاتەدا بۆ ئەم پرسیارە بتواندرێت بدرێتەوە ئەمەیە: ئەگەر شۆڕشی روسی بووەهۆی بەرپابوونی شۆڕشێکی پرۆلیتاری له خۆرئاوادا، هەردو شۆڕشەکە یەکیان ئەوی دی تەواوبکا، ئەوا موڵکایەتی گشتیی ئێستای زەوی له روسیادا دەکرێ ببێتە هەنگاوی یەکەم بۆ پەرەسەندنی شیوعی.

لەندەن21ی کانونی دووەم1882 کارل مارکس/فریدریك ئەنگلس

هەرلەو سەردەمەدا له ژنێڤ چاپێکی تازەی(بەیاننامەکە)بەزمانی پۆڵۆنی بەم ناونیشانە دەرچوو: Manifest Kommunistyczny پاشان وەرگێرانێکی تازەی بە زمانی دانمارکی بلاّوکرایەوە، ئەمەش لەلایەن(کتێبخانەی سۆسیال دیموکرات، کۆپنهاگن1885 -(Socialdemokratick Bibliotek, Kobenhaven1855-

بەلاَم بەداخەوە تەواو نییە، وا دیارە هەندێ بەشی بۆ وەرگێڕ گران بووە، بۆیە پشتگوێی خستووە، بەداخەوە لێرەو لەوێش هەندێ نیشانەی پشتگوێخستن هەستپێدەکرێ و، وەرگێڕاوەکە وەك لە بەشەکانیترەوە دەردەکەوێ، ئەگەر زۆرتر بایەخی پێبدرایە زۆر نایابتر دەبوو.

لە ساڵی1886یشدا لە رۆژنامەی(Le Socialiste)دا چاپێکی تازەی بە زمانی فەرەنسی بلاَوکرایەوە کە ئەمە تا ئێستا باشترین وەرگێڕانە.

هەر لەو ساڵەدا لەم وەرگێڕانە فەرەنسییەوە کرا بە ئیسپانی و یەکەمجار لە رۆژنامەی(El Socialista) دا لە مەدرید بلاَوکرایەوە. ئنجا لە نامیلکەیەکدا بەم ناونیشانە چاپکرا؛

Manifesto del partido Comunista, por Karlos Marx Y.F.Engels, Madrid Administracion de Al Sosialista Hernan cortes

لێرەدا دەمەوێ شتێکی سەیر بگێرمەوە کە وەرگێڕاوی(بەیاننامەکە) بە ئەرمەنی لەساڵی 1887دا دراوە بە خاوەن دەزگای چاپ و بلاَوکردنەوەیەك لە ئەستانبول بۆ بلاَوکرنەوەی، بەلاَم ئەم پیاوە بەڕێزە پڕکێشی نەکرد نامیلکەیەك چاپبکا ناوی مارکسی لەسەربێت، بۆیە وای بە باشزانی کە وەرگێڕەکە ناوی خۆی لەجیاتی ناوی نووسەرەکە دابنێ، بەلاَم وەرگێڕەکە زۆر بەتوندی ئەم داوایەی دایە دواوە.

چەند جارێکیش لە ئینگلتەرە هەندێ وەرگێڕانی ئەمریکایی چاپکران، بەلاَم هەموویان تا ئەم یان ئەو رادەیە راست نین. پاشان وەرگێڕانێکی راست و تەواو لە ساڵی1888دا لەلایەن سەمۆئیل مۆری برادەرمەوە ئامادەکراو لە پێش چاپکردنیدا هەردوکمان پێکەوە چاومان پێدا گێڕایەوە کە بەم ناونیشانە بوو:

Manifest of the communist party, by Karl Marx and Fredrick Engels. Authorized English Translation, edited and annotated by Fredrick Engels-1888, London, William Reeves, 185Fleet st.E.C.

چەند تێبینیم بۆ ئەو وەرگێڕاوە ئینگلیزییە نووسیوە کە خراوەتە سەرچاپی ئێستا.

(بەیاننامەکە) ژیان و بەسەرهاتی تایبەتیی خۆی هەیە. کاتی دەرچوونی لەلایەن پێشڕەوی سۆسیالیستی زانستییەوە کە ئەو کاتە ژمارەشیان زۆر کەم بوو، بەوپەڕی ڕێزەوە پێشوازی لێکرا(بەڵگەش ئەو چەند وەرگێرانەیە کەلە یەکەمین پێشەکیدا باسکراون)، پاشان کۆنەپەرستی لەدوای تێکشکانەکەی کرێکارانی پاریس لە حوزەیرانی1848دا خستیانە دواوە بۆ پلەی دووەمین، دواجار(بەیاننامەکە)بە پێی"یاسا" قەدەغەکرا، ئەمەش لەکاتی حوکمدانی شیوعییەکانی کۆڵۆنیا لە تشرینی دووەمی1852دا. هەروا لەگەڵ نەمانی بزوتنەوەی کرێکاراندا لەسەر شانۆی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئەو بزوتنەوەیەی لە شۆڕشەکەی شوباتدا پێکهاتبوو، ئیتر(بەیاننامەکە)ش لەناودا نەما.

کاتێك چینی کرێکاری ئەوروپا توانی خۆی بەهێز بکاتەوە بۆ هێرشێکی نوێ بۆ سەر دەسەڵاتی چینە فەرمانڕەواکان، کۆمەڵەی جیهانیی کارگەران دامەزرا، ئامانجی ئەم کۆمەڵەیە ئەوەبوو هەموو هێزە تێکۆشەرەکانی ناو چینی کرێکاری ئەوروپا و ئەمریکا پێکەوە لە سوپایەکی گەورەدا کۆبکاتەوە. لەبەرئەوە نەیدەتوانی ڕاستەوخۆ لەو باوەڕانەوە تێهەڵچێ کە لەناو(بەیاننامەکەدا) خراونەتەروو، چونکە دەبوو بەرنامەیەك دابنێ کە لەبەردەم نەقابەکانی ئینگلیزداو، لەبەردەم پرۆدۆنییەکانی فەرەنسا و بەلژیك و ئیتالیا و ئیسپانیاداو و لەبەردەم لاسالییەکانی ئەڵمانیدا[1] دەرگادانەخات. ئەم

[1]/ لاسال هەمیشە لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێمەدا، ئەوەی دووپاتدەکردەوە کە(قەتابیی)مارکسەو، لەبەر ئەمە هەڵویستی وەك هەڵویستی (بەیاننامەکە) بوو، بەڵام لای هەندێك لە لایەنگرانی، مەسەلەکە بەو جۆرە نەبوو، ئەوان لەو بەرنامەیە تێپەڕیان نەدەکرد کە دەربارەی کۆمەڵەی هەرەوەزیی بەرهەمهێنان بوو بەیارمەتی دەوڵەت و هەر ئەوان چینی کرێکاریان بە دوو بەشەوە دابەشکرد:

بەرنامەیەش کە سەرەتای پەیڕەوی ناوخۆی نێونەتەوەی بوو[1] زۆر شارەزایانە لەلایەن مارکسەوە دانرا کە تەنانەت باکۆنین و گێرەشێوێنەکانیش دانیان بەو شارەزاییەدا نا. مارکس بەتەواوی باوەڕی بە سەرکەوتنی یەکجارەکی ئەو بیروباوەڕانە هەبوو کە لە بەیاننامەکەدا هاتبوون. لەمەشدا بەتەواوی وراستەوڕاست پشتی بە پێشکەوتنی بیری چینی کرێکار بەستبوو، کە دەبوو بەرهەمی چالاکیی هاوبەش و مشت ومڕبێ. لەتواناشدا نەبوو رووداوەکان تێپەڕێن و لە خەباتدا دژی سەرمایە سەرکەوتن و تێکشکان رووبدەن، ئەگەرچی تێشکانەکان لە سەرکەوتنەکان زۆرترن، بێئەوەی تێکۆشەران هەست پێبکەن کە چارەسەرکردنەکانیان بەسنین و هەرئەوەش وایان لێدەکا کە بەقووڵی مەرجە راستەقینەو پێویستەکانی رزگاربوونی کرێکاران بەقووڵی تێبگەن.
مارکس بەچاکی لەوە تێگەیشتبوو کە چینی کرێکار لەساڵی1847دا، دوای هەڵوەشاندنەوەی نێونەتەوەیی بەتەواوی جیاوازبوو لە چینەکەی ساڵی1864ی کاتی دامەزراندنی نێونەتەوەیی. پرۆدۆنیزمی ولاتانی لاتین و لاسالیزمی تاییەتمەندی ئەڵمان لە گیاندەرچووندابوون و تەنانەت نەقابەکانی ئینگلیزی خۆیان کە لە کۆنەپەرەستیدا نوقمبوون بەرە بەرە لەوکاتە نزیك دەبوونەوە کەبگاتە ئەوەی سەرۆکی کۆنگرەکەیان لە سوانسی ساڵی1887 بەناویانەوە وتاربداو بڵێ: ( ئیتر سۆسیالیزمی قاڕە نامانترسێنێ). بەڵام سۆسیالیزم لە قاڕەی ئەوروپادا، ئەو کاتە، واتە ساڵی1887، بەتەواوی لەگەڵ ئەو تیئۆرییەدا دەگونجا کە لە(بەیاننامەکەدا)روونکرابۆوە. بەمجۆرە

---

لایەنگرانی پشتبەستن بە حکومەت و لایەنگیرانی پشتبەخۆ بەستن.(تێبینی ئەنگلس)

[1]/ بڕوانە کارڵ مارکس، پەیڕەوی ناوخۆی گشتی و بەرنامەی کاری رێکخستنی کۆمەڵەی نێونەتەوەیی کارگەران.

مێژوی(بەیاننامەکە)تاڕادەیەك، مێژوی بزوتنەوەی تازەی کرێکاران لەساڵی1848بەدواوە دەردەخات.

بێگومان ئێستا ئەم بەیاننامەیە لەگشت چاپەمەنییەکانی دیکەی سۆسیالیزم بەربلاوترو نێونەتەوەییترەو، بەڵکو ئەمە بەرنامەی گشتیی چەندان ملیۆن کرێکارە لەگشت ولاتاندا، هەر لە سیبیریاوە تا دەگاتە کالیفۆرنیا. لەگەل ئەمەشدا نەماندەتوانی لەکاتی دەرچونیدا بە بەیاننامەی سۆسیالیست ناوی ببەین. ساڵی1847وشەی سۆسیالیست دووچەشنەکەسانی دەگرتەوە، لەلایەکەوە پەیڕەوکارانی سیستەمە خەیاڵییە جۆراوجۆرەکان، بەتاییەتی(ئۆینییەکان) لەئەنگلتەراو(فۆرییێریەکان) لە فەرەنسا، ئەمانەش هەموویان کەم ببوونەوەو بەرەو نەمان دەچوون.

لەلایەکیتریشەوە فێڵبازە کۆمەلایەتییەکان بەهەموو شێوەو جۆرەکانیانەوە، کە بە ڕێگەی زۆر جۆرە چارەسەرکردن و پینەوپەڕۆ دەیانویست کوێرەوەری کۆمەلایەتی لەناوببەن، بێئەوەی کەمترین زیان لەسەرمایەو قازانج بدەن. لە هەردوو حاڵدا، ئەم کەسانە هەموویان لەدەرەوەی بزوتنەوەی کرێکاری راوەستابوون و چاوەڕوانی کۆمەك و یاریدەی، چینە"رۆشنبیرەکان"بوون. بە پێچەوانەی ئەمەشەوە بەشێك لە کرێکاران هەبوون لەو باوەڕەدابوون کە تەنیا وەرچەرخانی سیاسیی رووت بەسنییەو، هەوڵیاندەدا ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی و تەواوی لە کۆمەڵدا پێکبێت، ئەم بەشە ئەو کاتە ناوی خۆیان نابوو شیوعی. بەلام شیوعییەتەکەیان تەواونەبوو، نابەکام و بە غەریزەبوو، هەندێ جار تا رادەیەك رەقێتی و توندی تێدابوو، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندە هێزی لەبەردابوو کە دوو بەرنامەی شیوعێتی خەیالاوی پێکبێنێ، لە فەرنسا "ئیکاریزم"ی کابێە، لە ئەڵمانیاش بەرنامەو رێبازی ڤایتلینگ. سۆسیالیزم لە ساڵی1847دا بەمانای بزوتنەوەیەکی بۆرژواو کۆمۆنیزم بەمانای بزوتنەوەیەکی کرێکاری بوو. سۆسیالیزم بەلایەنی کەمەوە لە قارەی ئەوروپادا رێگەی بۆ ناو کۆمەڵگای بەرز گرتبووەبەرو، بەلام کۆمونیزم بە پێچەوانەی ئەمەوەبوو.!

جا لەبەرئەوەی بیروڕای راست و رەوانی ئێمە هەر لەوکاتەوە ئەمەبوو کە(رزگارکردنی چینی کرێکار تەنیا بە دەستی کرێکار خۆی دەبێ)بۆمان نەدەکرا بۆ تاکە چرکەیەکیش لە هەڵبژاردنی یەکێك لەو دوو ناوەی کە پێویستە هەڵیبژێرین دوودڵ بین. هەرلەوکاتەشەوە بە بیرماندا نەهاتووە پاکانە لەو ناوانە بکەین.

(کرێکارانی جیهان یەکگرن!) کاتێك ئەم وشانەمان لەدنیادا جاڕدا لەچەند دەنگێکی کەم بەولاوە پشتگیرمان نەبوو. ئەمە پێش چل و دووساڵ کە ئەو کاتە لە پێش دەرگەی شۆڕشەکەی پاریسدا بووین کە یەکەمین شۆڕشی پرۆلیتاریابوو بۆ هێنانەدی ئامانجی تایبەتی خۆیان. بەڵام هێشتا رۆژی 28ی ئەیلول ساڵی1864 دانەهاتبوو کە کرێکارانی زۆربەی وڵاتانی خۆرئاوای ئەوروپا یەکیاندەگرت و کۆمەڵەی کرێکارنی جیهانیان دادەمەزراند کە بیرەوەرییەکی پیرۆزی هەیە. ئەو نێونەتەوەییەی لە نۆ ساڵ پتر نەژیا.

بەڵام هاوپەیمانیی هەمیشەیی کە لەنێو کرێکارانی گشت وڵاتاندا دایمەزراند، تا ئەمڕۆش هەرماوەو ئەمەش باشترین بەڵگەیە. ئەمڕۆش لەگشت کاتێکی رابردو بەهێزترە. لەم کاتەدا کە ئەم دیوانەی تێدا دەنووسم، پرۆلیتاریای ئەوروپاو ئەمریکا هێزی تێکۆشەرانەی خۆیان پیشاندەدەن کەبۆ یەکەمینجار لەیەك لەشکرداو لەژێر یەك ئاڵاداو لە پێناوی یەك ئامانجی راستەوخۆدا کۆبونەتەوە کە ئەویش دیاریکردنی رۆژی کاری ئاساییە بە هەشت سەعات کە داوایەکی رەوایەو، کۆنگرەی نێونەتەوەیی کە لە ژنێڤ ساڵی1866 پێکهات ئەمەی داواکرد،هەروا کۆنگرەی کرێکاران لە پاریس ساڵی1889دیسان ئەوەی داواکردووە. دیتنی ئەم رۆژە بۆ سەرماداران و خاوەن موڵکە گەورەکانی هەموو وڵاتان ئاشکرادەکات کە کرێکارانی جیهان بەڕاستی و کردەوە یەکیانگرتووە.

خۆزگە ئێستا مارکس لەلامەوە دەبوو، تا هەموو ئەمەی بەچاوی خۆی بدییایە!

لەندەن، یەکی ئایاری1890 فریدریك ئەنگلس

## پێشەکی چاپی پۆڵۆنی ساڵی 1892

زۆر پێویستە چاپێکی(بەیاننامەی کۆمونیست)بەزمانی پۆڵۆنی بڵاوبکرێتەوە، ئەوە راستییەکە زۆر چەشنە بیروباوەڕ دێنێتە گۆڕێ.

لەپێش هەموو شتێکدا ئەبێ ئەوە بگوترێ کە(بەیاننامەکە)لەم دواییەدا بۆتە پێوەری پەرەگرتنی پیشەسازی گەورە لە ئەوروپادا. لە هەر وڵاتێکدا چەند پیشەسازی گەورە پەرەبستێنێت، ئەوەندە کارگەرانی ئەو وڵاتە زۆرتر حەزدەکەن هەڵویستی چینەکەی خۆیان لە مەڕ پەیوەندییان لەگەڵ چینە موڵکدارەکاندا تێبگەن و بزانن و، جوڵانەوەی سۆسیالیستی لە ناویاندا زۆرتر تەشەنە دەستێنێت و(بەیاننامەکە) زۆرتر رەواجی دەبێت. بەمجۆرە لەهەموو وڵاتێکدا بەهۆی زانینی ژمارەی دانەی(بەیاننامەکە)وە کەبە زمانی ئەو وڵاتە چاپکرابێ نەك تەنیا ئەتوانین باری جوڵانەوەی کارگەران لەو وڵاتەدا بزانین و بەس، بەڵکو هەروەها دەشتوانین پلەی پەرەگرتنی پیشەسازی گەورەی ئەو وڵاتە شارەزابین.

بەمجۆرە چاپی تازەی بەیاننامەکە بە زمانی پۆڵۆنی رادەی پێشکەوتنی پیشەسازی پۆڵۆنیا دەردەخات و، هیچ گومانی تێدانییە کە ئەم پێشکەوتنە لەراستیدا لەم دە ساڵەی دوایی پاش بڵاوکردنەوەی چاپی تازەی(بەیاننامەکە)دا هاتۆتە دی. شاهەنشاهیەتی پۆڵۆنیا، "پۆڵۆنیای" کۆنگریس" بۆتە ناوچەیەکی گەورەی پیشەسازی لەناو ئیمپراتۆریەتی روسیا. لەکاتێکدا پیشەسازی گەورەی روسیا لەچەند ناوچەیەکدا هەڵکەوتووە-بەشێکی لەدەوری خەلیجی فینلەنلد، بەشێکیتر لەناوچەی ناوەڕاست(لە مۆسکۆو ڤلادیمیر)و بەشی سێیەم لەسەر کەناری دەریای رەش و دەریای ئازۆف و بەشەکانیتری لەملاو لەولان-دەبینین پیشەسازی پۆڵۆنیا لە ناوچەیەکی تارادەیەك بچوکدایەو هەرلەوکاتەشدا هەموو خاسییەت و زیانێکی ئەو گربوونەوەیەی هەیە.

پێشگەرانی تەراتێنبازی روسیا ئەو خاسێتانەیان باش دەزانی، ئەوە بوو داوایان کرد لەدژی پۆڵۆنیا رەسمی گومرگی دابنرێت، ئەمە وێرای ئەوەی زۆر بە پەرۆشەوە دەیانویست پۆڵۆنییەکان بکەنە روس. بەڵام زیانەکانی ئەو گردبوونەوەیە بۆ پێشەگەرانی پۆڵۆنیاو دەوڵەتی روس- لە بڵاوبوونەوەو تەشەنەسەندنی خێرایی بیروباوەڕی سۆسیالیستی لەناو کارگەرانی پۆڵۆنیاداو لە زۆربەی رەواجی (بەیاننامەکە)دا- بە ئاشکرایی دەرئەکەون.

پەرەگرتنی خێرایی پیشەسازی پۆڵۆنیا کە لەپەرەگرتنی پیشەسازی روسیا گورجترە خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکی نۆێیە لەمەڕ زیندویەتی گەلی پۆڵۆنیا و، زامنێکی نۆێیە بۆ بوژانەوەی نیشتیمانیی ئەو گەلە کە هێندەی نەماوە بێتەدی. بوژانەوەی پۆڵۆنیاو بوونی بە وڵاتێکی سەربەخۆو بەهێز مەسەلەیەکە نەك تەنیا لای پۆڵۆنییەکان، بەڵکو لای هەموومان گرنگ و بایەخدارە. تا نەتەوەکانی ئەوروپا لەخاکی خۆیاندا تەواو سەربەخۆنەبن، ناتوانرێت هاوکارییەکی نێونەتەوەیی دڵسۆزانەیان لە نێواندا بێتەدی. شۆڕشەکەی ساڵی1848، ئەو شۆڕشەی دواجار خەباتکارانی پرۆلیتاریای ناچارکرد لە ژێر ئاڵای پرۆلیتاریادا کاروباری بۆرژوا بکەن، هەروەها توانیشی بە هۆی(لویس پۆناپارت و بیسمارك)ەوە کە راوێژی شۆڕشیان بەجێ گەیاند-سەربەخۆیی ئیتالیاو ئەڵمانیا و هەنگاریاش مسۆگەربکات. بەڵام پۆڵۆنیا ئەو وڵاتەی لە ساڵی1792بەدواوە، لەپێناوی شۆڕشدا لەم سێ وڵاتە زۆرتر تەقەلای داوە، بەتەنیا جێهێڵڕاو، ساڵی 1863لەلایەن هێزەکانی روسەوە کە دەیان ئەوەندەی هێزی ئەو زۆرتربوون دەسەڵاتی بەسەرداگیراو چینی خانەدانەکان نەیتوانی سەربەخۆیی پۆڵۆنیا بپارێزێت و نەیتوانی سەرلەنوێ بەدەستی بخاتەوە، ئەمرۆ بۆرژوا کەمترین بایەخ بەو سەربەخۆییە ئەدات. وێرای ئەوەش ئەو سەربەخۆییە بۆ هێنانەدی هاوکاری رێکوپێکی نێوان نەتەوەکانی ئەوروپا زۆر پێویستە. سەربەخۆیی پۆڵۆنیا بەتەنیا لە لایەن پرۆلیتاریای تازە پێگەیشتووی ئەو وڵاتەوە دەتوانرێ بهێنرێتەدی و، لەناودەستی پرۆلیتاریادا زۆر بەباشی

دەپارێزرێت. چونکە سەربەخۆیی پۆڵۆنیا چەند بۆ کاگەرانی پۆڵۆنیا خۆیان پێویستە، هێندەش بۆ کارگەرانی هەموو وڵاتەکانی ئەوروپا پێویستە.

ف. ئەنگلس لەندەن10ی(شوبات)رەشەمە1892

# پێشەکی چاپی ئیتالی ساڵی1893

بۆ خوێندەواری ئیتالیایی...

دەتوانرێ بگوترێ دەرچوونی بەیاننامەی(پارتی کۆمونیست)ڕێکەوتی 18ی مارت(خاکەلێوە)1848ی کرد، ئەو ڕۆژە کە دوو شۆڕشی میلانۆو بەرلینی تێدابەرپاکرا، ئەم شۆڕشانە، ڕاپەڕینی چەکدارانەی دوو نەتەوەبوون کە یەکەمیان لەناوەڕاستی ئەوروپاداو دووەمیان لەناوەڕاستی سەردەریای ناوەڕاستدا دەژی. ئەو دوو نەتەوەیە تا ئەوکاتە بەش بەش بوون و ناکۆکی ناوخۆیی لاوازی کردبوون و دووجار کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی بێگانەوە. لەکاتێکدا ئیتالیا ژێردەستی ئیمپراتۆری نەمسا بوو، ئەڵمانیاش بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ لەژێر باری ژێردەستی قەڕاڵی هەموو ڕوسیا ئەیناڵاند. بەڵام ئەنجامەکانی ڕووداوی ڕۆژی18ی مارت(خاکەلێوە)ی 1848ئیتالیاو ئەڵمانیای لەو مەینەتە ڕزگارکرد. ئەم دوو نەتەوە مەزنە لەساڵی1848 تا ساڵی1871بوژانەوەو کەم یان زۆر ڕێبازێکی سەربەخۆیان گرتەبەر، ئەمەش هەر وەك مارکس ئەڵێت لەبەر ئەوەبوو چونکە ئەوانەی شۆڕشی1848یان دامرکاندەوە، پاشان بەپێچەوانەی حەزو ئارەزوی خۆیانەوە ڕاوێژەکانی شۆڕشیان بەجێگەیاند. ئەو شۆڕشە لەهەموو شوێنێك دەستکردی چینی کارگەران بوو، چینی کارگەران مەتەرێزی دروستکردو ژیانی ڕۆڵەکانی خۆی نابووە پێناو. کارگەرانی پاریس خۆیان حکومەتیان ڕوخاندو بڕیاریشیاندابوو ڕژێمی بۆرژوا بڕۆخێنن. بەڵام هەستکردنیان بە ناکۆکی دوژمنانەی نێوان چینەکەی خۆیان و بۆرژوا تا ئەو کاتە نە لە ڕووی پێشکەوتنی ئابوری وڵاتەوە، نەلەڕوی پەرەگرتنی بیری کارگەرانی فەرەنساوە نەگەیشتبووە پلەیەك باری کۆمەڵایەتی بگۆڕێت. لەبەر ئەوە دواجار چینی

سەرمایەدار بەروبوی شۆڕشی نایە ناوگیرفانی خۆی. لەولاَتانی تریشدا -لە ئیتالیا و ئەڵمانیا و نەمسا-کارگەران لەسەرەتادا هیچ کاریکیان نەکرد جگەلەوەی بۆرژوایان گەیاندە حوکم. بەلاَم حوکمی بۆرژوا بەبێ سەربەخۆیی نیشتیمانی لەهیچ ولاَتێکدا سەرناگرێت و کاریکی مەحاڵە. لەبەر ئەوە لەسەر شۆڕشی1848 پێویستبوو یەکێتی و سەربەخۆیی دەستگیری ئەو نەتەوانە بخات کە تا ئەوکاتە لێی بێبەشبوون وەك-ئیتالیاو ئەڵمانیا و هەنگاریا. ئێستا وا نۆرەش هاتۆتەسەر پۆڵۆنیا.

جا هەرچەندە شۆڕشەکەی ساڵی1848، شۆڕشێکی سۆسیالیستی نەبوو، بەلاَم ڕێگاو ماوەی بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی ئاواڵەکردەوە. لەئەنجامی پەرەگرتنی پیشەسازی گەورەی هەموو ولاَتاندا، رژێمی بۆرژوازی لەهەموو شوێنێك لەماوەی ئەم45ساڵەی دواییدا پرۆلیتاریایەکی بێژمارەو گردبۆوەو بەهێزی پەیداکرد. بەمجۆرە وەك بەیاننامەکە ئەڵێت گۆڕهەڵکەنی بۆ خۆی ئامادەکرد. بە بێ یەکێتی و سەربەخۆیی هەر یەکێك لەم نەتەوانە، ناتوانرێ یەکێتی نێونەتەوەیی پرۆلیتاریا و هاوکاری ئاشتی و تێگەیشتوانەی نێوان ئەم نەتەوانە لەپێناو ئامانجی هاوبەشیاندا بهێنرێتەدی، لەمبارەوە با سەرنجێکی ئەوە بدەین، بزانین چۆن دەتوانرا کارگەرانی ئیتالی و هەنگاری و ئەڵمانی و پۆڵۆنی و روسی لە وەزعی سیاسی پێش شۆڕشەکەی ساڵی1848دا کاریکی هاوبەشی نێونەتەوەیی بکەن.

بەم چەشنە جەنگەکانی1848بەزایە نەچون. هەروەها ئەو 45ساڵەش کە لەم پلە شۆڕشگێڕەییەمان جیادەکاتەوە بەزایە نەچووە. بەرهەمیان روو لە پێگەیشتنە، تاقە ئومێدێکم ئەویە هەروەك چۆن دەرچوونی ئەسڵی(بەیاننامەکە)مژدەی سەرکەوتنی شۆڕشی جیهانیی دا. دەرچوونی ئەم وەرگێڕدراوەش بەزمانی ئیتالیایی مژدەی سەرکەوتنی پرۆلیتاریای ئیتالیا بدا.

(بەیاننامەکە) بەتەواوی دانی ناوە بەو دەورە شۆڕشگێڕییەدا کە سەرمایەداری لەڕابردوودا گێڕاویەتی. یەکەم نەتەوەیەکی سەرمایەدار ئیتالیابوو، کۆتایی

سەدەی ناوەڕاستی دەرەبەگایەتی و سەرەتای سەدەی ئێستای سەرمایەداری لە دیمەنی پیاوێکی گەورەدا بەدی دەکرێت کە ئەویش دانتیی ئیتالیایە. ناوبراو دوا بوێژی سەدەکانی ناوەڕاست بوو، هەر لەوکاتەشدا یەکەم بوێژی سەدەی تازەبوو. ئەمڕۆش وەك دەوروبەری ساڵی1300سەردەمێکی مێژویی تازە نزیك دەبێتەوە. تۆ بڵێی ئیتالیا دانتییێکی تازەمان پێبدا کە بانگەوازی ساڵی لە دایکبوونی ئەم سەدە تازەیەی پرۆلیتاریا بدات؟

فریدریك ئەنگلس لەندەن یەکەمی شوبات(رەشەمە)ی ساڵی1893

# بەیاننامەی شیوعی

تارماییەك بە ئەوروپادا دێت و دەچێ، ئەویش تارمایی کۆمونیزمە. هەموو هێزەکانی پیرە ئەوروپا بۆ ڕاونان و جێپێ لەقکردنی، لە پەیمانێکی پیرۆزدا یەکیان گرتووە: هەر لە پاپاو قەیسەرەوە تا دەگاتە مەتەرنیخ و گیزۆ، لە رادیکاڵەکانی فەرەنساوە تاوەکو پۆلیسەکانی ئەڵمانیا. ئایا پارتێکی بەرەنگار هەیە، ئەو دوژمنانەی جڵەوی رژێمیان گرتۆتە دەست، بە کۆمونیست تاوانباریان نەکردبێ؟

ئایا پارتێکی بەرەنگار هەیە کە خۆیشی بەسەر کەسانی لەخۆی پێشکەوتوتری بەرەنگارداو بەسەر دوژمنە کۆنەپەرەستەکانیدا تاوانی پڕ لە سوکایەتی کۆمونیستی نەلکاندبێ؟

لەهەموو ئەم شتانەوە ئەگەینە دوو ئەنجام:

- لەمەولا هەموو هێزەکانی ئەوروپا دان بەوەدا دەنێن کە کۆمونیزم بۆتە هێزێك...
- کاتی ئەوە هاتووە کۆمونیستەکان تێگەیشتن و ئامانج و ڕێڕەوەکانی خۆیان بخەنە پێش چاوی هەموو دنیاو، بەهۆی بەیاننامەیەکی پارتییەوە بەرپەرچی پڕوپووچی تارمایی کۆمونیزم بدەنەوە.

جا ماوەیەکی زۆر نییە کۆمونیستەکانی گەلێك نەتەوەی جیاجیا لە لەندەن کۆبونەوەو ئەم بەیاننامەیەی خوارەوەیان دانا کەوا بە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی و ئیتالی و فلاماندی و دانمارکی بڵاودەکرێتەوە.

# 1- بۆرژواکان و پرۆلیتارەکان*

**مێژوی هەموو کۆمەڵێک**تاوەکو ئەمڕۆ، مێژوی خەباتی نێو چینەکانە.**

**ئازادو کۆیلە، خانەدان و بۆرەپیاو، ئاغاو رەعییەت، وەستا***وشاگرد، بەکورتی چەوسێنەران و چەوساوەکان، لەناکۆکییەکی هەمیشەییدا بوون، جەنگێکی بەردەوام، هەندێ جار بە ئاشکرا و هەندێ جاریش بە نهێنی لە نێوانیاندا بووە،**

..........................................................

*لە بۆرژواکان مەبەست چینی سەرمایەداری ئەم سەردەمەیە، ئەو چینەی خاوەنی هۆیەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەلآیەتییەو کاری کرێگرتە دەڕوتێنێتەوە. لە پرۆلیتاریا مەبەست چینی کارگەرانی تازەیە کە بە کرێ کاردەکەن. ئەمانە هیچ هۆیەکی بەرهەمهێنانیان نییەو بەناچاری بۆ ئەوەی بتوانن بژین، هێزی کاری خۆیان دەفرۆشن.(سەرجی مارکس لە چاپی ئینگلیزی ساڵی1888دا)

** مەبەست لەو مێژوەیە کە نوسراوەتەوە: لەساڵی1847دا، ماوەی پێش مێژو، شێوەی رێکوپێکی کۆمەلآیەتی پێش هەموو مێژویەکی نووسراو بەتەواوی نەدەزانرا...دوای ئەوە هاکست هاوزن لە روسیا موڵکایەتی هاوبەشی زەوی وزاری دۆزییەوە. مۆرێر وای سەلماند کە ئەم موڵکایەتییە هاوبەشە بنکەیەکی کۆمەلآیەتی بووەو پەرەگرتنی مێژوی هەموو هۆزەکانی ئەڵمانیا لەم بنکەیەوە پەیدابووە. پاشان بەرە بەرە دۆزرایەوە کە موڵکایەتی گشتیی دێهات لەگەڵ موڵکایەتی گشتی هاوبەشی زەوی و زاردا شێوەی سەرەتایی کۆمەڵبوون لە هەموو شوێنێك هەر لە هیندستانەوە تا ئیرلاندا بەم چەشنەبووە. دواجار رێکوپێکی ناوخۆیی کۆمەڵی کۆمونیستی سەرەتایی و شێوەی نمونەیی ئەم کۆمەڵە دوا دۆزینەوەکەی(مۆرگان)سەبارەت بە سروشتی راستیی یەکەم خێزانی سەرەتایی و ئەو شوێنەی لەناو هۆزدا هەیەتی، بەئاشکرایی کەوتە روو. هەر کە ئەم موڵکایەتییە هاوبەشە هەڵوەشایەوە کۆمەڵیش بەچەند چینیکی جیاوازی دوژمنی یەکترەوە دابەش بوو. من هەوڵمداوە لەسەر ئەم لێکهەڵوەشانەوەیە بڕۆم و زیاتر باسی بکەم، ئەمەش لە پەڕاوەکەمدا بەم ناونیشانە: (بنچینەی خێزان و موڵکایەتی تایبەت و دەوڵەت)چاپی دووهەم. شتوتگارد، ساڵی1886). (سەرنجی ئەنگلس لە چاپی ئینگلیزی ساڵی1886)

***وەستای پیشەگەر: ئەندامێکە لە پیشەدا، بەتەواوی مافی خۆی هەیەو لە کارخانەدا وەستایە نەك سەرۆك(سەرنجی ئەنگلس لە چاپی ئینگلیزی ساڵی1888دا

جەنگێکی وا کە هەمیشە یان بە وەرگێڕانێکی شۆڕشگێڕانەی تەواوی کۆمەڵ، یاخود بە لەناوچونی هەردوو چینە ناکۆکەکە پێکەوە، کۆتایی هاتووە. دەبینین بە درێژایی سەدەکانی رابردووی مێژو، کۆمەڵ لەهەموو شوێنێك بەچەند چین و توێژێکەوە، دابەشکراوە، لە رۆمای کۆندا خانەدانەکان، ئەوجا سوارەکان و، پاشان بۆرە پیاوان و کۆیلەکان هەبوون. لە چەرخەکانی ناوەڕاستدا، دەرەبەگە گەورەکان و، دەرەبەگە وردەکان و، وەستا و شاگردو وەرزێران هەبوون و، لەناو هەرکام لەم چینانەشدا، توێژو پلەی تایبەتی هەبوون.

کۆمەڵی تازەی بۆرژوا کەلەسەر داروپەردوی کۆمەڵی دەرەبەگی دامەزرا، ناکۆکیی چینایەتی لەناوبرد، بەڵکو چینێکی تازەو زروفی تازەی چەوسانەوەو شێوەی تازەی خەباتی لەجیاتی ئەوانی پێشو هێنایە کایەوە. ئەم سەدەیەمان کە سەدەی بۆرژوایە، جیاوازی لە سەدەکانی پێشوو ئەوەیە ناکۆکیی نێوان چینەکانی یەکالاکردەوە. کۆمەڵ بەرە بەرە زۆرتر بەدوو سوپاگەی دوژمنی یەکترەوە دابەش بوو، بە دوو چینی گەورەوە کە راستەوخۆ دوژمنی یەکترن، ئەو دوو چینەش بۆرژواو پرۆلیتارە. لە وەرزێرانی ژێردەستەی سەدەی ناوەڕاستەوە، بازرگانەکانی ئەو شارانە پێکهاتن کە بۆ یەکەم جار دروستکران و، لەوانیشەوە کەسانی بۆرژوا پەیدابوون.

دۆزینەوەی ئەمریکا و گەشتی دەریایی بە دەوری ئەفریقادا لەرووی بۆرژوای تازەپێگەیشتوودا، مەیدانێکی تازەی هەڵسوڕانی کردەوە. بازاری هندستان و چین، داگیرکردنی ئەمریکا، ئاڵوگۆڕکردن لەگەل وڵاتە ژێردەستەکان، زۆربوونی ئاڵوگۆڕو زۆربوونی کەلوپەل بەشێوەیەکی گشتی بوونە مایەی پاڵپێوەنانی بازرگانی و کەشتییەوانی و پیشەسازی بۆ پێشەوە بە هێزێکی وا کە تا ئەوکاتە نەزانرابوو، ئەمەش بووە هۆی پێگەیشتنی رەگەزی شۆڕشگێڕ لەناو کۆمەڵی دەرەبەگیدا کە بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەچوو.

شێوەی ڕێکوپێکی دەرەبەگایەتی، یان شێوەی بەرهەمهێنانی پیشەسازی کۆن و پیشەگەری نەیدەتوانی بەتەواوی بەرهەم و پێویستی بازاڕەکان دابین بکا، چەند بازاڕی تازە بکرایەوە، هێندەش پێویستی بەرهەم زۆرتر دەبوو. لەبەر ئەوە(مانیفاکتۆرا جیگەی ئەو شێوە کۆنەی گرتەوە. دەستەی ناونجی پیشەسازی شوێنی وەستاکانیان گرتەوە. دابەشبوونی کار لە میانەی پیشەجۆربەجۆرەکاندا نەماو بۆ دابەشبوونی کار لەناو هەموو کارگەیەکدا جیگای چۆلکرد. بەلأم بازارەکان بەردەوام زۆرتردەبوون و، داخوازی کەلوپەل هەر لە زۆربووندابوو، مانیفاکتورەش خۆی بەشی نەدەکردو پێدا ڕانەدەگەیشت. ئەو کاتە هەلم و ماشین وەرگێڕانێکی شۆڕشگێڕییان لە بەرهەمهێنانی پیشەسازیدا بەرپاکرد. پیشەسازی گەورەی تازە، جیگای مانیفاکتۆرەی گرتەوە. پیشەگەرە ملیوندارەکان، ئەوانەی لە ڕاستیدا سەرکردەی لەشکرێکی تەواوی پیشەسازی بوون یانی بۆرژوا تازەکان شوێنی دەستە پیشەگەرە ناوەنجییەکانیان داگیرکرد.
بۆرژوازی گەورە ئەو بازاڕە جیهانیەی پێکەوەنا کە دۆزینەوەی ئەمریکا ئامادەی کردبوو. بازاڕی جیهانیی بووە مایەی فراوانبوونی بازرگانی و گەشتییەوانی و پێشکەوتنی یەکجار مەزنی گواستەوە لە وشکانیدا. ئەم پەرەسەندنەش دیسان کاری کردەسەر رەوتی پیشەسازی و، چەند پیشەسازی و بازرگانی و گەشتییەوانی و ریگای ئاسنین پێشکەوتن و پێگەیشتنی بەسەردا دەهات، ئەوەندەش بۆرژوا پێشکەوتنی بە خۆوە دەدی و سەرمایەکەی زۆرتردەبوو، پێش هەموو ئەو چینانە دەکەوت کەلە سەدەی ناوەڕاستەوە مابوونەوە.
بەم جۆرە دەبینین بۆرژوای ئەم سەدەیە خۆی لە خۆیدا ئەنجامی بەرەوپێشچوونێکی درێژو چەندان شۆڕشە کەلە شێوەی بەرهەمهێنان و ئالوگۆڕدا روویداوە.
بۆرژوا لەهەموو پلەیەکی پەرەسەندنیدا پێشکەوتنێکی سیاسی مناسب و باشی دەسگیربووە. بۆرژواکان لەسەرەتادا تاقمێکی چەوساوەبوون و بەر زولم و زۆری

دەرەبەگەکان کەوتبوون، ئینجا بوونە دەستەیەکی چەکدارو لەناو کۆمونەدا[1] کاروباری خۆیان گرتبووە دەست. لەملا کۆمارێکی شارەوانی سەربەخۆ، لەولا"توێژێکی سێیەم" بوون و بەناچاری باجیان ئەدایە پاشا. پاشان لەسەردەمی مانیفاکتۆرەدا بۆرژوا هێزێکی پارسەنگ بوو بۆ هێزی خانەدانەکان لەو مەمالیکانەدا کە حوکمی سنوردار یان بەرەڵلایان هەبوو، هەروا بەردی بناغەبوو بۆ مەمالیکە گەورەکان بەشێوەی گشتی. هەرلەو کاتەوە کە پیشەسازی گەورە بەهێزبوو بازاڕی جیهانی دامەزرا، بۆرژوا لە دەوڵەتی تازەی نوێنەرایەتیدا تەواوی دەسەلاتی سیاسی گرتەدەست.

حکومەتی تازە تەنیا لیژنەیەکی جێبەجێکردنە، کاروباری کۆمەلایەتی هەموو بۆرژوازەکان بەڕێوەدەبات. چینی بۆرژوا لەمێژودا دەورێکی هەرە شۆڕشگێڕی هەبوو.

بۆرژوا لەهەر شوێنێك فەرمانڕەوایی گرتەدەست، تەواوی پەیوەندی دەرەبەگایەتی و باوکایەتی و سۆزپەروەری، لەژێرپێیدا تێکوپێکداو، بەبێ بەزەیی ئەو پەیوەندییە رازاوانەی لەناوبرد کە لەسەردەمی دەرەبەگیدا مرۆڤی بە"ئاغا ئاساییەکانییەوە:دەبەستەوە، هیچ پەیوەندییەکی لەنێوان مرۆڤ و

---

[1]/کۆمونە: شارەکانی فەرەنسا لە پێش ئەوەشدا بتوانن لەخاوەن و دەرەبەگەکانی ئاغایان ئۆتۆنۆمی ناوخۆیی و مافە سیاسییەکانی خۆیان وەك-توێژێکی سێیەم-وەربگرن، پێیان دەگوترا(کۆمونە). من لێرەدا بەگشتی لەمەڕ پەرەسەندنی بۆرژوا لەرووی سیاسییەوە فەرەنسام بۆ نموونە هێناوەتەوە.(سەرنجی ئەنگلس لەچاپی ئینگلیزی ساڵی1888دا)

- کۆمونە: شارییەکانی ئیتالیا و فەرەنسا پاش ئەوەی مافی سەرەتایی بەڕێوەبردنی ئۆتۆنۆمییان لە دەرەبەگە ئاغاکان خۆیان ئەکڕییەوەو یا خود بە زۆر لە چنگیان دەرئەهێنان ئەو کاتە شارەکانیان بە"کۆمونە" ناودەبرد.(سەرنجی ئەنگلس لە چاپی ئەڵمانی ساڵی1890دا).

مرۆڤدا نەهێشتەوە جگە لە پەیوەندی وشکی بەرژەوەندیی و پارەلێسەندنی"مفت و مۆڵ". هەستی پیرۆزی حەماسەتی ئاینپەروەری و سەرگەرمیی سوارەکان و سۆزو عاتیفەی وردە بۆرژوازی لەبەستەڵۆکاوی حیسابکردنی چاوچنۆکاندا خنگاند.

ناموسی شەخسیی کردە نرخێکی ئاڵوگۆڕ. هەموو ئازادییەکی کە دەستخرابوون یان درابوون لەناوبرد و لە شوێنی ئەوان تاقە یەك ئازادی هێشتەوە، ئازادی بێ بەزەیی و دڵڕەقانەی بازرگانی. بەکورتی لەشوێنی ئەو چەوسانەوەیەی بە ئەندێشی ئاینی و سیاسی داپۆشرابوو، چەوسانەوەیەکی ئاشکراو ناهەمواری راستەوخۆ زۆر سەختتری هێنایە مەیدانەوە.

بۆرژوا دیمەن و رەونەق و پیرۆزی ئەو پیشەو کارانەی نەهێشت کە ئەو کاتە بەرێزو پیرۆز تەماشایان دەکرا، پزیشك و یاساناسان و قەشەو بوێژان و زاناکانی کردە کرێکار بۆ خزمەتی خۆی. بۆرژوا ئەو پەردەی خۆشەویستی و سۆزەی دڕاند کە پەیوەندییەکانی ناو خێزانی داپۆشیبوو، ئەو پەیوەندییانەی گۆڕی بە پەیوەندیی پول و پارە.

بۆرژوا ئەوەشی روونکردەوە کە چۆن تەمەڵی و تەوەزەلی لەچەرخەکانی ناوەڕاستدا تەواوکارێکی ئاسایی ئەو دیمەنە سەختەی لەش و بازوبوو کەلای کۆنەپەرەستی سەیرو عەجایب بوو. بۆ یەکەمجار بۆرژوا ئەوەشی دەرخست کە بە چالاکی ئادەمیزاد دروست دەکرێت، شتی سەیرو عەجاییی وای دروستکرد کە لە هەرەمەکانی میسرو جۆگەکانی رۆما و کڵێسەکانی گۆتا زۆر جیاواز بوون و، هێرشی وای سەرکردایەتی دەکرد کە بە هیچ جۆرێك لە کۆچکردنی گەلان و لە شەڕەکانی سەلیبی ناچێت. ئەگەر بەردەوام ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕی لە دامودەزگای بەرهەمهێنان و دواجار لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و هەموو پەیوەندییەکانی ناو کۆمەڵدا روونەدا ئەوا بۆرژوا ناتوانێ بژی. بەپێچەوانەی ئەمەشەوە، پاراستنی شێوەی بەرهەمی کۆن یەکەم مەرجێکبوو بۆ ژیانی چینەسەنعتکارەکانی پێشوو. ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەی بەردەوامی بەرهەمهێنان، شلۆقبوونی هەمیشەیی هەموو پەیوەندییەکانی کۆمەلایەتی و، ئەم بزوتنەوە

بەردەوامەو نەبوونی ئاسایش بە بەردەوامی، ئەمانە هەموویان سەردەمی بۆرژوا لە هەموو سەردەمەکانی پێشوو جیادەکاتەوە. هەموو پەیوەندییە کۆمەلایەتییە ئاساییەکانی و نەریتی کۆنی ناو کۆمەڵ و بیروباوەڕێکی کەلە پێشوودا پشت بە ڕێزوحورمەت تەماشاکراون لێك هەڵدەوەشێتەوەو لەناودەچن. بەلام ئەو پەیوەندی و نەریتە تاوانەش کە شوێنی ئەوانی پێشویان دەگرنەوە پێشئەوەی قایم و بتەوبن، پیردەبن و زەمانیان بەسەردەچێت. هەرچی ئەوەی دەرەبەگی بێ و جیگیربووبێ وەك دوکەڵ دەڕوێتەوە. هەرچی پیرۆزبێ بەرق و کینەو سوکایەتی تەماشای دەکرێت، لەئەنجامدا خەڵکی ناچاردەبن کە بە روون و ئاشکرایی زروفی ژیان و پەیوەندییەکانی ناو خۆیان تەماشابکەن.

لەبەر ئەوەی بۆرژوا بۆ فرۆشتنی بەرهەمی، هەمیشە بازاڕی تازەی دەوێت بۆ هەموو لایەکی سەر زەوی دەچێت. پێویستە بۆ هەموو جیگەیەك بڕوات و خۆی تێهەڵقورتێنێت و پێگەی خۆی لە هەموو شوێنێك قایم بکات و لەهەمو لایەك پەیوەندی ببەستێت.

بۆرژوا بەهۆی بەکارهێنانی بازاڕی دنیاوە لەهەموو ولاتێکدا بەرگی کۆسمۆپۆلۆتی بە بەر بەرهەمهێنان و بەکاربردندا پۆشی.(بەکاربردن واتە ئیستهلاك - ج.د)

لەنێوان وەڕسبوون و پەستیی زۆری کۆنەپەرەستەکاندا بنچینە نیشتمانییەکەی پیشەسازیی لەناوبرد. پیشەسازییە کۆنە نیشتمانییەکانی تێکوپێکداو رۆژ بە رۆژ زۆرتر بەرەو تێکوپێکچوون و نەمانیان دەبات تا پیشەسازی تازە جیگەی کۆن دەگرێتەوە، پەیدابوون و بلاوبوونەوەی پیشەسازی تازە بۆ هەموو نەتەوە پێشکەوتووەکان دەبێتە مەسەلەیەکی گرنگ.

پیشەسازییەکی وا دێتەکایەوە کەرەستەی خاوی ناوخۆ بەکار ناهێنێت، بەڵکو لە دوورترین ناوچەی دنیاوە کەرەستەی خاوی بۆ دێت، بەرهەمەکانیشی نەك تەنیا لەناو ولاتدا، بەڵکو لەهەموو لایەکی دنیادا بەکاردەهێنرێت. لە جیگەی ئەو پێویستییە کۆنانە کە لە رێگەی بەرهەمهێنانی خۆ وەلاتییەوە مسۆگەردەکران،

زۆر پێویستی تازە دێنەکایەوە بۆ ئەمەش، بەرهەمی دوورترین وڵات و ئاوو هەوای جۆر بەجۆر پێویستەو، لەبریتی کەلاکەوتوویی ناوخۆیی و نیشتیمانیی جاران و لەبریتی مسۆگەرکردنی هەموو پێویستییەك بەهۆی بەرهەمی خۆ وڵاتییەوە ئاڵوگۆڕی بەروبووم لە دنیادا پەرەدەستێنێت و نەتەوەکان لەهەموو رووبەکەوە هاوپەیوەند دەبن. ئەمەش وەك چۆن دەربارەی بەرهەمی ماددی چی دەگوترێت هەروا دەرهەق بە بەرهەمی بیریش دەگونجێت. بەروبومی چالاکی ئایدلۆژی هەر نەتەوەیەك دەبێتە موڵکی هاوبەشی هەموو نەتەوەکان، بەرە بەرە وای لێدێت بۆ هیچ نەتەوەیەك ناگونجێت لە ئاسۆی تەنگەبەری خۆیدا بمێنێتەوەو بەوەندە بەسبکات. لەهەموو وێژەکانی نەتەوایەتی و ناوخۆیی وێژەیەکی جیهانی پێکدێت.

بۆرژوا بەهۆی باشکردنی خێرایی هەموو ئالەتێکی بەرهەمهێنانەوەو بەهۆی ئاسانکردنی زۆربەی هاتەچۆکردنەوە هەموو نەتەوەکان و ئەوانەش کە زۆر بەربەرین بۆ ناو شارستانێتی رادەکێشێت. نرخی هەرزانی شتومەك وەك تۆپێکی گەورە وایە لە چنگیدا، هەموو شۆرایەکی چینیی پێهەڵدەتەکێنێت و، ئەو بەربەرییانەش کە لە راستی بێگانەدا ئەوپەڕی رق و کینەکەیان هەیە سەرپێ نەوی دەکات. بۆرژوا بەهۆی هەڕەشەی مردنەوە هەموو نەتەوەکان ناچاردەکات کە شێوەی بەرهەمهێنانی بۆرژوازی بگرنەبەرو ئەو بەناو شارستانییە پەسەند بکەن، واتە ببنە بۆرژوا. بەکورتی دنیایەکی لە وێنەو شێوەی خۆی دروست دەکات.

بۆرژوا دێهاتی کردە ژێردەستی شار، شاری گەورەی دروست کردو ژمارەی دانیشتوانی شاری لەچاو لادێدا زۆر زیاترکرد، بەمجۆرە بەشێکی زۆری دانیشتوانی لە دەبەنگیی ژیانی لادێ رزگارکرد، هەر چۆن دێهاتەکانی ژێردەستەی شارەکان کردووە، هەرئاواش وڵاتانی بەربەرو نیوە بەربەری ژێردەستەی وڵاتە پێشکەوتووەکان و، نەتەوە جوتیارەکانی ژێردەستەی نەتەوە بۆرژواکان و، رۆژهەڵاتی ژێردەستەی رۆژئاوا کردووە.

بۆرژوا بەرەبەرە زۆرتر پەرشوبلاوی هێزەکانی بەرهەمهێنان و موڵکایەتی و دانیشتوانی لەناو برد. دانیشتوانی کۆکردەوەو هۆیەکانی بەرهەمهێنانی مۆڵداو موڵکایەتی خستەدەستی چەند کەسێکی کەمەوە. ئەنجامی حەتمیی ئەم ئاڵوگۆڕەش مۆڵدان و گردبوونەوەی سیاسی بو.

ناوچە سەربەخۆکان کە تا رادەیەك یەکێتی فیدراڵییان لە نێواندا بوو، بەرژەوەندو قانون و حکومەت و باج و خەراجی گومرگیی جیاوازیان هەبوو، هەموویان کۆبوونەوەو بوونە تاقە یەك نەتەوە کە تاقە یەك حکومەت و یەکچەشنە قانون و یەکجۆرە بەرژەوەندی نەتەوایەتی چینایەتییان لەدوای سنورێکی گومرگییەوە هەبوو.

بۆرژوا هەر لەسەرەتای دەسەڵاتییەوە کە کە چەرخێکی تەواویشی بەسەردا تێپەڕ نەبوو بوو، هێزی بەرهەمهێنانی ئەوتۆی هێناوەتە کایەوە لە ژمارەو لە گەورەییدا هەموو ئەوانە جێدێڵێت کە نەوەکانی پێشوو دروستیان کردووە. سەرنەوی کردن بە هێزەکانی سرووشت، بەکارهێنانی ئالەت و کیمیا لە پیشەسازی و کشتوکاڵدا، کەشتییەوانی بە هەڵم، ریگای ئاسنین، تەلگرافی کارەبایی، بە پێتکردنی ئەو کیشوەرانەی بۆر ماونەتەوە، چاکردنی روبارەکان بۆ تێپەڕبوونی پاپۆڕ، ئەو گەلانەی لەناوجەرگەی زەوییەوە هێزێکی جادوگەر فرێیدابنە دەرەوە-کام چەرخی پێشوو کام نەوەی رابردو بەخەویش ئەیاندی ئاوا لەناو جەرگەی کاری کۆمەلایەتیدا هێزی بەرهەمهێنانی وا مەزن شارابێتەوە؟...

بەمجۆرە بۆمان دەرکەوت کە هۆیەکانی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕ کە چینی بۆرژوایان لێوە پێکهاتووە لەناو کۆمەڵی دەرەبەگیدا پەیدابوون. لە پلەیەکی تایبەتی پەرەسەندن و پێشکەوتنی ئەم هۆیانەی بەرهەمهێناندایە و هەلومەرجی کۆمەڵی دەرەبەگی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕی تێدا دەکرد لەناودا نەمان، رێکوپێکی دەرەبەگی ئیتر لەگەل ئەو هێزانەی بەرهەمهێناندا کە زۆر پەرەیانسەندبوو، نە دەگونجان. ئەو پەیوەندییانە لەبریتی پەرەپێدانی

بەرهەم کۆسپیان دەخستە رێگای. وا پێویستبوو ئەم کۆت وپەیوەندە وردوخاش بکرێت و ئەوەبوو کرا.

لەجێگەی ئەم پەیوەندییانە تەراتێنی ئازادو ئەو رژێمە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی لەگەلیدا دەگونجاو، دەسەڵاتی ئابوری و سیاسی چینی بۆرژوا هاتنەگۆڕێ.

ئێستاش وا بە بەرچاوی خۆمانەوە جوڵانەوەیەکی وەك ئەمە لە کاردایە. پەیوەندییەکانی بۆرژوا سەبارەت بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕ، پەیوەندییەکانی موڵکایەتی بۆرژوا، واتە کۆمەڵی تازەی بۆرژوا. کە هۆیەکانی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕی بەچەشنێکی زۆر مەزن و فراوان هێناوەتەکایەوە، وەك ئەو جادوگەرەی لێهاتووە کە ئیتر نەتوانێت دەسەڵاتی بەسەر ئەو هێزەدا بڕوات کە خۆی بە دوعا و نوشتە هێناویەتییە کایەوە. دەیان ساڵە مێژوی پیشەسازی و بازرگانی مێژوی یاخیبوونی هێزەکانی تازەی بەرهەمهێنانە دژی پەیوەندییەکانی تازەی بەرهەمهێنان، دژی ئەو پەیوەندییانەی موڵکایەتی کە بە مەرجی بوون و دەسەڵاتی بۆرژوان، تەنیا هێندە بەسە ئەو تەنگوچەڵەمانەی بازرگانی باس بکەین کە ناو بە ناو روو ئەدەن و زۆرتر هەڕەشە لە مانەوەی هەموو کۆمەڵی بۆرژوا دەکەن. لەکاتی هەموو تەنگوچەڵەمەیەکی بازرگانیدا وەنەبێ تەنیا هەندێك بەرهەمی پیشەسازی ئامادە لەناوبچێت و بەس، بەڵکو هەروەها بەشێکی گەورەی هێزەکانی بەرهەمهێنانیش لەناو ئەبەن. لەکاتی رووداني تەنگوچەڵەمەدا، بەلایەك بەسەر کۆمەڵ دێت کە لە چەرخەکانی رابردوودا وەك پڕوپووچییێکی ناماقوڵبووە ئەویش بەلای زۆربوونی بەرهەمە. کۆمەڵ بەیەکجاری پاشئەکەوێت و ئەگاتە بارێکی بەربەریی شپرزەوە، وەك برسێتی و یان شەڕێکی وێرانکار رووی دابێ و هۆی گوزەران و سەرچاوەی ژیانی لە کۆمەڵ بڕیبێت، پیشەسازی و بازرگانی وا دێنە بەرچاو وەك تووشی وێرانی و کاولی بووبن. جا ئەمە لەبەرچییە؟ ئەمە لەبەر ئەوەیە چونکە لە کۆمەڵدا شارستانی زۆر دەبێت و هۆی گوزەران زۆردەبێت و پیشەسازی وبازرگانی زۆردەبن، هێزەکانی بەرهەمهێنان

له کۆمه‌ڵدا یارمه‌تی په‌ره‌سه‌ندنی شارستانیه‌تی بۆرژواو په‌یوه‌ندییه‌کانی نادەن. به‌ پێچه‌وانه‌وه‌ ئه‌م هێزانه‌ له‌چاو په‌یوه‌ندییه‌کاندا زۆر گه‌وره‌بوون و ئه‌و په‌یوه‌ندییانه‌ بوونه‌ته‌ کۆسپ و ته‌گه‌ره‌ی ڕێگه‌ی په‌ره‌سه‌ندنی هێزه‌کانی به‌رهه‌مهێنان. هه‌رکاتێك هێزه‌کانی به‌رهه‌مهێنان به‌سه‌ر ئه‌م کۆسپانه‌ زاڵبوون، ئه‌وا په‌شێوی له‌سه‌رانسه‌ری کۆمه‌ڵی بۆرژوادا ئه‌خه‌نه‌وه‌و بوونی موڵکایه‌تیی بۆرژوا ده‌خه‌نه‌ به‌رده‌می مه‌ترسییه‌وه‌. په‌یوه‌ندییه‌کانی بۆرژوا زۆر ته‌نگه‌به‌ر بوونه‌ته‌وه‌و جێگه‌ی ئه‌و سامانه‌ زۆره‌یان تێدانابێته‌وه‌ که‌ له‌ ناو جه‌رگه‌یاندا په‌یدابووه‌.

جا ئایا بۆرژوا چۆن به‌سه‌ر ئه‌م ته‌نگوچه‌ڵه‌مانه‌دا زاڵده‌بێت؟ له‌ لایه‌که‌وه‌ به‌ تێکوپێکدانی به‌شێك له‌ هێزه‌کانی به‌رهه‌مهێنان، له‌لایه‌کیتریشه‌وه‌ به‌ ده‌سه‌ڵاتگرتن به‌سه‌ر بازاڕی تازه‌دا و به‌کارهێنانی زۆرتری بازاڕه‌ کۆنه‌که‌، واته‌ ئاماده‌کردنی ته‌نگوچه‌ڵه‌مه‌ی فراوانتر و گه‌وره‌و ترسناکترو، به‌که‌مکردنه‌وه‌ی ئه‌و هۆیانه‌ی ڕێگه‌ی ته‌نگوچه‌ڵه‌مه‌که‌ ئه‌گرن.

ئه‌و چه‌که‌ی بۆرژوا بۆ ڕوخاندنی ده‌ره‌به‌گیی به‌کاریهێنا ئه‌مڕۆ ئاراسته‌ی بۆرژوازی خۆی ده‌کرێت. به‌ڵام وه‌نه‌بێ بۆرژوا به‌ ته‌نیا ئه‌و چه‌که‌ی دروستکردبێ که‌ خۆی پێده‌گوژێ، به‌ڵکو هه‌روه‌ها ئه‌و خه‌ڵکه‌شی هێناوه‌ته‌کایه‌وه‌ که‌ ئه‌م چه‌که‌ی له‌ڕوودا به‌کاردێنن: ئه‌وانه‌ش کارگه‌رانی هاوچه‌رخن، واته‌ پرۆلیتاریا.

به‌گوێره‌ی پله‌ی په‌ره‌سه‌ندنی بۆرژوا، یانی به‌گوێره‌ی په‌ره‌سه‌ندنی سه‌رمایه‌، پرۆلیتاریاش، یانی چینی کارگه‌رانی هاوچه‌رخ په‌ره‌ده‌ستێنێت، ئه‌و چینه‌ هه‌ر هێنده‌ ده‌توانێت بژی که‌ کاری ببێت و، ئه‌و کاته‌ کار ده‌دۆزێته‌وه‌ که‌ کاره‌که‌ی سه‌رمایه‌ زۆر بکات. ئه‌و کارگه‌رانه‌ی ناچارن تاکه‌ تاکه‌ خۆیان بفرۆشن که‌لوپه‌لن، وه‌ك هه‌ر که‌لوپه‌لێکی دیکه‌ی بازرگانی وان و به‌مجۆره‌ ده‌ردو مه‌ینه‌تی هه‌موو ئاڵوگۆڕێکی ته‌راتێن و شه‌پۆلدانێکی بازاڕ ده‌چێژن.

له‌ئه‌نجامی زۆربوونی به‌کارهێنانی ماشێن و دابه‌شبوونی کاردا، کاری پرۆلیتاریا هه‌موو سروشتێکی شه‌خسیی له‌ده‌ستچووه‌، هیچ هێزێکی ڕاکێشه‌ری بۆ کارگه‌ تێدا

نەما. کارگەر بووە پاشەڕۆکی ئاسایی ماشێن، ئەو کارەی لێی داوادەکرێ کارێکی ئاسایی و رێکوپێك و ئاسانە، لەبەر ئەوە هەموو دەستکەوتێکی کارگەر هەرهێندەیە بۆ پاراستنی ژیان و پاراستنی رەگەزی خۆی پێویستە، نرخی کاریش وەك نرخی هەموو کالآیەك لەگەل مەسرەفی بەرهەمهێناندا یەکسانە. لەبەر ئەوە چەند کار زۆربێ، ئەوەندەش کرێ کەمدەبێتەوە. وێرای ئەمەش چەند ماشێن زۆربێ و دابەشبوونی کار فرەبێت، ئەوەندەش چەندایەتی کار زۆردەبێت، ئەمەش یان بەهۆی زۆرکردنی سەعاتی کارەوە، یان بەهۆی پەلەکردنەوە لە کاردا لە ماوەیەکی تایبەتیدا و، یاخود بەهۆی ئیشپێکردنی خێرایی ماشینەکانەوە...هتد پیشەسازی تازە، وردە دوکانی وەستای(پاتریارهاڵ)ی[1] گۆڕی بە کارخانەی گەورەی سەرمایەداری پیشەگەر. کۆمەلآنی کارگەران لە کارخانەکاندا لەسەر شێوەی سوپا رێکدەخرێن. ئەوان لە پیشەسازییدا وەك سەربازی عادەتی کەوتونەتە ژێر چاودێریی کۆمەڵێك ئەفسەری گەورەو بچوکەوە. ئەوان نەك تەنیا کۆیلەی چین و دەوڵەتی بورژوان و بەس، بەڵکو هەروەها رۆژبەرۆژ سەعات بە سەعات بوونەتە کۆیلەی ماشێن و چاودێران و بەتایبەتی بوونەتە کۆیلەی هەموو بۆرژوایەکی خاوەن فابریقە بەشێوەی تایبەتی. هەرچەندە ئەم زۆردارییە دەستکەوتنی قازانج بکاتە تاقە ئامانجی خۆی، ئەوەندە زۆرتر چارەگران و دوژمنانەترو مایەی بێزاری توندوتیژتر دەبێت.

هەرچەندە دەستکار شارەزایی و هێزبەکارهێنانی زۆرتر پێویستبێت، واتە هەرچەندێك پیشەسازی تازە زۆرتر پێشکەوێت، ئەوا کاری ئافرەت و مندالآن، زۆرتر جێگای کاری پیاوان دەگرێتەوە. بۆ چینی کارگەران جیاوازی نێرو مێ و تەمەن، بایەخێکی کۆمەلآیەتی نامینێت. هەموو تەنیا دەبنە دامودوزگای کارکردن و بەگوێرەی تەمەن و نێرو مێیی مەسرەفیان دەگۆڕدرێت. پاش ئەوەی

---

[1] ، پاتریارهاڵ: وشەیەکی لاتینییە، واتە باوکایەتی، سەرگەورەی خێڵ، رژێمی باوکایەتی، مانەوەی پیشە لە باوکەوە بۆ نەوەکانی -وەرگێڕ-.

رەنجخۆری کارگەر لەلایەن خاوەن کارگەوە بەو پێیە رووئەدات کە کارگەر کرێی خۆی بە پارە وەردەگرێت، ئینجا کارگەر دەبێتە نێچیری کەسانی دیکەی بۆرژوا وەك: خاوەنخانو، بەقاڵ و وەردەفرۆش و سووخۆر...هتد

دەستەو تاقمەکانی چینی ناونجی وەك: پیشەگەرە وردەکان، وردەبازرگان و پارەدارەکان[1] سەنعەتکارو وەرزێران، هەموو ئەم چینانە دێنە ریزی پرۆلیتاریاوە، هەندێکیان لەبەر ئەوەی چونکە سەرمایەکانیان کەمەو بەشی کارگەی پیشەسازی ناکات، لە مەیدانی تەراتێنی سەرمایەدارە گەورەکاندا دەبەزن و نابوت دەبن، هەندێکیشیان لەبەر ئەوەی شارەزایی سنعەتکارییان لە ئەنجامی پەیدابوونی شێوەی تازەی بەرهەمهێناندا نرخ و بایەخیان نامێنێت. بەمجۆرە پرۆلیتاریا لە هەموو چینەکانی دانیشتوانەوە دێتەکایەوەو پەیدا دەبێت.

پرۆلیتاریا بە زۆر پلەی پەرەسەندندا تێپەڕدەبێ وخەباتی دژی بۆرژوا یەکەوڕاست لەگەل پەیدابوونیدا دەستپێدەکات. لەسەرەتادا کارگەران تاکە تاکەو ئینجا کارگەرانی یەك کارگە، پاشان کارگەرانی سنفێکی کارکردن پێکەوە رووبەڕووی ئەو بۆرژوازیەی راستەوخۆ رەنجیان دەخوات، خەبات دەستپێدەکەن، ئەوان وەنەبێ تەنیا بۆسەر پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی بۆرژوا هێرش دەبەن، بەڵکو هەروەها بۆسەر دامودەزگای بەرهەمهێنانیش هێرشدەبەن، کەلوپەلی بییانیان کە تەراتێنیان رووبەڕوو دەکات لەناو دەبەن، ماشینەکان دەشکێنن، کارگەکان دەسوتێنن و بۆ دەستکەوتنەوەی وەزعی فەوتاوی کارگەرانی چەرخەکانی ناوەڕاست کۆشش دەکەن. لەم پلەیەدا پرۆلیتاریا کۆمەڵە خەڵکی پەرشوبلاون لە سەرانسەری وڵاتداو تەراتێن بەشبەشی کردوون. یەکگرتن ویەکخستنی ریزەکانی کۆمەلانی خەڵکی کارگەر وەنەبێ لە ئەنجامی یەکێتی

---

[1]/ مەبەست لەو کەسانەیە کە لەسەر دەستکەوتێك بژین بێڕەنجی شان پەیداکرابێت -وەرگێڕ-.

خۆیانەوە پێکبێت، بەڵکو ئەنجامی یەکێتی بۆرژوایە کە بۆ ئەوەی بە ئامانجە سیاسییەکانی خۆی بگات لەسەری پێویستەو هێشتا ئەو توانایەشی هەیە هەموو بۆرژوا بخاتە جووڵە. لەم پلەیەدا پرۆلیتارەکان رووبەڕووی دوژمنانی خۆیان خەبات ناکەن، بەڵکو رووبەڕووی دوژمنی دوژمنیان، دژی پاشماوەکانی رژێمی پاشایەتی زۆردارو خاوەن موڵکەکان و دژی ئەو بۆرژوایانەی پیشەسازنین و ، دژی وردەبۆرژواکان. لەبەر ئەمە هەموو جوڵانەوەی مێژو لەناو دەستی بۆرژوادا کۆبۆتەوەو دەستکەوتنی هەموو سەرکەوتنێکیش لەم هەلومەرجەدا سەرکەوتنی بۆرژوایە. بەڵام لەگەل پەرەسەندنی پیشەسازیدا پرۆلیتاریا نەك تەنیا لەبارەی ژمارەوە زۆرتردەبێت بەجۆرێکی وا خۆیشی هەست بەمە دەکات. جا لەبەر ئەوەی ماشین بەرەبەرە زۆرتر فەرق و جیاوازی میانەی ئیشوکاری جۆربەجۆر لەناودەبات و وای لێدێت، لەهەموو شوێنێك کرێ نزمدەکاتەوە و رۆژ لەدوای رۆژ بەرژەوەندی پرۆلیتارەکان و باری ژیانیان وەك یەکی لێدێت. تەراتێنی نێوان بۆرژوازەکان خۆیان و ئەو تەنگوچەڵەمانەی بازرگانی کەلەمەوە پەیدا دەبن کارێکی وادەکەن کرێ و رۆژانەی کارگەران جێگیر نەبێت و پەی دەرپەی ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت. باشکردنی بەردەوام و خێرای ماشینەکان کارێکی وادەکات کە باری ژیانی پرۆلیتاریا رۆژ لەدوای رۆژ نامسۆگەرتر بێت. پێکداهەڵپژانی تاك وتەرای کارگەرو بۆرژوا بەرەبەرە سروشتی پێکداهەڵپژانی نێو دوو چین پەیدا دەکات. کارگەران رووبەڕووی بۆرژوا هاوکاری سازدەکەن[1]. لە پێناوی پاراستنی کرێیاندا یەکدەگرن و کۆمەڵەی هەمیشەیی دروست دەکەن تا بۆ راپەڕینی ئێستایان کاروبار ئامادە بکەن. لەهەموو لایەکەوە خەبات لە شێوەی راپەڕینی شۆڕشگێڕیدا دەتەقێتەوە.

هەندێجار کارگەران سەردەکەون، بەڵام سەرکەوتنەکەیان درێژە ناکێشێت. ئەنجامی راستەقینەی خەباتیان سەرکەوتنی راستەوخۆ نییە، بەڵکو یەکێتیی

---

[1]/ لەچاپی 1888دا وتراوە"نەقابەی پیشەیی"پێکدێنن.

بەردەوامی پەرەسەندووی کارگەرانە. لەرێگەی هۆیەکانی پەیوەندی وهاتوچۆکردنەوە کەلەلایەن پیشەسازی گەورەوە پێکدێت و مۆڵەت دەخاتە بەردەمی کارگەران کە لە هەموو لایەن و ناوچەیەکەوە پەیوەندی لەگەل یەکتر ببەستن، پێکهێنانی ئەم یەکێتییە ئاسانتردەبێت. ئەم پەیوەندییە بەسە بۆ ئەوەی زۆر خەباتی ناوخۆیی کارگەران کەلە هەموو لایەکەوە دەسپێدەکرێن و سرووشتیان یەکە ببنە خەباتێکی نیشتیمانی و خەباتێکی چینایەتی خەباتی سیاسییە، ئەو یەکێتییەی خەڵکی چەرخەکانی ناوەڕاست، لەبەر ئەوەی ئەوکاتە رێگەوبانیان زۆر ناخۆش و سەرەتایی بوو، لەچەند چەرخێکدا سازیان ئەدا، ئێستا پرۆلیتاریای تازە بەهۆی رێگای ئاسنینەوە بەچەند ساڵێك پێکیدەهێنێت. سەرلەنوێ لە ئەنجامی تەراتێنی ناو کارگەران خۆیاندا رێکخستنی کارگەران لە چینێکداو پاشان لە پارتێکی سیاسیدا هەموو کاتێك دەکەوێتە بەر هەڵوەشانەوەو تێکوپێکچوونەوە. بەلام ئەم رێکوپێکییە سەرلەنوێ پێکدێتەوەو توندوتۆڵترو پتەوترو بەهێزتر دێتەوە مەیدان. لە دابەشبوونی بۆرژوا سودمەنددەبێت و ناچاریان دەکا هێندێ بەرژەوەندیی چینی کارگەران بە مەشروع بزانن و بە یاسا دانیان پێدابنێن، وەك یاسای کردنی ماوەی ئیشی کارگەران بە دە سەعات لە ئنگلتەرا. بەیەکادان و پێکهەڵپژانی ناو کۆمەڵی کۆن بەشێوەیەکی گشتی و لەزۆر رووەوە یاریدەی پەرەگرتن و پێشکەوتنی خێرایی پرۆلیتاریا ئەدەن.

بۆرژوا هەمیشە وا لە کۆڕی خەباتدایە: لەسەرەتادا دژی ئارستۆکرات، درەنگتر رووبەڕووی ئەو بەشانەی بۆرژوا خۆی کە بەرژەوەندییان لەگەل پێشکەوتنی پیشەسازیدا ناگونجێت و، بەجۆرێکی هەمیشەیی لەدژی بۆرژوازی گشت ولاتانی بێگانە. لەم خەباتەدا بۆرژوا خۆی ناچاردەبێت بۆ پرۆلیتاریا پەنابەرێت و یاریدەرو کۆمەکی لێداوابکات، بەم جۆرە بۆ ناو جولانەوەی سیاسی رایدەکێشێت. بەم جۆرە بۆرژوا بەدەستی خۆی پرۆلیتاریا چەکداردەکات و بەشەکانی رۆشنبیری

خۆی ئەداتێ[1]. واتە ئەو چەکیشی پێدەدا کە بەرەنگاریی خۆی پێبکات. دواجار وەك دیمان، لە ئەنجامی پەرەگرتن و پێشکەوتنی پیشەسازیدا چەند بەش و دەستەیەکی تەواوی چینی فەرمانڕەوا لەبەرەیەك هەڵدەوەشێنەوەو دێنە ناو ریزەکانی پرۆلیتاریاوە. یاخود بەلایەنی کەمەوە بارو مەرجی ژیانیان دەکەوێتە بەردەمی هەڕەشەوە، هەروەها ئەم بەشانەش زۆر بیرو باوەڕی رۆشنبیری بۆ پرۆلیتاریا دێنن. پاشان کاتێك خەباتی چینەکان لە پلەی کۆتایی و سەرکەوتن نزیکدەبێتەوە، هەڵوەشاندنەوەو تێکوپێکچوونی چینی فەرمانڕەواو هەموو کۆمەڵی کۆن هێندە بەتوندی دەست پێدەکات تا بەشێکی کەمی ئەم چینەی فەرمانڕەوا جیادەبێتەوەو دێتە پاڵ چینی شۆڕشگێڕ، دێتەپاڵ ئەو چینەی خاوەنی دوارۆژە.

هەر وەك چۆن لە رابوردوودا بەشێك لە دەرەبەگە"رەسەنەکان" چوونە پاڵ سوپاگەی بۆرژوا، هەر ئاواش ئەمڕۆ بەشێکی بۆرژوا دەچێتەپاڵ سوپاگەی پرۆلیتاریا، بەتایبەتی بەشێکی بۆرژوا بیر روناکەکانە کە توانییان بگەنە رادەی تێگەیشتنی تیئۆری گشت جولانەوەی مێژویی.

دەستەو توێژە ناوەندەکان، سنعەتکارە وردەکان، وردەفرۆشەکان، پیشەگەران و جوتیاران لەناو هەموو ئەو چینانەدا کە ئێستا راستەوخۆ بەرەنگاری بوونەتەوە تەنیا یەك چینیان بەراستی شۆڕشگێڕە کە ئەویش چینی پرۆلیتارە. هەموو چینەکانیتر لەگەل پەرەسەندنی پیشەسازیی گەورەدا دەڕوخێن و لەناودەچن، بەلام بە پێچەوانەی ئەمەوە، پرۆلیتاریا بەروبوی تایبەتی پیشەسازییە.

هەموو لەبەر ئەوە رووبەڕووی بۆرژوا خەبات ئەکەن تا بوونی خۆیان وەك چینێکی ناوەند بپارێزن. بەمجۆرە دەرئەکەوێت کە ئەمانە شۆڕگێڕنین، بەڵکو کۆنسێرواتۆرن، لەوەش زیاتر دەتوانین بڵێین کۆنەپەرستن، چونکە دەیانەوێ

---

[1]/ لەچاپی1888دا وتراوە: "هەموو بەشێکی رۆشنبیری سیاسی و گشتی خۆی ئەداتێ".

ڕەوڕەوەی مێژو بۆ دواوە بگێڕنەوە. بەڵام کە دەیانبینن بەچەشنێکی شۆڕشگێڕی دەجولێنەوە لەبەر ئەوەیە کە دەزانن بەو نزیکانە دەچنەریزی پرۆلیتاریاوە، لەبەر ئەوە پارێزگاری لە بەرژەوەندی ئایندەیان دەکەن نەك لە بەرژەوەندیی ئێستایان و، لەبیروڕای تاییەتی خۆیان وازدێنن تا بیروڕای پرۆلیتاریا بۆ خۆیان بگرن.

"لومپێن پرۆلیتاریا" یانی خەڵکی تەمبەل و گەندەڵی ناو کۆمەڵ، پاشماوەی هەرە نزم و خوێڕییەکانی ناو کۆمەڵ، لەلایەن شۆڕشی پرۆلیتاریاوە بۆ ناو جوڵانەوە بەکێش دەکرێن، بەڵام ئەمانە زروفی مەعیشەت و باری ژیانیان وایان لێدەکات زۆربەزوویی خۆیان بەتەڵەکەبازیی کۆنەپەرستی بفرۆشن. باری ژیانی ناو کۆمەڵی کۆن نەماو لەناو باری ژیان و گوزەرانی پرۆلیتاریادا شوێنەواری ونبوو. پرۆلیتاریا لە موڵکایەتی بێبەشە، پەیوەندییەکانی ئەو لەگەل ژن و ماڵ و منداڵدا بەتەواوی لە پەیوەندییەکانی ناو خێزانی بۆرژوا جیاوازە، کاری پیشەسازی نوێ، ژێردەستەیی سەرمایە بەشێوەی تازە، چ لە ئەنگلتەرا یان لە فەرەنسا، یاخود لە ئەمریکا و ئەڵمانیادا کارگەریان لەگشت روخسارێکی نیشتمانی روتاندۆتەوە. یاساو رەوشت و ئاین، خەرافیاتی بۆرژوان و زیانیان ئەوەیە بەرژەوەندەکانی بۆرژوایان لە پاڵدا شاردراوەتەوە.

هەموو ئەو چینانەی لە رابردودا دەسەلآتیان دەگرتەدەست، کۆششیان دەکرد ئەو حاڵە جیگیربکەن کە دەستیان دەکەوت و، هەموو کۆمەڵیان سەرشۆڕی موڵکایەتی تاییەتی خۆیان دەکرد. پرۆلیتاریا بەروخاندنی شێوەی موڵکایەتی تائێستای ئەو چینانە نەبێ، ناتوانێ هێزەکانی بەرهەمهێنی ناو کۆمەڵ بگرێتەدەست، بەم چەشنە ئەبێ هەموو شێوەیەکی موڵکایەتی پێشوو تا ئەمرۆ لەناو بەرێت. پرۆلیتاریا هیچ شتێکی تاییەتی نییە تا پارێزگاری لێبکات، دەبێ هەموو ئەوەی تا ئێستا موڵکایەتی تاییەتی دەپاراست و مسۆگەردەکرد، وردوخاش بکات.

هەموو جوڵانەوەیەك كە بە درێژایی مێژو تا ئەمڕۆ روویانداوە یا جوڵانەوەی کەمایەتی بوون یاخود لەقازانجی کەمایەتی بوون. بەڵام جوڵانەوەی پرۆلیتاریا جوڵانەوەیەکی سەربەخۆیی زۆربەی زۆری خەڵکە، لەپێناوی بەرژەوەندیی زۆربەی خەڵکیدایە. پرۆلیتاریا کە چینی هەرە خوارەوەی ناو کۆمەڵی ئێستایە بەبێ راماڵینی بەشەکانی سەرەوەی ئەو توێژانەی کۆمەڵی رەسمیی ئێستایان لێپێکهاتووە ناتوانێت راستەوەبێت و خۆی ئازاد بکات.

هەرچەندە خەباتی پرۆلیتاریا رووبەڕووی بۆرژوا لە بنچینەدا خەباتێکی نیشتیمانی نەبێت، بەڵام لەشێوەدا لەپێش هەموو شتێکدا دەبێ لە بۆرژوای وڵاتی خۆی رزگاربێت.

ئێمە بەشێوەیەکی گشتی پلەکانی پەرەگرتنی پرۆلیتاریامان باسکرد، هەر لەو کاتەشدا مێژوی شەڕی خۆوڵاتی ناو کۆمەڵی تازەمان خستەروو تا ئەو کاتەی ئەم شەڕە دەتەقێتەوەو پرۆلیتاریا پاش ئەوەی بۆرژوا لەناودەبات بەزەبری هێزو توندی بەکارهێنان دەسەڵاتی خۆی دائەمەزرێنێت.

هەروەك دیمان، هەموو کۆمەڵەکانی پێشوو، لەسەر ناکۆکی نێوان چینەکانی چەوسێنەرو چەوساوە پێکهاتن. بەڵام بۆ چەوسانەوەی هەر چینێك دەبێ بە لایەنی کەمەوە مەرجەکانی گوزەرانی بۆ مسۆگەر بکرێت تا بتوانێت لەژێر باری کۆیلایەتی و چەوسانەوەدا بژی. بەو جۆرە وەرزێری ژێردەست گەیشتە ئەوەی ببێتە ئەندامی کۆمونە(هەرەوەزی)، هەروەها وردەبۆرژواش لەژێر سایەی توندترین زۆرداریی دەرەبەگیدا گەیشتە پلەی بۆرژوا. بەڵام کارگەری نوێ بەتەواوی پێچەوانەی ئەمەی لێبەسەردێت، لەبری ئەوەی شانبەشانی پێشکەوتنی پیشەسازی ببۆژێتەوە ئەبینین بەردەوام پەرێشانتر دەبێت و رادەی ژیانی نزم دەبێتەوە تا ئەگاتە رادەیەکی زۆر نزمترو خراپتر لەمەرجەکانی ژیانی چینەکەی خۆیشی. کارگەر دەکەوێتە باوەشی برسێتی و رەشورووتییەوە، هەژاری و رەشورووتی خێراتر لە زۆربوونی دانیشتوان و سامان تەشەنەدەستێنێت. بەمجۆرە ئاشکرا دەردەکەوێت کە بۆرژوا ئیتر ناتوانێت لە کۆمەڵدا چینی

فەرمانڕەوابێت، بۆی نالوێت مەرجەکانی ژیانی چینەکەی خۆی و باری ژیانی بەوێنەی یاسایەکی رێکوپێك بەسەر کۆمەڵدا داسەپێنێت. بۆرژوا ئیتر ناتوانێت فەرمانڕەوایی بکات، چونگە تواناى ئەوەیش نامینێت کە بۆ کۆیلەکەی خۆی گوزەرانێکی وا پەیدابکات کە لەگەل کۆیلەیەتییدا بگونجێت، ئیتر ناچاردەبێت بیّ سەرپەرشتی بەرەلای بکات تا زۆر پەرێشانبیّ و بگاتە رادەیەکی وا کە پێویستبیّ بۆرژوا خۆی نانی بدات نەك وەك جاران نانی خۆی بەهۆی ئەوەوە دەستکەوێت. کۆمەڵ تواناى ئەوەی نامینێت لەژێر دەسەلاتی بۆرژوادا بژی. یانی بوونی بۆرژوا لەگەل کۆمەڵدا ناگونجێت.

مەرجی بنچینەیی مانەوەو دەسەلاتی بۆرژوا کۆکردنەوەی سامانە لە چنگی هەندیّ کەسدا، پەیداکردن و زۆرکردنی سەرمایەیە، مەرجی پەیدابوونی سەرمایەش کاری کرێگرتەیە. کاری کرێگرتەش بەتەواوی لەسەر تەراتێنی ناو کارگەران خۆیان وەستاوە، پێشکەوتنی پیشەسازی کە بۆرژوا بە ناچاری و سستی کۆلی داوەتەوەبەر دەبێتە هۆی نەمانی دوورەپەرێزی کارگەران لەیەکتر کە لە ئەنجامی تەراتێن(منافەسە)دا روویداوەو، لەجێگای ئەو دوورەپەرێزییە یەکێتیی شۆڕشگێڕی کارگەران و کۆبوونەوەیان لە کۆمەڵدا پێکدێت. بەمجۆرە پێشکەوتنی پیشەسازی قورس، ئەو بنچینەیەی کە رژێمی بەرهەمهێنان و موڵکایەتی لەسەربەندە لەژێر پێی بۆرژوا دەردێنێت، بۆرژوا لەپێش هەموو شتێکدا گۆڕهەڵکەندی خۆی دێنێتە بەرهەم، لەناوچوونی بۆرژواو سەرکەوتنی پرۆلیتاریا حەتمییەو هەردەبیّ رووبدات.

# 2- پرۆلیتاریا و کۆمونیستەکان

**بەشێوەیەکی گشتی هەڵویستی کۆمونیستەکان بەرامبەر پرۆلیتاریا چۆنە؟**

کۆمونیستەکان پارتێکی جیاوازنین، بەرەنگاری پارتەکانی دیکەی کارگەران بکەن. ئەوان بەرژەوەندی وایان نییە لە بەرژەوەندی گشت پرۆلیتاریا جیاوازبن. ئەوان بیروباوەڕی جیاوازیان نییە[1] بیانەوێ بزووتنەوەی پرۆلیتاریا بخەنە ناو قاڵبییەوە.

کۆمونیستەکان بەوە لە پارتەکانیتری پرۆلیتاریا جوێدەکرێنەوە کە لە لایەکەوە لە خەباتی پرۆلیتاریای نەتەوە جۆربەجۆرەکاندا، بەرژووەندی هاوبەشی هەموو پرۆلیتاریا، وێرای جیاوازی نەتەوە، دەخەنە پێشەوەو دیفاعی لێدەکەن، لەلایەکیتریشەوە بەوەدا کەلە قۆناغی جیاجیای پەرەسەندووی خەباتی نێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوادا ئەوان هەمیشە بەرژەوەدییەکانی سەرانسەری بزوتنەوەکە بەگشتی نوێنەرایەتی دەکەن. بەمجۆرە دەبینین کۆمونیستەکان لەکردەوەدا بەبڕیارترین تیپێکی ناو پارتەکانی کارگەرانن لەهەموو وڵاتێکدا، تیپێکی وا کە هەمیشە لە باری تیئۆرییەوە بەرەوپێش دەڕۆن و، لەچاو بەشەکانی دیکەی پررۆلیتاریا ئەمان ڕەوشنتر زروف و ڕێڕەوو، ئەنجامە گشتییەکانی جوڵانەوەی پرۆلیتاریا تێدەگەن.

ئامانجی ڕاستەوخۆی کۆمونیستەکان وەك ئامانجی هەموو پارتەکانیتری پرۆلیتاریایە: دامەزراندنی پرۆلیتاریا وەك چینێك، تێکدانی دەسەڵاتی بۆرژواو، سەپاندنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن پرۆلیتاریاوە.

---

[1] / لەچاپی 1888دا وتراوە: "ئەوان بیروباوەڕی پەرێزگیریان نییە...هتد"

بیروڕای تیئۆریی کۆمونیستەکان، بەهیچ جۆرێك، لەسەر بیروباوەڕێك دانەمەزراوە کە لەلایەن ئەم یان ئەو ڕێپیشادەری جیهانەوە داهێنرابێت، یاخود دۆزرابێتەوە. ئەم بڕوایانە تەنیا دەربڕینێکی گشتیی زرووفی واقیعی خەباتی چینایەتی و ئەو جوڵانەوە مێژووییەن کەوا بەبەرچاومانەوە لەکاردایە. لەناوبردنی پەیوەندییەکانی موڵکایەتی پێشوو خاسییەتی تایبەتی کۆمونیزم نییە. هەموو پەیوەندییەکانی موڵکایەتی زۆر ئاڵوگۆڕی مێژوویی بەرەودواو سەرەوژێربوونی مێژوویی بەردەوامیان بەسەر هاتووە. بۆ نموونە شۆڕشی فەرەنسا، بۆ بەرژەوەندی موڵکایەتی بۆرژوا، موڵکایەتی دەرەبەگیی لەناوبرد.

وەنەبێ خاسیەتی کۆمونیزم، لەناوبردنی هەموو شێوەیەکی موڵکایەتی بێ بەگشتی، بەڵکو لەناوبردنی موڵکایەتی بۆرژوایە.

بەڵام موڵکایەتی تایبەتی ئێستای بۆرژوا، دواهەمین و تەواوترین دەربڕینێکی شێوەی بەرهەمهێنان و موڵکایەتییە، کەلەسەر ناکۆکی ناو چینەکان و چەوسانەوەی هەندێك کەس لەلایەن کەسانیترەوە دامەزراوە.[1]

بەمجۆرە کۆمونیستەکان، دەتوانن لەم بارەیەوە ئەم تاقە شێوەیە پوختبکەن و بیخەنە روو: لەناوبردنی موڵکایەتی تایبەتی.

لەسەر ئێمەی کۆمونیست ئەوە بەخراپە دادەنێن کە ئێمە ئەمانەوێ موڵکایەتییەك لەناوبەرین کە بەهۆی ئیشوکاری شەخسییەوە دەستکەوتووە، ئەو موڵکایەتییەی کە وەك ئەڵێن بناغەی هەموو ئازادی و چالاکی و هەموو سەربەخۆییەکی شەخسییە.

موڵکایەتییەك بەهۆی رەنج و کاری شەخسییەوە دەستکەوتووە! ئایا لەم قسەیە نیازتان موڵکایەتی پێش بۆرژوایە؟ ئەگەر نیازتان لە موڵکایەتی وردەبۆرژاوو

---

[1]/لەچاپی ئینگلیزی ساڵی1888دا لەجێگای(چەوسانەوەی هەندێك کەس لە لایەن کەسانیترەوە)وتراوە:(چەوسانەوەی زۆربەی خەڵکی لەلایەن کەمایەتییەوە).

ورده وەرزێره، ئێمە، کۆمونیستەکان، هیچ لاریمان لەمە نییە و ناشمانەوێ ئەمجۆرە موڵکایەتییە لەناوبەرین، چونکە پێشکەوتنی پیشەسازی ئەمجۆرە موڵکایەتییەی لەناوبردووە، هەموو ڕۆژێك خەریکی لەناوبردنیەتی.
یا دوورنییە نیازتان لە موڵکایەتی تایبەتی ئێستای بۆرژوا بێت؟
لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە:
ئایا کاری کرێگرتە، موڵکایەتی بۆ پرۆلیتاریا دەستدەخات؟ بێگومان ئەء...بەهیچ جۆرێك شتیوا روونادات، بەڵکو سەرمایە پێکدێنێت، یانی ئەو موڵکایەتییەی کە کاری کرێگرتە دەڕوتێنێتەوە. بە مەرجێك زۆردەبێ و دەبوژێتەوە کە بەردەوام کاری کرێگرتە بەرهەم بێنێت، تاوەکو سەرلەنوێ بیروتێنێتەوە..
موڵکایەتی لەم شێوەیەی ئێستایدا، لە نێوان ئەم دوو لایەنە ناکۆکەدا دێت و دەچێ: سەرمایەو کاری کرێگرتە...جابا بێینە سەرباسی هەر لایەك لە لایەنەکانی ئەم ناکۆکییە:
کەسێك ئەگەر سەرمایەداربێ، مانای وایە لە بەرهەمدا نەك تەنیا شوێنێکی شەخسی، بەڵکو هەروەها شوێنێکی کۆمەڵایەتیشی هەیە. سەرمایەداری بەرهەمی بە کۆمەڵەو، بەهەوڵ و کۆششی ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی کۆمەڵ نەبێت، ناتوانرێت بەڕێوەببرێت و بخرێتەکار، پاشان وای لێدێت بۆ ئەو مەبەستە هەوڵ و تەقەلای هاوبەشی گشت ئەندامانی کۆمەڵ پێویستە.
کەوابو، سەرمایە هێزێکی شەخسی نییە، بەڵکو هێزێکی کۆمەڵایەتییە.
جا لەبەر ئەوە، ئەگەر سەرمایە کرایە موڵکی گشتی، هاوبەشی هەموو ئەندامانی کۆمەڵ، ئەمە مانای وانیە کە موڵکایەتی شەخسی بۆتە موڵکایەتی بەکۆمەڵ. بەڵکو موڵکایەتی تەنیا خاسیەتی کۆمەڵایەتی دەگۆڕدرێت. موڵکایەتی خاسیەتی چینایەتی نامینێت.
با ئێستا بێینە سەر باسی کاری کرێگرتە:

نرخی ناوەندی کاری کرێگرتە، بریتییە لە رادەی هەرە نزمی کرێ، واتە هەموو ئەو هۆیانەی بۆ ئەوە پێویستن کە کارگەر وەك کارگەرێك بژی. لەمەوە بۆمان دەرئەکەوێت کە ئەوەی کارگەری کرێگرتە بە هەوڵ و تەقەلاو رەنجی خۆی دەستیدەکەوێت، هەر هێندەیە کە پێی بژی و، ژیانی مەمرەو مەژیّ پێبەرێتەسەر. ئێمە هەرگیز بەهیچ جۆرێك نامانەوێ ئەم موڵکایەتییە شەخسییەی بەرهەمی کار کە بۆ پاراستنی ژیان و مانەوەی ئادەمیزاد پێویستە لەناوبەرین. ئەم جۆرە موڵکایەتییە کەمترین پاشەکەوتی وای نییە تا مرۆڤ بتوانێت بەهۆیەوە، بەسەر کاری خەڵکیتردا دەسەڵات بگرێت. ئێمە دەمانەوێ شێوەی ئەو جۆرە موڵکایەتییە ناهەموارو زۆردارییە لەناوبەرین کە لە ژێر سێبەریدا کارگەر دەبێ تەنیا بۆ زۆرکردنی سەرمایە بژی و، تەنیا بە جۆرێك بژی کە بۆ بەرژەوەندی چینی فەرمانڕەوا پێویستە.

لە کۆمەڵی بۆرژوادا، کاری زیندو تەنیا هۆیەکە بۆ پەرەپێدانی کاری کۆمەڵ بوو، بەلام لە کۆمەڵی کۆمونیستیدا، کاری کۆمەڵبوو، هۆیەکە بۆ فراوانبوون و دەوڵەمەندبوون و ئاسانکردنی ژیان و گوزەرانی کارگەران.

بەمجۆرە لە کۆمەڵی بۆرژوادا، رابردو بەسەر حازردا دەسەڵاتدارەو، لەکۆمەڵی کۆمونیستیدا، حازر بەسەر رابردودا دەسەڵاتدارە. لە کۆمەڵی بۆرژوادا سەرمایە سەربەخۆو شەخسییە لە کاتێکدا ئەو کەسەی کاردەکات دەستبەسەرەو لەشەخسییەتیش بێبەشە.

بۆرژوا لەناوبردنی ئەم پەیوەندییانە بە کارێکی ناشایستە دەزانێت و لافی ئەوە لێدەدا گوایە لەناوبردنی شەخسییەت و ئازادییە! لەراستیدا وایشە. لەناوبردنی شەخسییەت و سەربەخۆیی و ئازادی بۆرژوایە. مەبەستی ئەوان لە ئازادی، لەناو قەوارەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی ئێستای بۆرژوادا، ئازادی بازرگانییە، ئازادی کڕین و فرۆشتنە.

ئەگەر بازرگانی لەناوچێت ئەوا بازرگانی ئازادیش لەناودەچێت. هەموو زۆربلێیی و قسەی زل و چەنەبازییەکی بۆرژوای ئێمە، لەمەر بازرگانی و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی بۆرژواو بۆرژوا خۆی لەلایەن کۆمونیزمەوە لەناو ببرێت.
ئێوە لەوە تۆقیون کە ئێمە دەمانەوێ موڵکایەتی تایبەتی لەناوبەرین! بەڵام لەناو کۆمەڵی ئێستاماندا، نۆ لەدەی ئەندامانی کۆمەڵ لەهەموو موڵکایەتییەکی تایبەتی بێبەشن. ئێوە لەسەر ئێمە ئەوە بەکارێکی خراپ دادەنێن کە دەمانەوێت شێوەی موڵکایەتییەك لەناوبەرین مەرجی بوونی ئەمەیە زۆربەی زۆری کۆمەڵ لەهەموو موڵکایەتییەك بێبەشبن.
بەکورتی بەوە تاوانبارمان دەکەن کە دەمانەوێ موڵکایەتی ئێوە لەناوبەرین. بەراستیش وایە، ئێمە ئەوەماندەوێت. جا هەر کاتێك نەتوانرێت کار بکرێتە سەرمایەو پارەو بڕشتی کشتوکاڵ- بەکورتی ئەگەر مەحاڵبێ ببێتە هێزێکی کۆمەڵایەتی مۆنۆپۆل، یاخود وەکوتر بڵێین کە موڵکایەتی تایبەتی نەبێتە موڵکایەتی بۆرژوا، ئەوا دەسبەجێ دەکەونە هاتوهاوارو دەڵێن شەخسییەت لەناوبراوە.
بەمجۆرە خۆتان زۆرباش دەزانن، کە شەخسییەت باسدەکەن، تەنیا نیازتان بۆرژوایە، نیازتان لە بۆرژوازی خاوەن موڵکە. ئەمەش راستە ئەم شەخسییەتە، پێویستە بەتەواوی لەناوببرێت.
کۆمونیزم توانای موڵکایەتی بەرهەمی کۆمەڵایەتی لەناونابات، تەنیا توانای رەنجخۆری خەڵکی بەهۆی ئەم موڵکایەتییەوە، لەناودەبات.
ئیعترازی ئەوەمان لێدەگرن دەڵێم: لەناوبردنی موڵکایەتی تایبەتی دەبێتە هۆی راوەستاندنی هەموو چالاکییەك و بڵاوبوونەوەی تەمبەڵییەکی گشتی لەهەموو جیهاندا.
جا ئەگەر ئەمە وابوایە، ئەبوو لەدەمێکەوە، کۆمەڵی بۆرژوا بەهۆی تەمبەلییەوە، لەناوا نەمایە، چونکە ئەوانەی لەم کۆمەڵەدا کاردەکەن، خاوەن موڵك نین، ئەوانەش کە خاوەنی موڵکن، کارناکەن. بەمجۆرە هەموو ئیعترازێکیان بریتییە

له دوباره کردنەوەیەکی نالەباری ئەم راستییە: لەهەر شوێنێك سەرمایە نەمینێت، کاری کرێگرتەش نامینێت.

هەموو تاوانێك دەدرێتە پاڵ شێوەی کۆمونیستیی موڵکایەتی و بەرهەمهێنانی بەروبومی(مادی)، دراویشەتە پاڵ موڵکایەتی و بەرهەمهێنانی بەروبوم(فیکری).

هەر وەك چۆن لەناوچوونی موڵکایەتی چینایەتی بۆرژوا مانای لەناوچوونی هەموو بەرهەمێکە، هەروەها بۆ ئەو لەناوچوونی رۆشنبیریی چینایەتی مانای لەناوچوونی هەموو رۆشنبیرییەکە.

ئەم رۆشنبیرییە کە بۆرژوا بەهۆی لەناوچوونییەوە، دەکەوێتە گریان و هاتوهاوار، بۆ زۆربەی زۆری خەڵك هیچ مانایەکی نییە، جگە لەوەی ئادەمیزاد وەك ماشین لێدەکات.

بەڵام دەمەقاڵێیان لەگەل ئێمە بێسوودە، ئەگەربێت و لەوەدا، لەمەر لەناوبردنی موڵکایەتی بۆرژوا، بۆرژوایی تایبەتی خۆتان سەبارەت بە ئازادی و رۆشنبیری و ماف...هتد-بەکاردێنن. ئێوە بیروباوەڕتان لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و موڵکایەتی بۆرژواوە هاتۆتە کایەوە، هەروەها ماف(هەق) لای ئێوە تەنیا خواست و ئارەزوی چینەکەی خۆتانەو لە شێوەی یاسادا نووسراوە، ئەو خواست و ئارەزوەی شەرایتی ماددیی ژیانی چینەکەتان، ناوەڕۆك و شێوەی پێکهێنانی دیاری دەکات.

تێگەیشتنی غەرەزاویتانە، واتان لێدەکات، پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و موڵکایەتی خۆتان لە جۆرە پەیوەندییەکەوە کە مێژوویین و لە ماوەی برەو سەندنی بەرهەمهێناندا لەناودەچن، بگۆڕنە قانونی هەمیشەیی سروشت و عەقڵ. ئەم تێگەیشتنە، وەنەبێ هەر هی ئێوە بووبێ، بەڵکو هی هەموو ئەو چینانەش بووە کە لەمەوبەر دەسەڵاتداربوون و لە ناوچوون. ئەوەی کە قسە لە موڵکایەتی کۆن بێت، قوبوڵی دەکەن و بڕیاری دەدەن و، کە قسە لە موڵکایەتی دەرەبەگی بێت، لاریتان لێی نییە، کاتێك قسە دێتە سەر موڵکایەتی بۆرژوا قوبوڵی ناکەن و بڕیاری نادەن.

تێکدانی خێزان! تاوەکو دەگاتە رادیکالترین کەسان، هەموو لەم نیازە ئاشکراو ناهەموارەی کۆمونیستەکان تورەو بێزارن.
بەڵام ئایا ئێستا خێزانی بۆرژوا، لەسەر کام بناغە خۆی راگرتووە؟ لەسەر بناغەی سەرمایەو قازانجی فەردی. لە شێوەی پەرەسەندنی تەواویدا تەنیا بۆ بۆرژوا هەیەو، تەواوبوونی خۆی لە بەزۆر بێبەشکردنی پرۆلیتاریا لە خێزان و، لە جندەیی ئاشکرادا دەدۆزێتەوە. دیارە خێزانی بۆرژوا بە لە ناوچوونی تەواوکارەکەی لەناوناچێت و، ئەو دووەش[1] کاتێك لەناودەچن کە سەرمایە لەناوببرێت. بەوە ئێمە تاوانبارەکەن کە دەمانەوێت چەوسانەوەی رۆڵەکان لەلایەن کەس و کاریانەوە لەناوبەرین؟ ئەگەر وابێ ئێمە دان بەم تاوانەدا دەنێین. لافی ئەوە لێدەدەن گوایە ئێمە، کە پەروەردەکردنی ناوخێزان دەگۆڕینە پەروەردەکردنی ناو کۆمەڵ، بەوکارە پیرۆزترین پەیوەندی تێکدەدەین. بەڵام ئایا پەروەردەکردنەکەی ئێوەش هەروەها لەلایەن کۆمەڵەوە دیاری ناکرێت؟ ئایا ئەو پەروەردەکردنەوەش، بەگوێرەی ئەو پەیوەندییانەی کۆمەڵایەتی نییە کە ئێوە لەژێر سایەیدا منداڵەکانتان پەروەردە دەکەن و بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ، بەهۆی قەتابخانەوە، کۆمەڵ دەستتێوەردەدات...هتد؟ دەستێوەردان و کارتێکردنی کۆمەڵ لە پەروەردەکردندا دەستکردی کۆمونیستەکان نییە. ئەوان تەنیا سروشت و خاسییەتی دەگۆڕن و لەژێر کارتێکردن و دەسەڵاتی چینی فەرمانڕەوا دەربازی دەکەن. قسەی بۆش و بەتاڵی بۆرژوا، لەمەڕ خێزان و پەروەردەو لەمەڕ پەیوەندیی دۆستانەی نێوان منداڵ و کەسوکاریان، تا بڵێی بێتامە، چونکە لەئەنجامی پەرەسەندنی پیشەسازی قورسدا هەموو پەیوەندییەکی ناوخێزانی بۆرژوا تێکدەچێت و منداڵان دەبنە کەلوپەلێکی سادەی بازرگانی و ئامرازی ئیشوکار.

---

[1]/ لەو دووە مەبەست لە بێبەشبوونی پرۆلیتاریا لە خێزان و، مەبەست جندەیی ئاشکرایە -وەرگێڕ

ئێستا گوێڕاگرن، بۆرژوا لەهەموو لایەکەوە دەقیژێنێت: " کۆمونیستەکان! ئێوە دەتانەوێت ژن بێمارەبڕی بۆ هەمووان بێت".

بۆرژوا ئافرەتی خۆی وەك ئالەتێکی بەرهەمهێن تەماشادەکات. ئەوەیشی بیستووە کە هۆیەکانی بەرهەمهێنان دەبێ هاوبەشبن. بێگومان لەمەشەوە ئەو خەیاڵە دەکات کە ئەم هاوبەشییە ئافرەتانیش دەگرێتەوە.

بۆرژوا ئەوەی ناچێتە خەیاڵەوە، کە قسە لەوەیە ژن دەورێکیتری ببێت و وەك ئێستا هۆیەکی سادەی بەرهەمهێنان نەبێت.

لەهەموو شتێك سەیرتر ئەوەیە بۆرژوا، لەبەر بەرەڵایی رەسمیی ژن تۆقیوە، کە گوایە کۆمونیستەکان داوای دەکەن. کۆمونیستەکان پێویستیان بەوە نییە بەربەرەڵایی ژن بێننەکایەوە، چونکە تارادەیەك ئەم بەربەرەڵاییە هەمیشە هەبووە.

بۆرژواکانمان بەوە بەسناکەن کە ئافرەتان و کچانی پرۆلیتارەکانیان وا لەبەر دەستا، -ئەمە جگە لە جندەیی رەسمی-بەڵکو هەروەها تامێکی تایبەتیشیان لەوەدایە کە یەك ژنی یەکتر فریوبدەن.

لەراستیدا ژنهێنانی بۆرژوا، بەبەڕەڵایی ژنی شوکردووە...جا کەوابوو گەورەترین تاوانێك کە دەتوانرێ بدرێتە پاڵ کۆمونیستەکان ئەوەیە گوایە دەیانەوێت بەربەرەڵایی ژن کە بەرواڵەت داپۆشراوەو بەفێڵ و کەڵەکبازی شاردراوەتەوە، بگۆڕنە بەربەرەڵایی رەسمی و ئاشکرا...بەڵام ئاشکرا و روونە، لەناوبردنی پەیوەندییەکانی ئێستای بەرهەمهێنان، کە بوونەتە هۆی بەربەرەڵایی ژن، بە تەبیعەتی حاڵ، ئەم بەربەرەڵاییە لەناودەبات، واتە جندەیی رەسمی و نارەسمی لەناوا ناهێڵێت. جگە لەمە، کۆمونیستەکان بەوەش تاوانباردەکرێن کە دەیانەوێت نیشتمان و نەتەوایەتی نەهێڵن.

کارگەران نیشتیمانیان نییە. ناشکرێ شتێکیان لێ داگیربکرێ کە نیانە، بەڵاك لەبەر ئەوەی پێویستە لەسەر پرۆلیتاریا، کە لە پێش هەموو شتێکدا دەسەڵاتی سیاسی بگرێتە دەست و، خۆی بگەیەنێتە پلەی چینی رابەری نەتەوە و، خۆی

ببێتە نەتەوە، هێشتا نیشتمانپەروەرە، ئەگەرچی بەو جۆرە نا کە بۆرژوا لەمانای ئەو وشەیە تێدەگات.

بەگوێرەی پەرەگرتنی بۆرژوا و ئازادی بازرگانی و، بازاڕی جیهان و، یەکشێوەیی لێهاتنی بەرهەمی پیشەسازی و مەرجەکانی ئەو گوزەرانەی لێوەی دێتەگۆڕێ، ڕۆژبەڕۆژ سنووری نیشتیمانی و ناکۆکییەکانی نێوان گەلان لەناودەچن.

کاتێك پرۆلیتاریا فەرمانڕەوایی دەگرێتەدەست، زۆرتر بۆ لەناوبردنیان هەوڵدەدات. خەباتی هاوبەشی پرۆلیتاریا، بەجۆرێك، بەلایەنی کەمەوە وڵاتە پێشکەوتووەکان بگرێتەوە، یەکێکە لە مەرجە سەرەتاییەکانی ڕزگاربوونی. لەناوبردنی چەوسانەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە دەشبێتە هۆی لەناوبردنی چەوسانەوەی نەتەوەیەك لەلایەن نەتەوەیەکیترەوە.

کاتێك لەناو هەموو نەتەوەیەکدا ناکۆکی چینەکان لەناودەبرێت، بەوکارە هەر لەوکاتەشدا دوژمنایەتی و ڕقوکینەی نێوان نەتەوەکان لەناودەچێت.

تاوانی دیگەی کەلە گۆشەی ئاین و فەلسەفەوە بەگشتی لەگۆشەی ئایدلۆژەوە ئەدرێتە پاڵ کۆمونیستەکان، باس و لێکۆڵینەوەیەکی قوڵ و بەرینتریان پێویست نییە.

ئایا مرۆڤ سەرنجدانێکی قوڵی پێویستە تا لەوە بگات کە لەگەڵ هەموو گۆڕدرانێکی شەرایتی ژیان و پەیوەندیی و مەرجی کۆمەڵایەتی ژیانیدا، تێبینی و تێگەیشتن و، بیروڕای و، بە کورتی هەست و ئیدراکی دەگۆڕدرێت؟

لەهەموو چەرخێکدا بیروباوەڕی دەسەڵاتدار، بیروباوەڕی چینی فەرمانڕەوابووە.

باسی بیروباوەڕێك دەکرێت کە بە جۆرێکی شۆڕشگێڕی کاردەکاتەسەر تەواوی کۆمەڵێك، بەم قسەیە تەنها ئەم ڕاستییە دەخرێتە پێشچاو کەلەناو جەرگەی کۆمەڵی کۆندا ڕەگەزەکانی کۆمەڵێکی تازە پەیدابوون و، لەبەر یەك هەڵوەشاندنەوەی بیروباوەڕی کۆن شانبەشانی لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی شەرایەتی کۆنی ژیان دەڕوات بەرێوە.

کاتێك دنیای کۆن نزیکی کەوتن و لەناوچوونی بوو، ئاینی مەسیحی بەسەر هەموو ئاینە کۆنەکاندا زاڵبوو. کاتێك لەسەدەی هەژەهەمدا بیروباوەڕی تازەی پێشکەوتن بەسەر بیروباوەڕی مەسیحیدا زاڵبوو، کۆمەڵی دەرەبەگی دواجەنگی خۆی رووبەڕووی بۆرژوا دەگیرا کە ئەوکاتە شۆڕشگێڕبوو. سەرهەڵدانی بیروباوەڕی ئازادی بیروڕاو ئاین، هیچ نەبوو جگە لە نیشانەی دەسەڵاتی بەربەرەکانیی ئازاد لەمەیدانی بیروڕادا.

دوور نییە بڵێن:" بیروباوەڕی ئاین و رەوشت و فەلسەفە و سیاسەت و حقوق...هتد لەماوەی پەرەسەندنی مێژودا ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە. بەڵام وێرای ئەمە، لەم ئاڵوگۆڕەدا هەمیشە مانەوەی خۆیان پاراستووە.

جگە لەمە، هەندێ راستی هەمیشەیی هەیە وەك: ئازادی و داد پەروەری...هتد کە هاوبەشی هەموو پلەیەکی مێژوین، بەڵام کۆمونیزم، راستییەکانی هەمیشەیی و، ئاین و رەوشت لەناودەبات، لەبریتی ئەوەی تازەیان بکاتەوە، بە مجۆرە کۆمونیزم پێچەوانەی هەموو بەرەو پێشچوونێکی رابردووە".

جا ئایا کورتەی ئەم تاوانبارییانە لەچیدان؟ مێژوی هەموو کۆمەڵێك تا ئێستا لەسەر ناکۆکی ناوچینەکان دامەزراوە، ئەم ناکۆکییە لەهەموو چەرخێکدا شێوەی جۆربەجۆری بووە، بەڵام شێوەی ئەم ناکۆکییە هەرچۆنێك بوبێت، هەمیشە لەنێوان چەرخەکانی پێشودا شتێکی هاوبەشبووە، ئەویش چەوسانەوەو رەنجخۆریی بەشێکی کۆمەڵە لەلایەن بەشێکیتریەوە.

کەواتە هیچ مایەی سەرسامی نیە کە ئەبینین، هەست و شعوری کۆمەڵایەتی، لەهەموو چەرخێکدا، وێرای جیاوازییان، لەناو قەوارەی هەندێ شێوەی تایبەتی هاوبەشدا برەودەستێنێت و ئەو شێوانەی هەست و شعور کاتێك بەتەواوی لەناودەچن کە ناکۆکی نێوان چینەکان بەتەواوی لەناو ببرێت.

شۆڕشی کۆمونیستی لە بیناغەوە، هەموو پەیوەندییەك لەگەل پەیوەندییەکانی موڵکایەتی پێشوو دەپچڕێت. کەواتە هیچ مایەی سەرسامی نییە کە لەکاتی

پەرەسەندنیدا، لە بناغەوە هەموو پەیوەندییەکیش لەگەل بیروباوەڕی پێشوو دەپچڕێت.
بەلام با ئێستا هەموو ئیعترازو ناقایلبوونێکی بۆرژوا بەرامبەر کۆمونیزم بخەینە ئەولاوە.
وەك لەپێشەوە دیمان، یەکەم هەنگاوی کارگەران ئەوەیە پرۆلیتاریا ببێتە چینێکی فەرمانڕەواو دیموکراسی بسێنێت.
پرۆلیتاریا دەسەلاتی سیاسی خۆی بەکاردێنێت تا بەرەبەرە تەواوی سەرمایە لەناو چنگی بۆرژوا دەربێنێت و، هەموو هۆیەکانی بەرهەمهێنان بخاتە ناودەستی دەولەت، یانی ناودەستی پرۆلیتاریا، کە بۆتە چینێکی رێکوپێکی فەرمانڕەوا، هەروەها بۆئەوەی چەند لە توانادایە بە خێرایی هێزەکانی بەرهەمهێنان زۆربکرێن.
لەسەرەتادا، دیارە ئەم کارە ناتوانرێت جێبەجێ بکرێت، مەگەر بەوەی مافی مولکایەتی و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی بۆرژوا، بەزەبری بەرهەمهێنان پێشێل بکرێن، یانی لەرێگەی پەیڕەوکردنی هەندێ کاروبارەوە، کە لە بارەی ئابورییەوە کەموکورت و وا دێنەبەرچاو کە توانای خۆڕاگرتنیان نییە، بەلام لە پاشدا، لەکاتی جولانەوەدا، خۆیان لە خۆیانەوە تێپەڕدەبن و دەبنە مەرجێکی زۆر پێویست بۆ هەلەوگێڕانی تەواوی شێوەی بەرهەمهێنان.
بێگومان ئەم کاروبارانەش بەگوێرەی ولات لێکجیاوازن، بەلام وێرای ئەمەش دەتوانرێت ئەم کاروبارانەی خوارەوە، لە پێشکەوتووترین ولاتداو نزیکەی لە هەموو شوێنێکدا پەیرەوبکرێن:-

1- لێسەندنی مولکایەتی زەوی زارو تەرخانکردنی بڕشتی کشتوکالێ بۆ پڕکردنەوەی خەرجییەکانی دەولەت.
2- سەندنی باج و سکاتی، بەجۆرێك بەرەبەرە روو لە زیادبوون بێت.
3- لەناوبردنی هەقی میراتگری.

4- دەستبەسەراگرتنی موڵکی هەموو ئەوانەی باریان کردووەو هەڵاتوون و یاخیبوون.

5- گردەوەکردنی سلفەدان(پارەی پێشەکیدان-وەرگێڕ)، بەتەواوی لەناودەستی دەوڵەتدا، ئەمەش لە ڕێگەی پێکەوەنانی بانکی نیشتیمانییەوە کە سەرمایەکەی هی دەوڵەتبێت و، مۆنۆپۆڵێکی تەواوبێت.

6- گردەوەکردنی هەموو هۆیەکانی گواستنەوە لەناودەستی دەوڵەتدا.

7- زۆرکردنی کارگەکانی دەوڵەت و هۆیەکانی بەرهەمهێنان، باشکردنی زەوی وزاری نەکێڵڕاو، باشکردنی زەوی و زاری کشتوکاڵ بە گوێرەی بەرنامەیەکی گشتی

8- کردنی کار بە ئیجباری بە جۆرێکی یەکسانی بۆ هەمووان، ڕێکخستنی لەشکرەکانی پیشەسازی، ئەمەش بەتایبەتی لە پێناوی کشتوکاڵدا.

9- تێکەڵکردنی ئیشوکاری کشتوکاڵ لەگەل پیشەسازیداو، جێبەجێ کردنی کاروباری پێویست بەو مەبەستەی بەرەبەرە جیاوازی نێوان شارولادێ لەناو ببرێت.

10- خوێندنی گشتی بەخۆڕایی بۆ هەموو منداڵان و قەدەغەکردنی شێوەی ئێستای ئیشکردنی منداڵ لە کارگەکاندا، پێکەوەگونجاندنی پەروەردەو بەرهەمهێنانی ماددی...هتد

کاتێك لەماوەی پەرەگرتندا، جیاوازییەکانی چینایەتی لەناوا وندەبن و، هەموو بەرهەم لەناو دەستی کۆمەڵەی فراوانی گشت نەتەوەدا کۆدەبێتەوە، ئەوکاتە دەسەڵاتی گشتی سروشتی سیاسی نامینێت، چونکە دەسەڵاتی سیاسی، بەگوێرەی مانای راستیی ئەم وشەیە، بریتییە لە هێزبەکارهێنانی چینێك بۆ ژێردەستکردنی چینیکیتر. جا کاتێك کە پرۆلیتاریا لەخەباتی خۆیدا ڕووبەڕووی بۆرژوا، بەجۆرێکی پێویست لە چینێکدا یەکدەگرێت و، کە لەرێگەی شۆڕشەوە، دەبێتە چینی فەرمانڕەواو، وەك چینێکی فەرمانڕەوا بەزەبری

هێزبەکارهێنان، پەیوەندییەکانی کۆنی بەرهەمهێنان تێکدەدات، ئەوا ئەوکاتە بەیەکجاری لەگەل ئەمەدا، پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و شەرایتی بوونی ناکۆکی و نارێکی نێوان چینەکان تێکدەدات و، بەگشتی چینەکان دەڕمێنێت. بەمکارە دەسەلاتی خۆیشی وەك چینێك دەڕمێنێت.

لەجێگای کۆمەڵی کۆنی بۆرژوا، بەچینەکانی و بە ناکۆکی ناوچینەکانییەوە، کۆمەڵێکی تازە پەیدا دەبێت. لە قەوارەی ئەم کۆمەڵە تازەیەدا پەرەسەندنی ئازادی هەر ئەندامێك، مەرجی پەرەسەندنی ئازادی هەموو ئەندامەکانە.

# وێژەی سۆسیالیزم و کۆمونیزم

## 1- سۆسیالیزمی کۆنەپەرستی:

### ا-سۆسیالیزمی دەرەبەگی:

ئەرستۆکراتی فەڕەنسایی و ئینگلیزی بەهۆی باری مێژویی خۆیانەوە، زۆر نامەی هەجویان لە زەمکردنی کۆمەڵی بۆرژوادا نووسی. لە شۆڕشی گەلاوێژ(یولیۆ)ی ساڵی1830ی فەرەنساداو هەروەها لە جولانەوەی(ئیسلاحی) ئینگلیزدا سەرلەنوێ لەلایەن تازە پەیدابووی چارەگرانەوە بەزێندرابوو[1]. توانای نەمابوو خەباتێکی سیاسیی گەرم بگێڕێت و، تەنیا خەباتی وێژەیی بۆ مابۆوە. بەلام هەروەها لەمەیدانی وێژەیشدا قسەی رازاوی بۆش و بەتاڵ کە لەسەردەمی گێڕانەوەی پاشایەتیدا[2] بازاڕی گەرمبوو، لەم سەردەمەدا بازاڕی شکابوو، ئەو سەنگەی جارانی نەمابوو.

---

[1]/ لە تازە پەیدابووی چارەگران مەبەست بۆرژوایە-وەرگێڕ.

[2]/ لێرەدا مەبەست لەگێڕانەوەی پاشایەتی ئینگلتەرا نییە لە ساڵانی1660-1689دا، بەڵکو مەبەست لە فەرەنسایە لە ساڵانی 1814-1830دا.(سەرنجی ئەنگلس لە چاپی ئینگلیزی ساڵی1888دا)

ئەرستوكرات بۆ ئەوەی سۆزو خۆشەویستی دەستكەوێت، خۆی وا دەنواند كە بەرژەوەندی تایبەتی خۆی گوێ ناداتێ وبۆیەكە بۆرژوا تاوانباردەكات، چونكە بەتەنگ بەرژەوەندی چینی چەوساوەی كارگەرانەوە دێت. بەم چەشنە لەوە تامی وەردەگرت كە بە ئاغا تازەكەی خۆی گاڵتەی دەكردو بە گوێیدا دەیچرپاندو مژدەی دوارۆژی رەش و شوومی پێڕادەگەیاند.

ئا بەم چەشنە سۆسیالیزمی دەرەبەگی پەیدابوو، تێكەڵاوێكبوو لە سكاڵاو هەجوو گاڵتەجاڕی، لەبیروباوەڕی كۆن و مەترسیی دوارۆژ. جا هەرچەندە جاروبار رەخنەی تاڵ و بەكارو شارەزایانەی لە ناخی دڵی بۆرژوای ئەدا، بەڵام چونكە بەهیچ جۆرێك نەیدەتوانی لە رێبازی مێژویی تازە تێبگات گاڵتەجاڕو ناهەموار دەهاتە پێشچاو.

ئەرستۆكراتەكان تورەكەی سواڵی پرۆلیتاریایان كردە بەیداخی خۆیان و كەوتنە شەكاندنەوەی، تاوەكو گەل بەدوای خۆیاندا راكێشن و رابەرایەتی بكەن. بەڵام گەل كە كەوتە دوویان، دەستبەجێ تەماشای كرد، دروشمەكانی دەرەبەگییان بە پاشەوە لكاوە، لەبەر ئەوە لێیان تەكییەوەو پڕبەدەم قاقای پێكەنین و گاڵتەی پێیاندەهات. بەشێكی لێجیتیمیستەكانی* فەرەنسا وهەروەها"ئینگلتەرای هەرزەكار"**لە بەردەم جیهاندا ئەم دیمەنەیان نواند.

دەرەبەگەكان، كاتێك دەیسەلمێنن كە شێوەی چەوسانەوەی ئەوان، وەك شێوەی چەوسانەوەی بۆرژوا نییە تەنیا یەك شتیان لەیاد دەچێت، ئەویش ئەوەیە كە چەوسانەوەی دەرەبەگی لەهەلومەرجێكیتردابوو ئێستا لەناوچووەو ئەمڕۆ رۆژی نەماوە. هەروەها كە پیشانی ئەدەن لەژێر سایەی فەرمانڕەوایی ئەواندا پرۆلیتاریای نوێ نەبوو تەنیا شتێكیان لەیاد دەچێت، ئەویش ئەوەیە كە بۆرژوای تازە لە رژێمی كۆمەڵایەتی خۆیانەوە پەیدابووە.

لەلایەكیترەوە، سروشتی كۆنە پەرەستانەی رەخنەگرتنیان لەوەدا دەرئەكەوێت

---

* لێجیتیمیستەکان: پارتی خاوەن موڵکە دەوڵەمەندەکان بوو، ئەیویست بنەماڵەی بۆربۆن لە فەرەنسادا بێتەوە سەرتەخت، ئەم پارتە پاش شۆڕشی تەموزی 1830دامەزرا.
** ئینگلتەرای هەرزەکار: کۆمەڵێك بوون لە ئەرستۆکراتی ئینگلیز، لەدەوروبەری ساڵی1842دا پەیدابوو، دەستەیەك لە پیاوانی سیاسی و بوێژی لایەنگرانی پارتەکانی کۆنسێرواتۆر(پارێزگاران)ی تێدا بوون.

کە گرنگترین تاوانێکی ئەیدەنە پاڵ بۆرژوا لەسەردەمی خۆیدا چینێکی وای پێگەیاندووە کە تەواوی رژێمی کۆمەڵایەتی کۆن لەناودەبات. کۆنە پەرەستییان بەشێوەیەکی ئاشکرا لەوەدا دەردەکەوێ کە وەنەبێ تەنیا لەسەر ئەوە بۆرژوا تاوانبار بکەن کە پرۆلیتاریای بەرهەمهێناوە، بەڵکو زیاتر لەوەدا تاوانباری دەکەن کە ئەو پرۆلیتاریایەی بەرهەمی هێناوە شۆڕشگێڕە.
جا لەبەر ئەمە، ئەوان لە خەباتی سیاسیدا، لەهەموو کاروبارێکی زەبروزەنگ و زۆرداری و هێزبەکارهێناندا دژی چینی کارگەر بەشداری دەکەن، بەڵام لە ژیانی رۆژانەی خۆیاندا هەرچەندە قسەی زل و قەڵەو دەکەن، پشتیان دەچەمێتەوە بۆ چنینەوەی بەرهەمی ئاڵتۆن کەلە درەختی پیشەسازییەوە دەوەرێت و، بڕواو خۆشەویستی و شەرەف بە خوری و چەوەندەری شەکرو بەمەی دەفرۆشن.[1] هەر وەك

---

[1]/ ئەمە بەتایبەتی سەبارەت بە ئەڵمانیا پڕ بە پێستی خۆیەتی، لەوێ ئەرستۆکراتەکانی کشتوکاڵ و خاوەن زەوی وزارە گەورەکانی ئەڵمانیا لەبەشی زۆری زەوی و زارەکانیاندا لەسەر حیسابی تایبەتی خۆیان و بەهۆی سەرکارەکانیانەوە، سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی کاروباری ئابوری دەکەن. جگە لەوەش کارخانەی گەورەی شەکرو مەی دروستکردنیان هەیە. بەڵام ئەرستۆکراتەکانی ئینگلیز کەلەمانیش دەوڵەمەنترن هێشتا نەگەیشتوونەتە ئەم پلەیە. هەروەها ئەمانیش دەزانن چۆن نزمبوونەوەی بڕشتی کشتوکاڵ پڕبکەنەوە، بۆ ئەو مەبەستە ناوی خۆیان ئەدەنە دامەزرێنەرانی هەندێ کۆمپانیای هاوبەش(شركات مساهمە)کە تا ئەم یان ئەو رادەیەش گومانیان لێدەکرێ.(سەرنجی ئەنگلس لە چاپی ئینگلیزی ساڵی1888)

چۆن قەشەو دەرەبەگ هەمیشە دەست لەناودەستی یەکدا دەڕۆن، هەرئاواش سۆسیالیزمی قەشەیی و سۆسیالیزمی دەرەبەگی شانبەشانی یەك دەڕۆن, هیچ شتێك لەوە ئاسانتر نییە سپیاوی سۆسیالیزم لە رووی خواپەرستی و زاهیدیی مەسیحی بدرێ. ئایا مەسیحیش لە دژی موڵکایەتی تایبەتی و ژنهێنان و دەوڵەت نەکەوتە گرمە گرم؟ ئایا هەوڵی نەدا لەجێگای ئەوانە خۆشەویستی و چاکەو سواڵ و خەڵوەت و بێخێزانی و دەست لە دنیا بەردانی قەشەیی وکڵێسە بێنێتە کایەوە؟ سۆسیالیزمی مەسیحی چ نییە جگە لەو ئاوە پیرۆزەی قەشە دەیکات بەسەر گڕی تووڕەیی و زویریی ئەرستۆکۆاتدا.

# ب- سۆسیالیزمی وردەبۆرژوا:

وەنەبێ ئەرستۆکراتیی دەرەبەگی تاقە چینێك بێت کەلەلایەن بۆرژواوە روخێنراو، تاقە چینێکیش نییە کە شەرایتی ژیانی تێکوپێکدەچێت و بەرەبەرە لەناو کۆمەڵی تازەی بۆرژوادا دەتوێتەوە. خەڵکی شارو فەلاحەوردەکان لە چەرخەکانی ناوەندا بنەچەی بۆرژوای تازەبوون. لەو وڵاتانەدا پیشەسازی و بازرگانییان دواکەوتووە تا ئێستاش ئەم چینە لەپاڵ بۆرژوای گەشاوەو پێگەیشتوودا ژیانێکی دەستکورتی و بەمەینەت دەژی.

لەو وڵاتانەدا کە شارستانییەتی تازەیان تێدا پێگەیشت، چینی بۆرژوای تازە پەیدابوو، کە لەمیانەی پرۆلیتاریا و بۆرژوادا دێت و دەچێت و دوودڵە.

لەبەرئەوەی ئەم چینە بەشێکە لە کۆمەڵی بێبڕانەوە لەپەیدابووندایە، بەڵام ئەو کەسانەی ئەم چینەیان لێپێکدێت بەردەوام لەئەنجامی تەراتێندا گلۆردەبنەوە بۆ ناو ریزەکانی پرۆلیتاریا. وێرای ئەمەش، ئەمانە کە بەشێکی تایبەتی و جیاوازی ناوکۆمەڵی تازەن، لەگەل پێشکەوتنی پیشەسازیی گەورەدا،

نزیکبوونەوەی کاتی لەناوچوونی تەواوی خۆیان هەست پێدەکەن، تاوەکو لە بازارگانی و سنعەتکاری و کشتوکاڵدا چاودێران و مستخدمەکان بگرنەوە.
لەهەندێ وڵاتی وەك فەرەنسادا، کە فەلاحان زۆر لەنیوەی دانیشتوان زۆرترن، شتێکی تەبیعی بوو هەندێك لەو نووسەرانەی لەدژی بۆرژوا لایەنی پرۆلیتاریا دەگرن، لە گۆشەی بیروباوەڕی تایبەتی وردە بۆرژواو فەلاحەکانەوە، بکەونە رەخنەگرتن لە رژێمی بۆرژواو دیفاعکردن لە کارگەران. ئابەم شێوەیە سۆسیالیزمی وردەبۆرژوا پێکهات و،(سیسمۆندی)نەك هەر لە فەرەنسادا، بەڵکو هەروەها لە ئینگلتەراشدا سەرکردەی ئەم وێژەیەبوو.
ئەم سۆسیالیزمە زۆر بە قوڵی و لەبنەڕەتەوە، لە ناکۆکییەکانی ناو پەیوەندییەکانی تازەی بەرهەمهێنان کۆڵییەوەو لە رووی مەدح و سەنای ئابوریزانەکان، کە پر لە ریاو نیفاقە پەردەی لاداو، بەچەشنێکی راست و دروست ئەنجامەکانی کوشندەی بەکارهێنانی ئالەت لە پیشەسازیداو هی دابەشبوونی کاری سەلماند، هەروەها کۆمەڵبوونی سەرمایەکان و موڵکایەتیی خانوبەرە(عقاری) و، زیادەی بەرهەم و، تەنگوچەڵەمەکان و، کوێرەوەری پرۆلیتاریاو، پەشێوی لە بەرهەمهێناناداو، جیاوازی بێهاوتا لە دابەشبوونی ساماناداو، شەڕی پیشەسازی تێکوپێکدەرو تەفروتوناکەر لە نێوان نەتەوەکانداو، لێکهەڵوەشاندنەوەی رەوشتی کۆن و، پەیوەندییە کۆنەکانی ناوخێزان و، نەتەوە کۆنەکانی سەلماند.
ئەگەر بەسەر ئەم سۆسیالیزمەدا، لە گۆشەی ناواخنی راستەقینەیەوە حوکم بدەین، ئەوا دەبینین کە یان ئەیەوێت هۆیەکانی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕی کۆن بگێڕێتەوەو سەرلەنوێ جێگیریان بکاتەوەو لەگەل ئەمانەشدا پەیوەندییەکانی موڵکایەتی کۆن و کۆمەڵی کۆن بگێڕێتەوە، یاخود دەیەوێت بەزەبری هێز، هۆیەکانی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕی تازە، لەناو چوارچێوەی پەیوەندییەکانی کۆنی موڵکایەتیدا رابگرێت، یانی لەو قەوارە تەنگەبەرەدا کە ئەو هۆیە تازانە خۆیان تێکوپێکیانداو هەر ئەبوو تێکوپێکی بدەن. لە هەموو حاڵەکەدا ئەم

سۆسیالیزمە، لەیەك کاتدا، کۆنەپەرەستییەو خەیاڵییە...دوا وشەی ئەوەیە، ئەیەوێت رژێمی پیشەگەری بخاتە ناو سەنعەتکارییەوە. رژێمی(پەتریارکی) بخاتە کشتوکاڵەوە.
لەپاشدا ئەم رێبازەش بووە فرۆفیشاڵێکی چارەگران.

## ج- سۆسیالیزمی ئەڵمانی یاخود سۆسیالیزمی راستەقینە:

وێژەی سۆسیالیزم و کۆمونیزم لە فەرەنسادا کەلە ژێر زەبری بۆرژوای خاوەن دەسەڵاتدا پەیدا بوو، دەربڕینێکی وێژەیی یاخیبوون بوو بەرامبەر بەم دەسەڵاتە، لەکاتێکدا هێنرایە ئەڵمانیاوە کە بۆرژوای ئەڵمانیا لەدژی زۆرو جەوری تەواوی دەرەبەگ لە خەباتیدا بوو.
فەیلەسوفەکان و نیوە فەیلەسوفەکان و خۆ بە بوێژکردوانی ئەڵمان بە هلپەهەڵپ خۆیان گەیاندە ئەم ویژانە، بەڵام ئەوەیان لەیاد چوو کە هێنانی وێژەی فەرەنسا بۆ ئەڵمانیا، شەرایتی کۆمەڵایەتی ئەوێی لەگەڵ نەبوو. ئەم وێژانەی فەرەنسا سەبارەت بە شەرایتی کۆمەڵایەتی ئەڵمانیا هەموو بەڵگەیەکی بەکردەوەو راستەوخۆیان لەکیسچوو، بوونە رووکەشێکی وێژەیی رووت و قووت. هەر ئەبوو وەك بیروڕایەکی وشك و پووچی وابێنە بەرچاو کەلەمەڕ هێنانەدی سروشتی مرۆڤ هیچ سوودێکیان نەبوو.
بەم جۆرە بە بڕوای فەیلەسوفەکانی ئەڵمان لە چەرخی هەژدەیەمدا، داخوازییەکانی یەکەمین شۆڕشی فەرەنسا تەنیا بریتیبوون لە داخوازی"عەقڵی بە کردەوە"، بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام دیاردەکانی خواست و ئیرادەی بۆرژوا شۆڕشگێڕەکانی فەرەنسا، بەبڕوای ئەوان، هەندێ قانونی خواست و ئیرادەی پاك

و خاوێن بوون، قانونەکانی ئیرادەیەك کە وەك چۆن پێویستە وابێت، هی حەزو ئارەزووی راستەقینەی ئینسانەتی.

کردەوەی تایبەتی بویژەکانی ئەڵمانیا تەنیا هێندەبوو، ئەیانویست بیروباوەڕی تازەی فەرەنسایی و هەستی فەلسەفی کۆنی خۆیان یەکخەن، یان راستتر بڵێین، بیروباوەڕی فەرەنسایی بەجۆرێك لێحاڵیبن کە بیکەنە روویەکی فەلسەفیی تایبەتی خۆیان.

لەم بیروباوەڕانە بەجۆرێك حاڵیبوون وەك پیاو زمانێکی بێگانە فێربێت: یانی بە وەرگێڕان.

ئاشکرایە چۆن راهیبەکان دەستنووسەکانی دانراوەی کلاسیکی سەردەمی کۆنی بتپەرستییان بردو بە پڕوپوچ وداستانی ناهەموار لەمەڕ قەشەکانی کاسۆلیك دایان پۆشین. بەڵام بویژانی ئەڵمان لەمەڕ ویژەی کافرانەی فەرەنسا بەتەواوی پێچەوانەی ئەم جوڵانەوە. نەزانینی فەلسەفەیی خۆیان خستە ژێر ئەسلی فەرەنسییەکەوە.

بۆ نموونە ئەوە بیردەخەینەوە کە ئەوان رەخنەی فەرەنساییان لە رژێمی ماڵ هێناو لەژێریدا نووسیان"لێسەندنی سروشتی مرۆڤایەتی" و لەژێر رەخنەگیری فەرەنسایی لە دەوڵەتی بۆرژوادا نووسییان" لەناوبردنی دەسەڵاتی دنیای نادیار" هتد...

پاش ئەوەی شەرحە فەرەنسییەکەیان گۆڕی بەم دەستەواژە فەلسەفییە رازاوە بۆش و بەتاڵانە، زۆر چەشنە ناویان لەم کردەوەیە نا وەك:"فەلسەفەی کار"و" سۆسیالیزمی راستەقینە"و"زانستی سۆسیالیزمی ئەڵمانی"و"سەلماندنی سۆسیالیزم لەبارەی فەلسەفەوە" هتد...

بەمجۆرە سۆسیالیزم و کۆمونیزمی فەرەنسایان بەتەواوی لەهەموو ئەو خاسییەتانە رووتاندەوە کە ناوەڕۆکی هێزو توانایان بوون و، لەبەر ئەوەی پاش ئەم تێکدان و شێواندنە کەوتنە حاڵێکەوە خەباتی چینێکیان دژی چینێکیتر نەدەنواند، ئەو کاتە ئەڵمانییەکان پیرۆزباییان لەخۆیان دەکرد کە گەیشتونەتە

ژور"رادەی دیارو تەنگەبەری فەرەنساییەوە"و لەبری هەندێ پێویستی راستەقینە دیفاعیان لە پێویستی راستیی کردووەو لەبریتی بەرژەوەندییەکانی پرۆلیتاریا لەبەرژەوەندییەکانی ئادەمیزاد دیفاعیان کردووە، لەبەرژەوەندەکانی ئادەمیزاد بەشێوەیەکی گشتی، ئەو ئادەمیزادەی لەناو تەمومژی خەیاڵاوی فەرەنسادا رەچاو دەکرێت.

ئەم سۆسیالیزمە ئەڵمانییە، کە زۆر بەخۆشی و جیدی دەیڕوانیە پەیڕەوەکانی نەشارەزای خۆی، وەك مەشقی منداڵانی قەتابخانەو، قاووقیژی بۆ بڵاوکردنەوە، بەرەبەرە لافلێدانی زانست و بێتاوانییان لەدەستچوو. تێکۆشانی بۆرژوای ئەڵمانیاو، بەتایبەتی بۆرژوای پرۆسیا دژی دەرەبەگ و پاشایەتی زۆرداری، یان وەکوتر بڵێین جوڵانەوەی لیبراڵی زۆرتر لەجاران مەزن بوو.

بەم کارە سۆسیالیزمی"راستەقینە" ئەو مۆڵەتەی دەستکەوت کە ئاواتی بۆ دەخواست تا جوڵانەوەی سیاسی بە داخوازی سۆسیالیستی بەرەنگاری بکات و، تاتوانی لەعنەتی تەقلیدیی ئاراستەی لیبراڵیزم و دەوڵەتی نوێنەرایەتی و، تەراتێنی بۆرژواو، ئازادی بۆرژواو چاپەمەنی و مافی بۆرژوا و ئاوازی و یەکسانی بۆرژوا کردو، توانی لەناو کۆمەڵانی گەلدا وای بڵاوبکاتەوە کە لە دوای ئەم جوڵانەوە بۆرژوایەوە هیچ سودێکیان دەستگیر نابێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەموو شتێکیان لەدەستدەچێت. سۆسیالیزمی ئەڵمانی لەکاتێکی تەواو لەباردا ئەوەی لەبیرچوو کە رەخنەی فەرەنسایی- ئەو رەخنەیەی سۆسیالیستی ناوبراو خۆی لە دەنگدانەوەیەکی چارەگران بەولاوە چیتر نەبوو- پێشەکی بوونی کۆمەڵێکی تازەی بۆرژوا فەرزدەکات، بەهەموو شەرایتێکی ژیانی مادی و بەودەستورە سیاسییەشەوە کە لەگەلیدا دەگونجێت، یانی بەهەموو ئەو شتانەیترەوە کەلەمەوبەرو تا ئێستاش لە ئەڵمانیادا پێویست بوو لەرێگەی خەباتەوە دەستبخرێن.

ئەم سۆسیالیزمە حکومەتە زۆردارەکانی ئەڵمانیای خزمەتکرد، بەدەست و پێوەندی زۆرو زەبەندیانەوە، لەقەشەوە بگرە تا دەگاتە کاهین و مامۆستایانی

پەروەردەو دەرەبەگەکان و بیرۆکراتەکان، لەناودەستی ئەو حکومەتانەدا بووە ترسێنەرێکی خۆشهاتوو دژی بۆرژوای هەڕەشەلێکراوو پەلاماردراو.
ئەم سۆسیالیزمە، ریاکاری هیچ وپوچی خۆی خستەسەر قەمچی و گوللەبارانی ئەم حکومەتانە، کە بێبەزەیی و دڕندانە بەرامبەر کارگەرانی یاخیبووی ئەڵمانیا خستبوویانەکار.
جگەلەوەی سۆسیالیزمی"راستەقینە"بەمجۆرە بەدەست حکومەتەکانەوە بووە چەکێك دژی بۆرژوای ئەڵمانیا، وێرای ئەوەش راستەوخۆ نوێنەری مەسلەحەتی کۆنەپەرەستی بوو، نوێنەری مەسلەحەتی وردەبۆرژوای ئەڵمانیابوو، ئەم وردەبۆرژوایە، کەلەپاش چەرخی شازدەیەم لە ئەڵمانیادا بەجێما، هەرلەوکاتەوە بێبڕانەوە بە زۆر شێوە سەرهەڵئەداتەوە و بناغەی کۆمەلایەتی راستەقینەی رژێمی ئێستای ئەڵمانیای لێپێکهاتووە. پاراستنی ئەو بۆرژوایە، مانای پاراستنی رژێمی ئێستای ئەڵمانیایە. ئاشکریە کە دەسەلاتی پیشەسازی و سیاسی بۆرژوا هەڕەشەی روخاندنی مسۆگەر لەم وردەبۆرژوایە دەکات، ئەمەش لەلایەکەوە لە ئەنجامی گردەوەبوونی سەرمایەداو، لەلایەکیترەوە بەهۆی پێگەیشتنی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕە. لەبەر ئەمە وردەبۆرژوا وایزانی سۆسیالیزمی"راستەقینە" دەتوانێ بەتیرێك دوو نیشان بپێکێت و، هەروەك دەردوبەلا تەشەنەیسەند.
سۆسیالیستەکانی ئەڵمان لە تیئۆرییە شرۆڵەکانی خۆیان کراسێکی پان و پۆڕیان دادرو، بەگوڵی وردی بەلاغەتیان ڕازاوەو بە ئاورنگی هەست و سۆزی ناسك و گەرمیان پاراو بوو، بە بالای رەق و تەقی"راستییەکانی هەمیشەییاندا" پۆشییان، ئەمەش زۆرتر رەواجی دایە کەلوپەلیان لەناو کۆمەڵێکی ئاوادا.
سۆسیالیزمی ئەڵمانیش بەشبەحاڵی خۆی بەرەبەرە زۆرتر فەرمانی خۆی تێگەیشت کە دەبێ نوێنەری زمانلوسی ئەم بۆژوایە بێ، وای راگەیاند کە نەتەوەی ئەڵمان نموونەی تایبەتیی هەموو نەتەوەکانە و، خوێڕییێکی ئەڵمانی ئینسانێکی بێوێنەیە. بە هەموو پیاوخراپی و کەموکۆڕییکی ئەم ئینسانە

نموونەیەوە مانایەکی شاراوە لکێنرا، مانایەکی بەرزو سۆسیالیست، کە رووی دەگۆڕێت و یەکەوڕاست ئاوەژوی دەکاتەوە. ئەم سۆسیالیزمە تا دوایی بەم رێبازەدا ملی ناو، رایگەیاند کە دژی رێبازی" وێرانکاری دڕندانەی" کۆمونیزمە و، بەگوێرەی بێلایەنی پیرۆزیی لە ژوور هەموو خەباتێکی چینایەتییەوە دەوەستێت. هەموو دانراوەکانی بەناو سۆسیالیزم یان کۆمونیزم کە بە ئەڵمانیادا دەهاتن و دەچوون، بەشێکی زۆر کەمیان نەبێت، سەر بەم وێژە گلاوو پەککەوتانەبوون.[1]

# 2-سۆسیالیزمی کۆنسێرواتۆر یان بۆرژوا

بەشێکی بۆرژوا دەیەوێت دەردوبەلای کۆمەلایەتی تیماربکات تا مانەوەی کۆمەڵی بۆرژوا مسۆگەربێت, ئەمانەی وا ناویان دەبەین لەم بەشەن: ئابووریزانەکان، پیاوە خێرەومەندەکان، ئینساندۆستەکان، ئەوانەی هەوڵی باشبوونی وەزعی چینی کارگەران ئەدەن و خەریکی رێکخستنی کاری خێرن، ئەندامانی کۆمەڵەی پاراستنی زیندەوەران، دامەزرێنەری کۆمەڵەی بەزەیی پیاهاتنەوەو یاریدەران و، هەموو ئەو رێپیشاندەرانەی بیروباوەڕی رێپیشاندەرییان لەهەوای ژوورەکانیانەوە وەردەگرن.

ئەمانە سۆسیالیزمی بۆرژوایان لە شێوەی چەند یاسایەکی تەواودا داڕشتووە.

وەك نموونەش لەسەر ئەم سۆسیالیزمە"فەلسەفەی کلۆڵی" پرۆدۆن ناودەبەن.

بۆرژوا سۆسیالیستەکان شەرایتی ژیانی کۆمەڵی تازەیان دەوێت، بەلام بەمەرجێك دووربن لەو خەبات و مەترسییانەی بەجۆرێکی پێویست لەو شەرایتانەوە پەیدادەبن. ئەوان دەیانەوێت کۆمەڵی ئێستا بمێنێتەوە، بەلام لەهەموو ئەو

---

[1]/ گێژەڵوکەی شۆڕشگێڕی لە ساڵی1848دا تەواوی ئەم قوتابخانە ناهەموارەی رامالی و رێگەی لایەنگرانی بڕییەوە کە دەیانویست لەسەر بەکارهێنانی ناوی سۆسیالیزم بڕۆن. ئاغای:کارڵ گرۆن" نوێنەری بنەڕەتی و نمونەی کلاسیکیی ئەم قوتابخانەیە بوو.(سەرنجی ئەنگلس لە چاپی ئەڵمانی ساڵی1890دا*)

ڕەگەزانە پاكژبێت كە بەجۆرێكی شۆڕشگێڕی دەیگۆڕن و لێكی هەڵدەوەشێننەوە. ئەوان بۆرژوایان بەبێ پرۆلیتاریا دەوێت، بێگومان بۆرژوا ئەم جیهانەی خۆی تێیدا دەسەڵاتدارە، بەباشترین جیهانێك دەزانێ و، سۆسیالیزمی بۆرژوا ئەم تێبینییە داخدارە ڕێكدەخات و لەناو كۆمەڵێك ڕێ و شوێن و یاسای جۆربەجۆردا دایدەڕێژێت كەتا ئەم یان ئەو ڕادەیە تەواون. ئەوكاتە لەپرۆلیتارەكان داوا ئەكات یاساكانی بەجێبێنن وە بە ڕێ وشوێنی دا بڕۆن تا بچنە ناو بەهەشتەوە، لە ڕاستیدا داوای هیچیان لێ ناكات ئەوە نەبێت لەناو قەوارەی كۆمەڵی ئێستادا بمێننەوەو پێی قایلبن. بەڵام لەگەل ئەوەشدا دەبێ لەتەماشاكردنی ئەم كۆمەڵە بەچاوی دوژمنایەتییەوە دەستهەڵگرن.

جۆرێكیتری ئەم سۆسیالیزمە هەیە، كەمتر ڕێكوپێكەو بەڵام زۆرتر بەكردەوەیە، هەوڵدەدات هەموو جوڵانەوەیەكی شۆڕشگێڕی لەبەرچاوی كارگەران بخات، بۆ ئەو مەبەستە ویستی وایان پێبسەلمێنێت كەهیچ كودەتا و ئاڵوگۆڕێكی سیاسی بۆ ئەوان كەڵكی نییەو، تەنیا ئاڵوگۆڕی شەرایتی مادی ژیان، یانی ئاڵوگۆڕی پەیوەندییەكانی ئابوورییە كە بەكەڵكیان دێت.

لێرەدا دەبێ سەرنجی ئەوە بدرێت كە ئەم سۆسیالیزمە، لە ئاڵوگۆڕی شەرایتی ماددی ژیان بەهیچ جۆرێك مەبەستی تێكدانی پەیوەندییە بۆرژوازییەكانی بەرهەمهێنان نییە، كە لە ڕێگەی شۆڕشەوە نەبێت پێك نایەت، بەڵكو مەبەستی تەنیا باشبوونی بەڕێوەبەرایەتییە لەسەر بناغەی پەیوەندییە بۆرژوازییەكانی بەرهەمهێنان، ئەم باشبوونەش نە كەم و نەزۆر خۆی نادات لە پەیوەندییەكانی بەرهەمهێنانی نێوان سەرمایەو كاری كرێگرتە، بەڵكو هەموو كارێكی ئەوەیە مەسرەفی حكومەتی بۆرژوا كەمدەكاتەوەو بەڕێوەبردنی بوجەی بۆ ئاسان دەكات.

سۆسیالیزمی بۆرژوا كاتێك دەگاتە مەبەستی خۆی، لەمەر دەربڕینی ئامانجەكانی و دۆزینەوەی ڕوخساری مناسبی كە دەبێتە شێوەیەكی ئاسانی بەلاغت.

ئاڵوگۆڕی ئازاد! بۆ بەرژەوەندی چینی کارگەران! سەندنی باجی گومرگ! بۆ بەرژەوەندیی چینی کارگەران! زیندانی تەنیایی! بۆ بەرژەوەندی چینی کارگەران!

ئەمانەن دوا وتەو تاقە وتەیەکی راستی و بێگەمەی سۆسیالیزمی بۆرژوا.

سۆسیالیزمی بۆرژوا، لەوەدا بەتەواوی دەرئەکەوێت کە دەڵێت گوایە: بۆرژواکان بۆرژوان بۆ بەرژەوەندیی چینی کارگەران...!

## 3- سۆسیالیزم و کۆمونیزمی رەخنەگری خەیاڵاوی

لێرەدا باسمان لەو وشەیە نییە کەلە هەموو شۆڕشە تازەو مەزنەکاندا داخوازییەکانی پرۆلیتاریای دەربڕی(وەك لە نووسینەکانی بابۆڤ و ئەوانیتر).

پرۆلیتاریا لەسەرەتادا، هەموو کۆششێکی راستەوخۆی لە پێناوی هێنانەدی بەرژەوەندی چینایەتی تایبەتی خۆیدا، ، لەوکاتەدا کە شۆڕش و راپەرین هەموو لایەکی داگرتبوو، لە پلەی روخاندنی کۆمەڵی دەرەبەگیدا، کەژێرکەوتنیان لە چارە نووسرا، چونکە ئەوکاتە پرۆلیتاریا برەوی نەسەندبوو، مەرج و شەرایتی ماددی پێویست بۆ رزگاربوونی لەکاردا نەبوون، ئەو مەرجانەی کە لە سەردەمی بۆرژوادا نەبێت، پەیدانابن. ئاشکرایە کە وێژەی شۆڕشگێڕی سەردەمی ئەم جوڵانەوانەی پرۆلیتاریا هەر ئەبوو ناواخنی کۆنەپەرەستی بێت لە کاتێکدا کە داوای پەرستنێکی زاهیدانەی گشتیی و یەکسانیی نالەبار دەکات.

ئەم یاسایانەی سۆسیالیزم و کۆمونیزم کە لەلایەن سانسیمۆن و فۆریە و ئۆوین و ئەوانیترەوە هێنران، لەپلەی سەرەتایی برەونەسەندوی خەباتی نێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوادا دەرکەوتن، لەمەوبەر باسی ئەم پلەیەمانکرد( بڕوانە بەشی بۆرژوا و پرۆلیتاریا).

راستە داهینەرانی ئەم یاسایانەی ناکۆکی و بەربەرەکانی نێوان چینەکان و هەروەها کاری رەگەزەکانی هەڵوەشێنەر لەناو کۆمەڵی ئێستادا هەستپێدەکەن،

بەڵام هیچ دەستپێشخەرییەکی مێژویی و هیچ جوڵانەوەیەکی سیاسی تایبەتی پرۆلیتاریا رەچاو ناکەن.

لەبەر ئەوەی پەرەسەندنی ناکۆکی چینایەتی شانبەشانی پێگەیشتنی پیشەسازی ئەڕوات بەڕێوە، ئەوان هەروەها هێشتا پێگەیشتنی شەرایتی ماددی پێویست بۆ رزگاربوونی پرۆلیتاریا بەدی ناکەن. لارییان لەگەڕانە بەدوای زانستێکی کۆمەڵایەتی و، قانونەکانی کۆمەڵایەتیدا، لە پێناوی پەیداکردنی ئەم شەرایتانەدا. دەیانبینیت لەبریتی گورج وگۆڵی کۆمەڵایەتی، گورج و گۆڵی داهێنەرانەیان دێننە مەیدانەوە...لەجێگای مەرجەکانی مێژویی بۆ رزگارکربوون هەندێ مەرجی خەیاڵاوی دادەنێن، لە بریتی رێکخستنی بەرەبەرەی پرۆلیتاریا لە چینێکدا رێکخراوێکی کۆمەڵایەتی دادەنێن کە سەرتاپای داهێنراوی خۆیانە. لەوبڕوایەدان لە رێگەی پرۆپاگەندەوە بۆ بەرنامە و پڕۆژەکانیان سەبارەت بە کۆمەڵ و، بەهۆی پەیرەوکردنیانەوە دوارۆژی جیهان بڕیاردەدرێت.

بەڵام کاتێك کە ئەم بەرنامەو پڕۆژانەیان دادەنێن هەست بەوە دەکەن کە پێش هەموو شتێك بەرژەوەندەکانی چینی کارگەران بایەخ پێدەدەن چونکە لەهەموو چینەکانیتر زۆرتر بەئازارەو لە مەینەتدا دەژی. پرۆلیتاریا لای ئەوان هیچ نییە لەوە بەولاوە کەلە هەموو چینەکان بە ئازاری و مەینەتترە.

شێوەی سەرەتایی خەباتی چینەکان و هەروەها باری کۆمەڵایەتی تایبەتییان، وایان لێدەکات خۆیان بخەنە ژوور هەموو ناکۆکییەکی چینایەتییەوە، حەزدەکەن باری ژیانی هەموو ئەندامانی کۆمەڵ باشبکەن، بەوانەشیانەوە کە لەهەموان باشترن و لە هەموان زیاتر خاوەن ئیمتیازن و لەخۆشیدا دەژین، لەبەر ئەوە بانگەوازیان ئاراستەی تەواوی کۆمەڵ دەکەن بێ جیاوازی و، زۆرجار روودەکەنە چینی فەرمانڕەوای خاوەن دەسەڵات. چونکە بە بڕوای ئەوان هێندە بەسە پیاو رووی راستی پڕۆژەو یاساکەیان تێبگات تا دان بەوەدا بنێت کە باشترین پرۆژەیەکە بۆ رێکخستنی باشترین کۆمەڵ.

ئەوان هەموو کارێکی سیاسی دەدەنە دواوە بەتایبەتی هەموو کارێکی شۆڕشگێڕی ئینکاردەکەن و هەوڵدەدەن بە ڕێگای ئاشتی بگەنە ئامانج. کۆششی ئەوەدەکەن بەزەبری میسال و لە ڕێگەی هەندێ تاقیکردنەوەی کەم و کۆڕەوە کە بێگومان هەمیشە ژێرکەوتنیان لە چارە نووسراوە، ڕێگا بۆ ئینجیلی تازەی کۆمەڵایەتییان دابڕبکەن.

بێگومان تێڕوانینی کۆمەڵی ئایندە بە جۆرێکی خەیاڵاوی، لەسەردەمێکدا کە پرۆلیتاریای لاوازپەرەسەندو بە جۆرێکی خەیاڵاوی دەڕوانێتە باری تایبەتی خۆی، تێڕوانینێکە لە حەزو ئارەزوی سروشتی و سەرەتایی کارگەرانەوە سەبارەت بە گۆڕینی کۆمەڵ...هەروەها ئەم نووسینە سۆسیالیست و کۆمونیستانە رەگەزی رەخنەگیریشیان تێدایە...ئەمانە لە بناغەو رێ وشوێنەوە بۆ سەر کۆمەڵی ئێستا هێرشدەبەن، لەبەر ئەوە کاتی خۆی کەرەستەی زۆر بایەخداریان پێشکەشکرد بۆ روونکردنەوەی بیری کارگەران و تێگەیاندنیان. ئەو کاروبارانەی لەلایەن ئەمانەوە لەمەڕ شێوەی کۆمەڵی ئایندە پێشکەشکران. وەك لەناوبردنی ناکۆکی نێوان شارو لادێ و لەناوبردنی خێزان و قازانجی تایبەتی و کاری کرێگرتەو راگەیاندنی رێکەوتن و رێکوپێکی کۆمەڵایەتی و وەرگێڕانی دەوڵەت و کردنی بە دەزگایەکی بەرێوەبەرایەتی سادە بۆ بەڕێوەبردنی بەرهەم.، هەموو ئەم کارو بارانەی پێشنیارکراون تەنها کاریان هێندەیە پێویستی لەناوچوونی ناکۆکی نێوان چینەکان دەردەبڕن، ئەو ناکۆکییەی ئەوکاتە لەسەرەتای دەرکەوتندابوون...دانەرانی ئەم یاسانە لە شێوەکانی سەرەتایی و نادیار و ئاڵۆزوپەشێوی بەولاوە هیچیتریان لێنەدەزانی. لەبەر ئەوە ئەم پێشنیارانە مانایەکی خەیاڵاوی رووت و قووت نەبێ چ مانایەکیتریان نییە...

بایەخداریی سۆسیالیزم و کۆمونیزمی رەخنەگیری خەیاڵاوی بەجۆرێکی پێچەوانە لەگەل پەرەسەندنی مێژوییدا دەگونجێت...هەرکاتێك خەباتی نێوچینەکان تیژبێت و شێوەیەکی روون و ئاشکرای بێت، ئەم حەزکردنە خەیاڵاوییە بۆ زاڵبوون

بەسەریداو، ئەم ڕێبازە خەیاڵاوییە بۆ بەربەرەکانی کردنی هەموو مانایەکی بەکردەوەو گشت بیانوویەکی تیئۆرییان لەدەستدەچێت.
جا لەبەر ئەمە هەرچەندە دانەرانی ئەم یاسانە لە زۆر رووە شۆڕشگێڕن، قوتابییەکانیان هەمیشە کۆڕی تەنگەبەرو داخراوو کۆنەپەرست پێکدێنن- ئەوانە چەند بۆیان بکرێت خۆیان بە بیروباوەڕی کۆنی مامۆستاکانیانەوە ئەلکێنن، بێئەوەی گوێیدەنە پەرەگرتنی مێژویی پرۆلیتاریا لەبەر ئەمە هەوڵدەدەن خەباتی چینایەتی کز بکەن و ناکۆکییەکان یەکخەن، لەو هەوڵدانەشدا لە راستی خۆیاندا خاوەنی مەنتقن- ئەوان هەمیشە خەوی ئەوە دەبینن لەرێگەی تاقیکردنەوەوە کاروباری خەیاڵاوی کۆمەڵایەتییان جێبەجێ بکەن- ئەمەش بەهۆی پێکهێنانی(ڤالانستێر)ی[1] کەلا کەوتوو، یان بەهۆی دروستکردنی(مستعمرات لەناوەوە)-کۆڵۆنیی ناوخۆ[2] یان بەدامەزراندنی (ئیکاریە)ی[3] بچوك کە وەك چاپی گیرفانی لەمەڕ"بەهەشتی نوێ" و لە پێناوی دامەزراندنی هەموو ئەم کۆشکە هەوایی و خەیاڵاوییانەدا کە بە خەو ئەیبینن، ناچارن بۆ بەر دڵ و گیرفانی بۆرژوا"خێرەومەندەکان" پەنابەرن. بەم کارەش

---

[1]/ ڤالانستێر: ناوێکە فۆریە بەسەر ئەو کۆمەڵە سۆسیالیستانەیدا دابڕی کە بەخەیاڵیدا دەهاتن...

[2]/ Home Colonies: مستعمراتی ناوخۆی وڵات: ئۆوین ئەم ناوەی لە کۆمەڵە نموونەییە کۆمونیستەکانی خۆی نابوو، ڤالانستێر ناوی ئەو کۆشکە کۆمەڵایەتییانەیە کە بە خەیاڵی(فۆریە)دا هاتتبوون. ئیکاریە ناوی وڵاتێکی خەیاڵییە کابێ لە دامەزراوە کۆمونیستەکانی خۆی نابوو(سەرنجی ئەنگلس لە چاپی ئەڵمانی ساڵی1890دا)

[3]/ ئیکاریە: ناوێکە کابێ لەوڵاتێکی نا کە بە خەیاڵیدا هاتبوو، ئینجا بوو بە ناوی مستەعمەریەکی کۆمونیست کە لە ئەمریکا دروستی کرد.(سەرنجی ئەنگلس لە چاپی ئەڵمانی ساڵی1888دا)

بەرەبەرە دەکەونە ریزی سۆسیالیستە کۆنە پەرستەکان یان ئەو کۆنسێرواتۆرانەوە کەلەمەوبەر باسیان کراو، بەهیچ جۆرێك لەوانە جیا ناکرێنەوە بەوە نەبێت کە ئەمان لافلێدانی زانستیان زۆر لەوان رێکوپێکترەو ئەوەندە بەکاری مەزن و بێهاوتای زانستیی کۆمەڵایەتییان خاوەن بڕوان بەجۆرێك بڕوایان دەگاتە رادەی پڕوپوچ و دەمارتوندیی کوێرانە.

ئەوان زۆر بەتوندی هەموو جوڵانەوەیەکی چینی کارگەران بەرەنگاری دەکەن، چونکە بەبڕوای ئەوان جوڵانەوەی سیاسی لەم چەشنە، لەکفرکردنێکی کوێرانەوە بە ئینجیلی تازە نەبێ نایەنەکایەوە. ئۆوینەکانی ئینگلتەرا بەرەنگاری شارتییەکان دەکەن و فۆرێرەکانی فەرنسا بەرەنگاریی ریفۆرمیستەکان.[1]

# هەڵویستی کۆمونیستەکان

# لەڕاستی ئەو حزبە جۆربەجۆرانەی بەرنگار وەستاون

هەروەك چۆن لەبەشی دووەمدا وتمان، هەڵویستی کۆمونیستەکان لە راستی حزبەکانی پێشووی کارگەراندا هەر لەخۆیەوە روونەدبێتەوە. بەمجۆرە هەڵویستیان لە راستی شارتییەکانی ئینگلتەراو، موسڵیحە کشتوکاڵییەکانی ئەمریکای باکور ئاشکرایە.

کۆمونیستەکان لە پێناوی بەرژەوەندی و ئامانجی راستەزخۆی چینی کارگەراندا خەباتئەکەن. بەڵام لە جوڵانەوەی ئێستادا هەر لەوکاتەشدا لەدوارۆژی جوڵانەوەکە پارێزگاری دەکەن. لە فەرنسا کۆمونیستەکان لەگەل پارتی

---

[1]/ ریفۆرمیستەکان یان ئیسلاحییەکان: مەبەست لە لایەنگرانی رۆژنامەی (لاریێفۆرم)ە کە ساڵی1843-1850لە پاریس چاپدەکرا...

دیموکراسی سۆسیالیست[1] هاوپەیمانی ئەکەن رووبەرووی بۆرژوای کۆنسێرواتۆرو رادیکاڵ، مافی خۆشیان پاراستووە بۆ رەخنەگرتن لەوعیبارەتە وەهمییەتانەی لەنەریتی شۆڕشگێڕییەوە بەجێماون.

لە سویسراش لایەنگیری رادیکاڵەکان دەکەن بێئەوەی حاشا لەوە بکەن کە ئەم پارتییە لەکەسانی ناکۆك پێکهاتووە، بەشێکیان دیموکرات سۆسیالیستن بەمانای فەرەنسایی وشەکە، بەشەکەیتریش بۆرژوازی رادیکاڵە. لە پۆڵۆنیاش کۆمونیستەکان ئەو پارتییە لایەنگیری دەکەن کە شۆڕشی کشتوکاڵی بەمەرجی رزگاری نیشتمانی دادەنێت، واتە ئەو پارتییەی کەساڵی1846را پەڕینەکەی کراکۆڤیای رێکخست.

لەئەڵمانیا پارتی کۆمونیست بەهاوکاری لەگەل بۆرژوا دا خەباتدەکات چونکە ئەم بۆرژوایە لەدژی رژێمی پاشایەتی زۆردار لە دژی موڵکایەتی دەرەبەگیی عقاری و لەدژی وردەبۆرژوازی کۆنەپەرست چۆتە کۆڕی خەباتی شۆڕشگێڕییەوە، بەڵام چاوتروگاندنێك غافل نابێ لە وریاکردنەوەی هەست و شعوری روون و ئاشکرای کارگەران دەربارەی ناکۆکی تیژی نێوان بۆرژواو پرۆلیتاریا، لەو پێناوەدا کە کارگەرانی ئەڵمانیا بتوانن دەستبەجێ لەو باری کۆمەلایەتی و سیاسییە کە لەگەل دەسەلاتی بۆرژوادا دێتەکایەوە کەڵك وەربگرن و، بۆبەکارهێنانی وەك چەکێك دژی بۆرژوا خۆی، تا بتوانرێت دوای کەوتنی چینی کۆنەپەرستەکانی ئەڵمانیا بەرامبەر بۆرژوا خەباتبکرێت.

کۆمونیستەکان بەتایبەتی بایەخ ئەدەنە ئەڵمانیا چونکە وا لەپێش قاپیی شۆڕشێکی بۆرژوادا لە شەرایەتێکدا ئەم شۆڕشە بەرپادەکات کە شارستانیی

[1]/ پارتی دیموکرات سۆسیالیست لە فەرنسا/ لە پەرلەماندا(ژیدرو رۆلام)...لە وێژەدا(لویس بلانك) و لە رۆژنامەی La Reforme نوێنەری ئەم پارتییە بوون. ناوی دیموکراسی سۆسیالیست)یان لەوبەشەی پارتی دیموکراسی یان جەمهوری نا کەتا ئەم یان ئەو رادەیە رەنگێکی سۆسیالیستی هەبوو.(سەرنجی ئەنگلس لەچاپی ئینگلیزی ساڵی1888).

ئەورووپایی تێدا زۆر پێشکەوتووتر و مەزنترە، پرۆلیتاریاش زیاتر لە پرۆلیتاریای چەرخی حەڤدەهەمی ئینگلتەراو لە پرۆلیتاریای چەرخی هەژدەیەمی فەرنسا لە پێشترو پێشکەوتوترە...دواجار شۆڕشی بۆرژوای ئەڵمانیا دەبێتە سەرەتاو پێشەکی راستەوخۆی شۆڕشێکی پرۆلیتاریا.

بەکورتی کۆمونیستەکان لەهەموو وڵاتێکدا لایەنگیری هەموو جوڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕی دەکەن کە لەدژی رژێمی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەوکاتەبن.

لەهەموو ئەو جوڵانەوانەدا مەسەلەی موڵکایەتی دەخەنە پێشەوەو بەمەسەلەیەکی بنەڕەتی دادەنێن لە جوڵانەوەدا بێئەوەی گوێیدەنە ئاستی پەرەگرتنی ئەم مەسەلەیە.

دواجار کۆمونیستەکان بۆ یەکێتی و لێکتێگەیشتنی نێوان پارتییە دیموکراسییەکانی هەموو وڵاتەکان هەوڵدەدەن. کۆمونیستەکان بیروڕاو نیازی خۆیان ناشارنەوە، بەئاشکرا بڵاویاندەکەنەوە کە بەزەبری لێدانی رژێمی کۆمەڵایەتی نەبێ ئامانجەکانیان نایەتەدی، جا با چینەکانی فەرمانڕەوا لەبەردەم شۆڕشی کۆمونیستیدا لەرزیان لێبێت...پرۆلیتاریا لەکۆت وپێوەندی بەولاوە هیچی نییە لە شۆڕشدا لە کیسی بچێت، لەئەنجامی شۆڕشدا تەواوی جیهانێك قازانج دەکات...

# کرێکارانی جیهان یەکگرن!

تایپکردن، مۆنتاژو بڵاوکردنەوە لەسەر تۆری ئینترنێت:

سەلام عەبدوڵڵا ئیبراهیم